حەمەسەعید حەسەن

# زەردەخەنەی هەنسک

* حەمەسەعید حەسەن
* زەردەخەنەی هەنسک
* چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم 2000
* بنکەی خەرمانە
* وەشانی ئینتەرنێت: کۆمەڵەی کۆچەر www.dengekurd.com

ISBN 91-972097-9-1

## ناواخن

دەڵێی دەست بۆ پشکۆ دەبەم ........ ٥
لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق ........ ٢٣
ئەبوبەکر عەلی ........ ٣٧
دۆی دادە ڕوونـە ........ ٤٨
بە دەم چاوەڕوانیی نیشتنەوەی شاعیرێکی بەرزەفڕەوە ........ ٦٦
شیعر و شۆخی ........ ٨١
کە ڕۆحم چڵکن دەبێ، لە زێی ئەویندا دەیشۆم ........ ٨٦
دووکەڵێکی بێ ئاگر ........ ٨٨
نامەیەکی بە جوێن نووسراو ........ ٩٠
زمان ژنە و نووسینیش ئەوین ........ ٩٢
نووسین بە چەقۆ ........ ٩٤
لە دارتەرمەوە بۆ دۆزەخ ........ ٩٦
گوللە و یاسا ........ ٩٩
جنێوی ئینگلیزی ........ ١٠١
ئاگرێکی بێ دووکەڵ ........ ١٠٣
کوردییەکی پۆخڵ ........ ١٠٥
شایەرێکی قەڵەمکێش ........ ١٠٧

## دەڵێی دەست بۆ پشکۆ دەبەم

دووی ڕێبەندانی ١٩٦٦ کە بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری مەهاباد دا تێدەپەڕێت، لە کفری کیژێک لە دایک دەبێ و ناوی دەنێن: مەهاباد. ١٩٨٠ بۆ یەکەمین جار ڕۆژنامەی هاوکاری ‹شیعر›ێک بۆ مەهاباد قەرەداغی بڵاودەکاتەوە. هەمان ساڵ براکەی دەگیرێت و کە دێن بۆ پشکنینی ماڵیان ئەمیش بە تاوانی نووسینی بیرەوەریی قاچاخ و شیعری شۆڕشگێڕانە دەگرن و ساڵێ زیندانی دەبێ. ١٩٨١ دەچێتە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. ١٩٨٧ بەشی ژمێریاریی لە پەیمانگای کەرکووک تەواودەکا، بەڵام ئاسایش ڕێ نادات کاری بدرێتێ. ١٩٩٢ لە هەولێر یەکەمین کۆمەڵە شیعری ‹نەخشەی دواڕۆژی کرێکار› بڵاودەکاتەوە. ١٩٩٣ بوخچەی غەریبیی لە سوێد دەکاتەوە.

**ئەدەبی ژنانە**

وەک چۆن دەق نهێنییەکانی نووسەرەکەی دەدرکێنێ، هەروا وەڵامی ئەو پرسیارەیش دەداتەوە، نووسەری دەق نێرە یان مێ؟ کەسایەتیی هەموو نووسەرێ بە هۆی بەرهەمەکانییەوە دەناسرێتەوە: ‹سەیفی دەولە ماسکە، موتەننەبی باسی خۆی دەکا، ئەوە نیچە خۆیەتی دەپەیڤێ نەک زەرادەشت، پێغەمبەر لە گۆڕێدا نییە جوبران خەلیل جوبران خۆی پێغەمبەرەکەیە،›(١) نەورۆز ی قارەمانی چیرۆکی کۆچ یش مەهاباد خۆیەتی. ‹شاعیر نەک هەر لەو وشانەدایە کە دەیان نووسێ بەڵکو لەو شوێنانەی لاپەڕەکانیشدایە کە بە سپێتی ماونەتەوە.›(٢)

ڤیرگینیا وۆڵف دەڵێ: ‹نووسینی هەر ژنێک هەمیشە ژنانەیە، ناتوانێ ژنانە نەبێ، بەڵام مەبەست لە ژنانە چییە؟ وەڵامی ئەم پرسە گەلێ دژوارە.› لای شۆشانا فێڵمان فێمینیست ئەو کەسە نییە کە دژی پیاو دەپەیڤێ، ئەوەیە کە بە زمانێک دەدوێ جیا لەو گوتارەی گوزارشت لە ڕوانگەی پیاو دەکا.(٣)

گوارە و ملوانکەم بۆ چییە
با لە ئەستێرەش جوانتر بن،
هەمووی ئەکەم بە قوربانی
ئەو چرپەیەی خۆی هەڵواسی بە گوێچکەما. (٤)

(نەجیبە ئەحمەد)

لە من زیاتر ئەم تفەنگە باوەش دەگری
نە دەتوانێ ماچت بکا، نە منداڵێ بخاتەوە. (٥)

(دڵسۆز حەمە)

که له خەو ڕابووم دەموچاوم ناشۆم
تا ئاونگی ماچەکانت
لەسەر گۆنام گوڵ و
لەسەر لێوم خونچە و
لەسەر چاوم دوو ئەستێرە بگرن. (٦)
(شیرین . ک)

مەهاباد قەرەداغیش دەڵێ:
ئاسمان دەسماڵە شینەکەی کۆڵی منە
کوردستانم وەکوو جلی بووکێنی خۆم تیا داناوە و
هەوار هەوار لەگەڵ خۆمدا دەیگەڕێنم.
یان:
دارستان .. کام لقت دەکەیتە قردێلە بۆ ڕۆحم؟(٧)
یان :
هاوڕێ زامت لە من کەوێ، منی سەرتاپا بریندار،
هاوڕێ ژانت لە من کەوێ، منی لێواولێو لە ئازار.(٨)

ڕەخنەگری فێمینیست ئەو لایەنانە دەبینێ کە ژنانەن و هیچ ڕێبازێکی ڕەخنەیی دیکە گرنگیی پێ نەداون، لە ڕوانگەی ژنەوە دەڕوانێتە دەقەکە و پێی وایە وەک چۆن نووسینی ژنانە هەیە، هەروا خوێندنەوەی ژنانەیش هەیە. ڕەخنەگرە فرۆیدی و لاکانییەکانیش وای بۆ دەچن، ژن تێڕوانین و زمانی جیاواز و تایبەتیی هەیە.(٩) ژن هەیە پیاوانە دێتە گۆ، وەک ژن قسە ناکا لە بری ژنی بێدەنگ دەپەیڤێ. یان زۆر ژن هێشتا کە دەنووسن، هاوزەمان بە دوو زمان دەپەیڤن، زمانێک کە تایبەتە بە خۆیان و یەکێکی دی کە زمانی زاڵی پیاوانە. زمانی نووسینی ژن هێشتا زمانێکی دیلە، ئەو ژنەی بە زمانێکی ئازاد نانووسێ، با باسی جیاوازیی زمانی ژن و پیاو نەکا. زۆر ژنی نووسەر مێبوونیان بە کۆسپ و لایەنی لاوازی خۆیان دەزانن. مەهاباد بە تەوسێکی پڕ حەسرەتەوە دەڵێ:
تاوانی بەفر سپێتی و
هی گیا سەوزێتی و
هی من کچێتییە. (١٠)

ژنە شاعیری سوێدی ئێدیت سوێدەرگران (١٨٩٢ ـ ١٩٢٣) دەڵێ: <من ژن نیم ، نە مێم نە نێر، نە ماسیم نە تۆڕ، نە گڕم نە ئاو.> ئایا شاعیر دەتوانێ بە زمانێکی هاوبەش بنووسێ، زمانێ نە مێیانە بێ، نە نێرانە؟

لای کارۆلین بۆرک لە تیۆری فێمینیزمدا زمان دەکەوێتە سەنتەرەوە، چونکە ژن لە کاتی پەیڤین و نووسیندا خۆی دەخولقێنێ و ناچار دەبێ بە زمانێ بێتە گۆ کە لە

زمانێکی نامۆ دەچێ و تەنانەت خۆیشی پێی ئاشنا نییە. گرفت ئەوە نییە کە زمان بەشی دەربڕینی خولیاکانی ژن ناکا، ئەوەیە کە مێ بواری نەدراوە سوود لە توانای زمان وەربگرێت و ناچار کراوە بێدەنگ بێ. لە بەراوردێکدا لە نێوان خۆی و جیمس جۆیس دا، ڤەرجینیا وۆلف دەڵێ: کە ژن هەستی خۆی دەردەبڕێ، پیاو دەحەپەسێ. (١١)

ڕاهیبە بووم
کاهینە درۆزنەکان دەستیان بۆ درێژ دەکردم. ‹ئەو شیعرانەی سەرچاوەکانیان دەست نیشان نەکراون لە {هاژەی ڕۆح} ی مەهاباد قەرەداغییەوە وەرگیراون.›

پیاو کە دەنووسێ بیرکردنەوەی باوکی بە سەریدا زاڵە و دایکی فەرامۆش دەکا، بەڵام ژن با لەژێر کاریگەرێتی دایکیشیدا بێ، باوکی هەر لە یادە.

ڕەنگە مەمکەکانم شاخ بن
پڕ بن لە بەردەقارەمان. (١٢)

ئاشکراترین جیاوازیی لە نێوان ژن و پیاودا، جیاوازیی نێوان لەشی مێ و نێرە. هەر ئەم جیاوازییەیشە وەک هەوێنی دەسەڵاتداریی پیاو و بێدەسەڵاتیی ژن بەگەڕ خراوە، بەڵام جیاوازیی نێوان ئەدەبی پیاوانە و ئەدەبی ژنانە لە جیاوازیی بیۆلۆگی نێوان نێر و مێ وە سەرچاوە ناگرێ، جیاوازییەکە کریستیان ڕۆشەفۆرت گوتەنی ئەوەیە: ‹ئەدەبی ژنانە وڵاتێکە داگیرکراو، ئەدەبی پیاوانەیش وڵاتێکە داگیرکەر.› ئەدەبی پیاوانە: باخێکە لەناو شاردا، ئەدەبی ژنانە: زوونێکە لەو کێوانە و تەنیا ژنان خۆیان بەو زوونە ئاشنان، هەر بۆیە بە چاو پۆشین لە کات و شوێن ، ئەزموونێکی هاوبەش ژنانی نووسەر پێکەوە دەبەستێتەوە.(١٣)

وەرە  یارە ئاگرینەکەم
پێش ئەوەی بکوژێیتەوە ماچێکی ئاویت بکەم
پێش ئەوەی ببم بە هەڵم تیشکە ماچێکم بکە.

ئەوانەی وای بۆ دەچن بەردی بناغەی گوتاری ژنانە، هێنانە قسەی جەستەیە، بە هەڵەدا دەچن، چونکە نووسین دەنگێکی خودابیە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێ و هاواری ڕۆحە نەک لەش.

لە کولتووری باوکسالاریدا ‹ژن چونکە کەم عەقڵە، ناتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی پیاو بداتەوە. پیاوی عاقڵ لە ڕستە بێ ماناکانی ژن تێناگا، بەڵام ژنان سەرەڕای کەم عەقڵیشیان لە یەکدی تێدەگەن.› (١٤) هەر لەو ڕوانگەیەوە هونەر لە: ‹خووی نێر›ەوە هاتووە و ژنبوون خەوشە و داهێنان تەنیا کاری پیاوە، چونکە قەڵەمەکەیشی وەک ئەندامی نێرینەی خاوەنی هێزی خوڵقاندنە.

شیعرەکانم کە جگەر گۆشەی منن، دەربەدەرن
دڵی نالی چ ڕەقە، قەت خەمی فرزەندی نییە.

تۆ بڵـێی نالی لە هـەمـان ڕوانگەوە سـەرنجی داهێنانی دابێ؟ هـەر لەو دیدە پیاوانەیەوە، مێینەی نموونەیی: نەرم و نیان، لاواز، گوێڕایەڵ، زمانلووس، لە ڕووی سیاسییەوە پاسیڤ و کەسێکە هەمیشە پێویستی بە پیاوێکە بیپارێزێ. هەر ژنێکیش کەویی نەبێ، بێ ئاگایە لە دەوروبەر.(١٥)

وەک چۆن ناوبانگی زۆر شاعیری کورد بە شیعری سیاسییەوە بەندە، لەوانە: حاجی قادر، بێکەس، کامەران موکری و پەشێو، هەروایش گەلێ شاعیر و نووسەر بەوە بەناوبانگن کە لەبری ژن دەنووسن، داکۆکیی لێ دەکەن و بۆ یاخیبوون هانی دەدەن، وەک نزار قەبانی و شێرزاد حەسەن. بەڵام ئایا پیاو با شارەزایانەیش بە ناخی ئافرەتدا ڕۆ بچێت و لێزانانەیش خەم و خولیاکانی بەرجەستە بکات، دەتوانێ ببێتە زمانی حاڵی ژن؟ قارەمانی بەشێکی گرنگ لە شیعرەکانی نزار ژنە، هەندێ جار هێندەی ژن، ژنانە دەپەیڤێ.

بە پێی لێکدانەوەی فرۆید هەر گرووپێک سەرۆکێکیان هەبووە کە سێکسی بۆ خۆی حەڵاڵ و بۆ ئەندامانی گرووپەکەی حەرام کردووە، بۆیە ئەوانیش ڕقیان لێ هەڵگرتووە و لە پێناوی کوشتنیدا یەکیانگرتووە. تاوانی باوک کوشتن بەم جۆرە سەری هەڵداوە و هەر لەگەڵ کوشتنی باوکەکەیشدا گرووپەکە هەستیان بە تاوانباریی کردووە، پاشگەز بوونەتەوە و قینیان لە خۆیان بۆتەوە.(١٦) شێرزاد حەسەن لە <حەسار> دا ئەو لێکدانەوەیەی فرۆید بەرجەستە دەکا. لە <کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان>(١٧)یشدا لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ولیەم ڕایش دا شۆڕشێکی جنسی بەرپا دەکا، گەرچی تووشی نوشوستی دێت.

شـێـرزاد لەو دوو چیـرۆکـە و لە گـەلێ بەرهـەمی دیکەیدا، بوێرانە ئازار و ئارەزووەکانی ژن دەهێنێتە گۆ، بەڵام وەک چۆن دەقێکی عەرەبی با نووسەرەکەی کوردیش بێ و باس لە کوردستانیش بکا، هەر دەکەوێتە ژێر ڕەشماڵی ئەدەبی عەرەبییەوە، ئەو دەقانەی نزار و شێرزادیش دەربڕی گوتاری پیاوانەن نەک ژنانە.

**زمانی شیعریی**

خوێنەری شیعرەکانی فرۆیدینگ، نیلس فێرلین و دان ئەندەرسۆن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ئەو شاعیرە سوێدییانە دووچاری دژواریی نابێ، بەڵام گوننار ئێکەلوێف بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادا.(١٨) لە شیعری عەرەبیشدا نزار قەبانی ڕووی دەمی لە خەڵکێکی زۆرە، بەڵام تەنیا هەڵبژاردەیەکی کەم لە شیعرە سەخت و قووڵەکانی ئەدونیس تێدەگەن. بۆ ئەوەی خوێنەر لە شیعری ئەدونیس تێ بگات، دەبێ:

* شارەزای کەلەپووری عەرەبی بێ، هەر لە شیعر، پەخشان و ڕەخنەوە تا قورئان و گوتەکانی پێغەمبەر.
* ئاشنای مێژووی دنیا بێ، چ کۆن و چ نوێ.

* دەسەڵاتی بەسەر زمان، ڕێزمان و ڕەوانبێژیی عەرەبیدا بشکێ،(١٩) ئەگەر نا ‹هەندرێن، ئاسا ‹سارای نەجد›ی لێ دەبێ بە: ‹سەیارەی نەجدە›(٢٠) هەر بۆیە حەللاج دەڵێ: ‹ئەوی شارەزای نیشانەکانمان نەبێ، لە دەربڕینەکانمان تێ ناگا.›
مەهاباد دەڵێ:
من زەمینێکم دەویست
گوێ لە ڕازی پەلکەگیایەک بگرێت و
سکاڵای گەڵایەک بخوێنێتەوە.(٢١)
یان:
با زەوی بوەستێ و
وەک گالیسکەیەکی تەرم هەڵگرتوو ڕانەبووری.(٢٢)
یان:
دەگەڕێم و تابووتی خۆم لەسەر شانە.
لە شیعری باڵادا وشە، زاراوە، سیمبۆل و وێنە شیعرییەکان گوزارشت لە مانایەکی دیاریکراو ناکەن و ئاماژە بۆ گەلێ تێڕوانین و بۆچوونی مەعریفی و فەلسەفی دەکەن. ئاو دوور لە شیعر شلەیەکی بێ تام و ڕەنگ و بۆنە، بەلام لە دێڕە شیعرێکدا دەشێ چەندین لێکدانەوە هەڵبگرێ. لە شیعردا دەگونجێ مرواری: فرمێسک، بەرد: دڵ، مانگ: ڕوو، نێرگز: چاو بێ. ئەمەیش هێڵی جیاکەرەوەی نێوان زمانی شیعریی و ناشیعرییە. لە زمانی زانستدا وشە یەک مانای دیاریکراوی هەیە، لە شیعردا نیشانە ‹دال› چەندین مەبەستی‹مەدلوول› هەیە.(٢٣) نیشانە نەک هەر دەشێ لای دوو کەس دوو مەبەستی جیاوازی هەبێ، بەڵکو دەشێ لای هەمان کەس لە دوو کاتی جیاوازدا دوو مەبەستی جیاوازی هەبێ، بۆیە مەهاباد کاتێ لە پەراوێزدا مانای هەندێ سیمبۆل و وشەی لێکداوەتەوە ‹ل: ٦٣ و ٦٦ ی میدالیا و ل: ١٤١ و ١٤٦ ی پانۆراما› زیانی بە شیعرەکانی گەیاندووە، چونکە ڕەواندنەوەی تەمومژ لە دەوری کرۆکی شیعر، ساغکردنەوەی مەبەست و بە دەستەوە دانی مانا، لە لایەن خودی شاعیرەوە جگە لەوەی گوڵی گەشی شیعر لە سیسبوون و وەرین نزیک دەخەنەوە، سووک سەرنجدانی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەریش دەگرێتەوە.
مەهاباد دەڵێ:
قەڵا قایمەکانی متمانە هەرەسیان هێنا.
یان:
مانگ زمانی نەپڕا بوو،
ئەستێرە پێی نەگرتبوو.(٢٤)
یان:

فیشەکێک چەپکێک دڵ دەدا لە پەرچەمی تفەنگ.(٢٥)
مەجاز ‹خوازە› دەرگا لەسەر حەقیقەت دەکاتەوە، شاعیر حەقیقەت دەست نیشان ناکا، ئاماژەی بۆ دەکا، بۆیە ئەوە کاری شاعیر نییە سنووری نێوان مانای ڕاستەقینە و مانای مەجازیی وشەکان ببەزێنێ. شاعیر لە ڕێی پەنا بردنە بەر خوازەوە خۆی لە ڕاستەوخۆیی دەپارێزێ. لێکدانەوەی خوازەکان گەڕانەوەیە بۆ ڕاستەوخۆیی.
شیعری باڵا باسی فەلسەفە ناکا، بەڵکو خوێنەر ناچاری تێرامانی فەلسەفی دەکات و پرسیاری لە کن دەورووژێنێ. ئەدونیس یەکێکە لەو شاعیرانەی خوێنەر بۆ پرسیاری فەلسەفی کردن هان دەدا، ئەگەرچی شیعرەکانی خوێندنەوەیەکی فەلسەفییانەی جیهان نین.(٢٦) ئەو شاعیرەی مەبەستەکانی خۆی شی بکاتەوە، وەڵامی پرسیارەکانی خۆی دەداتەوە، ئەمەیش سووتاندنی باڵی پەپوولەی شیعرە.
جەلالەدینی ڕومی (١٢٠٧ ـ ١٢٧٣) لە شیعرە باڵاکانیدا داوامان لێ دەکا بە وردی و قووڵی سەرنجی ناخی خۆمان بدەین، بە دوای خودی خۆماندا بگەڕێین و هەوڵی ناسینی خۆمان بدەین. ڕۆبێرت فیلپس ی شاعیری هاوچەرخی ئەمریکایی دەڵێ:
‹ج. ڕومی ئەو شاعیرە نائاساییە هەر ئەو پرسیارانەی دەکرد کە ئێستا ئێمە دەیانکەین، بەرەو ڕووی ئەو گرفتانە دەبووەوە کە ئێستا بەرەو ڕووی ئێمە بوونەتەوە،› بۆیە حەوت سەد ساڵ بەسەر مەرگیدا تێپەڕیوە و شیعرەکانی هەر زیندوون.
مەهاباد دەڵێ:
هەموو ئێوارەیەک لە قووڵایی ئەستێرەیەکدا
خۆم حەشار دەدەم و دەگەم بە ڕۆحت.(٢٧)
یان:
گیان فراوانیی گەردوون هەڵدەمژێ.
یان:
لە بانیژەی شیعرێکمەوە تەماشای گەردوون دەکەم.(٢٨)
شیعری عیرفانی بە پەنا بردنە بەر هەندێ زاراوەی سۆفییانە نایەتە دی، تێڕوانینی سۆفییانە شیعری سۆفییانە بەرهەم دێنێ. ‹زمانی سۆفییانە زمانێکی شیعرییە، تێیدا هەموو شتێ لە سیمبۆل دەچێ. هەموو شتێ خودی خۆیەتی و شتێکی دیکەیشە، وەک نموونە دڵبەر: دەشێ گوڵ، شەراب یان خودا بێ›(٢٩)
ئەدونیس دەڵێ:
وڵاتی من ئەو هەورەیە
کە زادەی هەڵمی زەریاچەی هونراوەیە.
ئیف بۆنفوا دەڵێ:

وشەکانیش وەکوو ئاسمان
بێ سەرەتان، بێ کۆتایین
کەچی لە ناکاو هەموویان
لە ناو گۆمێکی بچووکدا گەش گەش دیارن.

ئەو دوو شاعیرە بێ ئەوەی دەست بە داوێنی وشەگەلی لە بابەتی: فەنا، زوهد، وەجد، تەجەللا... وە بگرن، بالاترین وێنەی شیعریی سۆفییانەیان کێشاوە. ئەو دوو شاعیرەیش وەک محێدینی عەرەبی سەرقاڵی ئەوەن ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەن کە: ‹خۆشەویستیی ئەو تاقە ئایینەیە ڕق و ناکۆکیی لە نێوان سەراپای خەڵکدا ناهێڵێ.›(٣٠)

**پەخشانەشیعر.. ڕووبارەشیعر**

شیعر تەنیا بە بەکارهێنانی زاراوەی نوێ نابێتە شیعری هاوچەرخ. شیعری نوێ بت دەشکێنێ، تابوو ناناسێ و بە گژ واقیعدا دەچێتەوە. لە ڕستەی شیعریی نوێدا، وشەکان سەرباز نین بۆ پشکنینی بەیانیان ڕیز کرابن، وشەکان بە چاوپۆشین لە سووک تێڕوانینی خوێنەری دەستەمۆ و هەڵچوونی ڕەخنەگری لە قوڕی واقیعی باودا چەقیو، سەما دەکەن. وشەکان لە ژێر باری دژواری کولتووری دێریندا ڕەنگی مردوویان لێ نەنیشتووە، زرپ و زیندوون، ناناڵێنن، گۆرانی دەڵێن.

شیعر بەوە نابێتە نوێ، شتە کۆنەکان لە شێوەی تازەدا بڵێتەوە. ستایشکردنی حیزب، هەر پیاهەڵدانی خێڵە، با بە شیعری ستوونی نەبێ و بە پەخشانیش بێ. مەهاباد دەنووسێ:

گڵکۆکان ئەو لانکە ئەزەلییانەن پڕن لە ڕۆحی کۆرپە،
لانکەکان ئەو تابووتە شکاوانەن پڕن لە جەستەی پیر.(٣١)
یان: گۆزەی کارەساتەکان کونن
ئەو ناوەیان خەڵتانی ڕووداو کردووە.(٣٢)

شیعر دەشێ چەند جارێکی بخوێنینەوە، شیعار بە یەک جار لێی تێر دەبین. شیعر دەشێ هەر جارەی شتێکی نوێی تێدا بدۆزینەوە، شیعار هەر خۆی کاوێژ دەکاتەوە. شیعر پێویستی بە لێ ڕامان و بە قووڵیی تێڕوانینە، شیعار سەرنجدانێکی ڕووکەشی بەسە. لای ڕۆلاند بارت دوو جۆر دەق هەیە: readable ئەو جۆرە دەقەیە دوای یەک جار خوێندنەوە لەبەر چاوی خوێنەر دەکەوێ و جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە لای. writeable خوێنەر چەند جارێ دەگەڕێتەوە لای و هەر جارەی بە جۆرێکی نوێ دەیخوێنێتەوە، یان بە قەولی بارت دەینووسێتەوە.(٣٣)

زمانی شیعری نوێ دەبێ خۆی لە چەوریی ڕەوانبێژیی دێرین ڕزگار بکات و لە

هەناوی گەرم و گوڕی ژیانی ئەمرۆوە سەر هەڵبدا. بە زمانێکی کۆت و پێوەند کراو نە باسی ئازادیی دەکرێ و نە شیعری نوێش دەنووسرێ. ئەدونیس دەڵێ:
<شیعر بۆ ئازادکردنی مانا، چ پێویستی بە کۆت و زنجیرە؟>
نوێکردنەوە: لاساییکردنەوەی ئەو شاعیرە عەرەبانە نییە کە لاسایی شەپۆلە شیعرییەکانی ڕۆژئاوا دەکەنەوە. تازەگەریی دەست بەردان نییە لە شیعری ستوونی و کێشی خۆماڵی، بە پلەی یەکەم پێوەندیی بە ڕوانینی نوێوە هەیە.
مەهاباد دەنووسێ:

ئەو حەوایەی دۆزەخی کردە شەنگترین تاراوگەی ڕۆح و
بەهەشتی لەبەر چاو خستین،
ئەو نەبووایە کەسمان نەماندەزانی
دۆزەخ یەقینێکی ئەوەندە شەنگە و
بەهەشتیش ئەفسانەیەکی ئەوەندە تاریک.
تۆش هاوەڵە دێرینەکەم مەریەم
ئافەرین کە غروری خوات شکاند و
داتبەزاندە ناو نوێنەکەت.

شیعری نوێ: شیعرێکە خاوێن، تەپوتۆزی بەرهەمی شاعیرانی دیکەی لێ نەنیشتووە، باخێکە لە گژوگیای زیانەخرۆ پاکژ کراوەتەوە و شەیدای گۆڵمەزنانەوە و ناوبانگ پەیداکردن نییە لە ڕێی سەرکێشیی هەرزەکارانە و هات و هاوارەوە. شیعری نوێ: ناسکە وەک پەڕەی گوڵ، تیژە وەک خەنجەری دەبان، بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە مەلەدەکات و ڕووی لە شوێنە مەترسیدارەکانە، چارەسەری ئایدۆلۆژییانە پەسەند ناکات و لەبەردەم سوڵتانی یەقیندا، شمشێری گومان هەڵدەکێشێ.
مەهاباد دەنووسێ:

باران لە دەروازەی دێبەری ڕۆحدا دەرۆزەی تنۆکێ ئاو دەکات،
ئاگردانی ئامێز لە تاراوگەدا دەرچێ و
لێوەکان کاڵبوونەوەی ماچ تۆمار دەکەن.(٣٤)

کەڵەکەبوونی دیمەنەکان یەکێکە لە ڕووکارەکانی شیعری نوێ، بە تایبەتی لە شیعری بازنەییدا. پەخشانەشیعر گەلێ جار ڕووبارە شیعرە و کە دەستی پێ کرد تا کۆتایی وەستانی بۆ نییە و هەر خوڕەی دێ، هەر بۆیە هێندە گوێ بە خاڵبەندی نادا. پەخشانەشیعر: کورت و چڕە، بە هێمنی بۆ یەک خوێنەر دەدوێ، پێویستی بە قیژە نییە و بە شکاندنی سنوورەکانی نێوان شیعر و پەخشان، ئەو وردەکارییانە بەسەر دەکاتەوە کە پشتگوێ خراون.
پەخشانەشیعر: کێش فەرامۆش ناکا، کێشە تەقلیدییەکان فەرامۆش دەکا. کێشی

پەخشانەشیعر وەک سەمفۆنیا جۆراوجۆرە، پشت بە تاقە ڕستەیەکی موسیکایی نابەستێ. یەکێ لە نیشانەکانی پەخشانەشیعر ڕیتمەکەیەتی، هەرچی ئیقاعی هەبوو شیعر نییە، بەلام هەرچی شیعرە دەبێ ئیقاعی هەبێ. هەمیشە دەڵێین: دیجلە و فورات، هەرگیز ناڵێین: فورات و دیجلە. ئایا لەبەر ئەوەی دیجلە لە فورات گرنگترە؟ نەء چونکە وا لەسەر زار خۆشترە. شیعر هەمیشە دەبێ ئەم یاسا نەگۆڕە ڕەچاو بکات. فەرلین دەڵێ: ‹موسیکای گوتەکان لە ماناکانیان گرنگترە.› **شیعری پووچ**

‹ئەوی پێی وا بێ بە نووسینی قسەی پووچ و بێ مانا دەقێکی عەبەسییانە دەنووسێ، ئەوە تەنیا دەقێکی پووچ و بێ مانا دەنووسێ.›(٣٥) ساموێل بێکێت قسەی بێ مانای نەکردووە، باسی بێ مانایی ژیانی کردووە. مەهدی ساڵح لە ل:٧٠ ی ژمارە ٤ ی گەلاوێژی نوێ دا دەڵێ:

ئەوپەڕی شەممە جومعەیە

کۆتایی سەربان ئاسمانە.

ئەنوەر مەسیفی لە ‹شیعر›ی خوێیەکان دا‹ل: ١٤٣ ی ڕامان ی ژ: ٢٦› نەک هەر مشاری ئاسنبڕ ئاسا، ‹ئاسن و مسی دوو لەت کردووە،› بەڵکو وەک جادووگەر ‹پێی ژنێکیشی پڕ کردووە لە شیر،› هێمنی ‹گرفتاریش مووی نەدەپساند!›(٣٦) بە پێنج شاعیر: ‹حەمەعەلی خان، هاشم سەڕاج، فەرهاد پیربال، محەمەد ڕەنجاو و تەلعەت تاهیر› شیعرێکیان نووسیوە هەر لە ناونیشانەکەیەوە: ‹ئۆزۆ› کەوتوونە هەڵەوە، چونکە ئەو عارەقە یۆنانییە ‹ئوزۆ› Ouzo ی ناوە. قارەمانانی ئەو دەقە ‹لەسەر جادە بێ درەختەکان میز دەکەن، جڕت لێ دەدەن و داوایش لە کچەشاعیری جەستە مامزی دەکەن ، شیعری سێکساوییان بۆ بخوێنێتەوە، تا ڕستەکان بە زەبری وشەکان بگەنە ئۆرگازم.›(٣٧)

‹نایلۆن لە ئاوریشم تازەترە بەلام ئاوریشم جوانترە، تەنەکە لە زێڕ نوێترە بەلام زێڕ بە بایەخترە.› دەقە پووچ و بێ ماناکانی ئەو شاعیرە ‹نوێخوازانە› کە پشتیان کردۆتە خوێنەر و سووکایەتیی پێ دەکەن، لە چاو ئاوریشمی شیعری نالیدا نایلۆنن و بە بەراورد لەگەڵ زێڕی شیعری گۆراندا تەنەکەن.

تەنیا ئەوانە دەتوانن دەقی نوێ بەرهەم بهێنن کە شارەزای ئەدەبی دێرینن. ئەوی دەسەلاتی بەسەر زمانێکدا نەشکێ، چۆن دەتوانێ داهێنانی تێدا بکا. گۆران کە دەقی نوێی بە زمانێکی نوێ نووسیوە، بە زمانە دێرینەکەیش دەقی مەزنی وەک: ‹تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حسابم›ی بەرهەم هێناوە، کە هاوبالای شیعرە هەرە کەڵەگەتەکانی ئەدەبی دێرینە. ئەوی بە تەواوی شارەزای بونیادێکی کۆن نەبێ، ناتوانێ نوێی بکاتەوە، ئەمە یاسایە و نەک هەر زمان و ئەدەب، هەموو بوارێک دەگرێتەوە.

مەهاباد شیعری بێ مانا نانووسێ، بەڵام هەندێ جار دێڕ یان وشە لەتوپەت دەکا.
کە سەعدی یوسف ‹واقفە› بەم شێوەیە دەنووسێ:
و
ا
ق
ف
ـە (٣٨)
مەبەستێتی وێنەی ڕاوەستان بە پیتەکان بکێشێ، بەڵام ئاخۆ مەهاباد بە چ
مەبەستێ
نا
ما
نە
و
ێ(٣٩) لەتوپەت دەکا!
گۆران پێی وا بووە ئەگەر بێ دەستکاریی شیعرە کۆنەکانی بڵاوبکاتەوە، یارمەتی ئەوانە دەدات کە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئەدەب و گەشەکردنی زمانی کوردی دەکەن.(٤٠) بریا ئەویش وەکوو واڵت وایتمان سلّی لە جوانترکردنی شیعرەکانی نەکردباوە. شاعیر خۆی بڕیار دەدا بۆ زۆربە یان بۆ هەڵبژاردە دەنووسێ، بەڵام دەبێ بۆ خوێنەر بنووسێ نەک بۆ ڕەخنەگر.
منی خوێنەر ئەوەم بە لاوە گرنگە دەقێکی جوان بخوێنمەوە، بە چاو پۆشین لە مێژووی لە دایکبوونی. هەندێ دەقی گۆران گەرچی بوونەتە هۆی سەرخستنی ژمارەی لاپەڕەکانی دیوانەکەی بەڵام لە بایەخی هونەریی ئەو شاعیرە مەزنەیان دابەزاندووە. دەشێ مەهابادیش وەک گەلێ شاعیری دیکەی کورد لەژێر کاریگەرێتی ئەو تێڕوانینەی گۆران دا بێ، ئەگەرنا گەلێ لە شیعرەکانی سەرەتای دەست پێکردنی فەرامۆش دەکردن، یان سەر لە نوێ دەینووسینەوە.
چونکە بارانی شیعری مەهاباد کە دایکرد درەنگ خۆش دەکاتەوە، بۆیە هەندێ جار خۆی دووبارە دەکاتەوە:
لە شیعری کاریتە دا دەڵێ:
فرمێسکی قەترانی بە نیگاما دائەچۆڕا
وتم ڕەنگە گلێنەم بێ هەڵ ئەوەرێ. (ل: ١٧٩ پانۆراما)
لە شیعری سێ نزا یشدا دەڵێ:
نەک هەر ئەشک
هەردوو گلێنەی چاویشت هەڵدەوەرێ. (ل: ١٧٨ پانۆراما) ئەم لیریکە، تێکستی یەکێ

له گۆرانییه‌كانی هاوتا ئه‌سعه‌ده.
له شیعری شاخ كێڵگه‌ی گه‌نمه‌شامییه‌دا (ل: ٥٤) ده‌ڵێ:
بروسكه فلاشه و ئاسمان وێنه‌ی ئه‌م هه‌نگاوه كۆچه‌ره ده‌گرێ.
له چیرۆكی <كۆچ> یشدا(ل: ٣٧) هه‌مان وێنه‌ی شیعریی دووباره ده‌كاته‌وه:
بروسكه فلاشه و خوا وێنه‌ی ئه‌م مه‌رگه‌ساته ده‌گرێ.
یان:
گه‌ردوون وه‌ك ده‌سماڵ له گه‌ردنمه‌وه ده‌ئاڵێنم. (ل: ٧٣ میدالیا)
له شیعری عه‌شقی ئاگریشدا ده‌ڵێ:
ئاسمان ده‌سماڵه شینه‌كه‌ی كۆڵی منه.
یان:
شه‌قام بۆینباخی ڕه‌شی پرسه‌یه و
له ملی زه‌ویدایه. (ل: ٥٥ شاخ كێڵگه‌ی ...)
له ل: ٩٨ ی میدالیا یشدا ده‌نووسێ:
یه‌ك جاده‌ی درێژ وه‌ك بۆینباخی پرسه
زه‌وی ده‌به‌ستێته‌وه.
له ل: ٧١ ی میدالیا دا ده‌ڵێ:
دیواره‌كانی متمانه ڕووخاون.
له شیعری زه‌رده‌شت یشدا ده‌نووسێ:
قه‌ڵا قایمه‌كانی متمانه هه‌ره‌سیان هێنا.

گرنگ ئه‌وه نییه چه‌ند ده‌نووسین، ئه‌وه گرنگه چی ده‌نووسین. ئه‌وه چلۆنایه‌تییه نه‌ك چه‌ندایه‌تی جێ پێی خۆی ده‌كاته‌وه و كاریگه‌رێتیی جێده‌هێڵێ. <زریان>ی ئه‌نوه قادر جاف و <گه‌رده‌لوولی سپی>ی له‌تیف هه‌ڵمه‌ت دوو كۆمه‌ڵه شیعری وه‌ك قه‌واره بچووكن، به‌ڵام له جیهانی شیعری نوێی كوردیدا دوو وڵاتی به‌رین و دڵگیر و ئاوه‌دانن.

**شیعر و چیرۆك**

<ڕۆمان ئه‌و ڕووداوانه ده‌گێڕێته‌وه كه مێژوو فه‌رامۆشیان ده‌كا.>

<كارلۆس فوێنتس>

مه‌هاباد چیرۆكیش ده‌نووسێ، گرنگترین كاری وی له‌م بواره‌دا ده‌قی <كۆچ>ه، كه چیرۆكێكی درێژ یان ڕۆمانێكی كورته. ڕووداوه‌كانی كۆچ زنجیره‌یی له سه‌ره‌تاوه بۆ لوتكه و كۆتایی چنراون و گه‌لێ جاریش گێڕه‌ره‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ڕابردوو.
بابه‌تی كۆچ كۆڕه‌وه‌كه‌ی به‌هاری ١٩٩١ی باشووری كوردستانه. به‌سه‌رهاته‌كان تێكه‌ڵكردنێكی هونه‌ریيانه‌ی واقیع و خه‌یاڵن، ئه‌گه‌رچی واقیع به‌شی شێری پێ ده‌بڕێ.

مەهاباد کە خۆی لە کۆڕەوەکەدا بەشدار بووە، قارەمانی سەرەکیی چیرۆکەکەیە و باس باسی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی ڕەچاو کردووە کە چیرۆک دەگێڕێتەوە، ڕاپۆرت نانووسێ ، بۆیە شاعیرانە فانتازیای خستۆتە گەڕ. پیکاسۆ دەڵێ: ‹من وێنەی سروشت ناکێشم، سوود لە سروشت وەردەگرم. جیهان بەو شێوەیە ناخەمە ڕوو وەک دەیبینم، وای نیشان دەدەم وەک بیری لێ دەکەمەوە.› مەهابادیش لەو ڕوانگەیەوە وێنەی کۆڕەوەکەی کێشاوە و ژیننامەی قارەمانی چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە.

یەکێ لە لایەنە گەشەکانی چیرۆکەکە ڕەنگە ئەوە بێ خوێنەر هەست دەکا نووسەری کۆچ ژنە. بە تایبەتی کاتێ کە قارەمانی کۆچ ئامێزی پڕ سۆزی بۆ منداڵێکی بێکەس دەکاتە بێشکە، یان کە دایکەکە سەردانی کچە زیندانییەکەی دەکا.

ئەگەرچی ئەو دیوارە بڵندانەی ژانرە ئەدەبییەکانیان لە یەکتری دابڕیبوو هەرەسیان هێناوە و ڕەگ و ڕیشە و لق و پۆپی شیعر و پەخشان تێکەڵی یەکدی بوون، بەڵام هێشتا هەر ژانرە و سنووری خۆی هەیە، با بە تەلی دڕکاویش دیاری نەکرابێ. گۆتە دەیگوت: ‹شاعیری ڕاستەقینە چیرۆکنووسێکی گەورەیە،› چیرۆکنووسی ڕاستەقینەی ئەم سەردەمەیش شاعیرێکی گەورەیە.(٤١)

لایەنێکی جوانی دیکەی کۆچ دەربڕین و وێنەی شیعرییە، کە ناو بە ناو ڕووی دەقەکە زێتر دەگەشێننەوە:

دەنگی بەسۆزی ڕزگار دەتگوت بێشکەی ڕۆحە شەکەتەکەتە. (ل: ٢٨) هەنگاوەکانت تەقەڵ تەقەڵ ڕێگاکەی دەدووری. (ل: ٥٧) دارەکان لقی بەفریان گرتووە. (ل: ٨٨)

ئەو زمانەی مەهاباد قەرەداغی ‹کۆچ›ی پێ نووسیوە گەلێ لە زمانی هیوا قادر و بەختیار عەلی پاراوترە. هیوا ڕۆمان دەنووسێ و جیاوازی نێوان: {مل و قوڕگ، کولانە و هێلانە، بزن و بەران، جادە و کۆڵان، ملوانکە و مێخەکبەند، دێڵ و گەماڵ} نازانێ.(٤٢) یان دەنووسێ: ‹پلیکانەی قادرمەکان، ل: ٨٨، داهۆڵێکی لە دار و پەڕۆ دروستکراو، ل: ٨٩ قژی بەسەر شان و ملیدا پەخش و ئاڵۆسکاو بۆتەوە، ل: ١٠٣، هەورەبانی سەربان. ل: ١٠٤›(٤٣)

ئەوی ڕۆمان بنووسێ و زمان نەزانێ، وەک ئەوە وایە مامۆستای زانکۆ بێ و بێسەواد بێ. بەختیار عەلی یش (ڕۆمان)ی مەرگی تاقانەی دووەم {ستۆکهۆڵم ١٩٩٧} بە زمانێکی هەژارتر دەنووسێ: ‹حەقیقەتێکی ڕاستەقینە، ل: ٧، ئافرەتێکی پیر و بەتەمەن، ل: ٩، باخچەی کاکی بە کاکی ، ل: ١٩، کراسی شیفۆنی هاوینە، ل: ٢٣، بۆن و بەرامەی پیسایی، ل: ٢٧، کچە بێوەژنەکە، ل: ٣٧، قۆناغە دەمانچە، ل: ٥٣، دووپشکی خەوتوو لەناو گلێنەکانیا نووستوە. ل: ٦٥، مریشکی مردارەی، ل: ١١٧، بزنێکی لاواز، ل: ١١٨، حەپی سەر ئێشە، ل: ١١٩، پیاوێکی نازەنین، ل:

١٢٢، کڵێسەی مەسیحییەکان، ل: ١٣٥، ویستی چاوی خورشید لە گلێنەکەی دەربهێنێ. ل: ١٣٦› بەختیاریش هەست بە جیاوازی نێوان : قوفڵ و ئەڵقەڕێز ل: ١٨، بۆن و بۆگەن، کچ و بێوەژن، تفەنگ و دەمانچە، گلێنە و کالانەی چاو ناکات و ڕۆمان دەنووسێ. مەرگی تاقانەی دووەم زەحمەتە ڕستەیەکی لە ڕووی ڕێنووسەوە ڕاست و مەحاڵە پەرەگرافێکی لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستی تێدا بێ.
لای مارکسییەکان: زمان ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی تاکە، لای بنەماخوازەکان: هۆشیاریی تاک ڕەنگدانەوەی زمانەکەیەتی، ئاخۆ ئەو زمانە هەژارەی هیوا و بەختیار ڕەنگدانەوەی هۆشیارییانە؟ ئاخۆ ئەو زمانە کۆڵەوارە بە کەڵکی ئەوە دێت گوزارشت لە هۆشیاریی بکا؟ جان کۆهن دەڵێ: ‹زمان پۆشاکی بیر نییە، جەستەیەتی، چونکە بیر بێ زمان بوونی نییە.› ئایا جەستەیەکی نەخۆش دەتوانێ گوزارشت لە بیرێکی ساغ بکا؟
عەبدولڕەحمان مونیف ئەرکی بنیاتنانی ئەو یۆتۆپیایەی لە ڕێگای کاری سیاسییەوە لێی نائومێد بوو، خستە سەر شانی ڕۆمان. محەمەد موکری یش لە سیاسەتدا تووشی نوشوستی هات، بەڵام لە بواری ڕۆماندا سەرکەوتنی تۆمار کرد، ڕەنگە یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی نوشوستی هیوا و بەختیار لە بواری ڕۆماندا ئەوە بێ، خاوەنی ئەزموونی کاری سیاسی نین.
شێرکۆ بێکەس لە ل: ٥٤٥ ی بەرگی سێی دیوانەکەیدا {١٩٩٥ ستۆکهۆلم} دەڵێ:
من ئەمشەو لە مانگ ئەترسم
ئەڵێی ژنە جادووگەرێکی نەخۆشی سیحربازە.(٤٤)
مەهاباد قەرەداغیش هەندێ جار هەڵەی لەو جۆرەی کردووە:
بۆنی بۆکرووزی ئاو دێ. (ل: ٣٤ پانۆراما) بۆنی زیادەیە.
سەدەی چاخە بەردینەکان.(ل: ١٣٣ پانۆراما) سەدەی زێدەیە.
ئەگەرچی قەدپاڵ و لاپاڵ هاوواتان کەچی مەهاباد دەنووسێ:
لە پەنایەکی ئەم شاخە
بێ قەدپاڵ و لاپاڵەدا جێم کەرەوە.‹ئۆقیانووسی سەراب›
چمکی ئاودامانی کراسی خۆر دەگرم.‹ل: ١٣٢ پانۆراما› چمکی کراسی ئاودامانی ... ڕاستە.
کێڵگەی نەزۆک پەڵە ئەدا.‹ل: ١٣٦ پانۆراما› ئەوەی پەڵە دەدا کێڵگە نییە، بارانە.
دەرەلنگی ڕانکوچۆغە.‹ل: ١٥٩ پانۆراما› ڕانک: شەرواڵە دەرەلنگی هەیە، بەڵام چۆغە: ‹چاکەتە› دەرەلنگی نییە، چونکە لنگ: لاقە.
چارەنووسێ چاوەڕێتە
ڕەش وەک ڕەژووی ئاگردانی ماڵە ڕەنجدەر.‹ل: ١٦٧پانۆراما› ڕەژووی ماڵی پاشایش هەر ڕەشە.

کاریتە: ‹ل: ٢٠٤ پانۆراما› ڕەشماڵ نییە، دیرەک، نێرگەی خانووە.
بەروار: بە مانای ڕۆژ یان مێژوو نایە، ئەوە هەڵەیەکی باوە، بەروار: ناوقەدی شاخە.
بەم دەستەکەی گۆچانێکی سەر چەماوە و
بەو دەستەکەی تفەنگێکی سەربڵندی هەڵگرتبوو.
هەموو گۆچانێ سەری چەماوەیە، کەمە: سەرە چەماوەکەیەتی. عەلی مەردان دەڵێ:
پشتم شەق بوو، چەماوە
هەر وەکوو کەمەی گۆچان.
پەیکەر: محەمەد بەنیس گوتەنی ‹یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعر و ئەرکی ئەوەیە دەقەکە کۆبکاتەوە و بوار نەدات بڵاوبێتەوە و لە دەست دەربچێ.› کەم و پوخت ئەو یاسایەیە کە شاعیر دەبێ هەمیشە دەستی ڕێزی بۆ بە سنگەوە بگرێ. لە وڵاتی شیعری مەهاباد دا ئاڵای: چڕیی نەک درێژ دادڕیی، هەندێ جار شەکاوەیە:
ڕووبارم گرێ دا
وەک فەقیانەیەکی نهێنی تیا حەشار دراو.(ل: ٣٩ شاخ..)
پردێک دوو کەناری زیز ئاشت دەکاتەوە.(ل: ١٩ میدالیا)
ڕۆحم چاڵاوگەی بارانی تیشکە.(ل: ٣٩ شاخ..)
بەڵام هەندێ جاریش ئەوی بە وشەیە دەگوترێ، بە دێڕێ دەیڵێت:
دەیانەوێ گوڵی کچێتی بژاکێ
بێ ئەوەی ئارەزووی لێ بێ بیکەن بە ژن.(ل: ٧٧ پانۆراما)
هەموو وشەکانی ڕستەی دووەم زیادەن، خوێنەری ئاسایی نەک زیرەک، بە دێڕی یەکەم لە مەبەستی مەهاباد تێ دەگا.

**شیلە و هەنگوین**

دریدا: دووبارەبوونەوەی دەق، کریستیڤا: بەرهەم هێنانەوەی دەق، فۆکۆ: دەسەڵاتی ئەرشیف، باختین: دیالۆگ، هارۆڵد بلوم: دەسەڵاتی شاعیری دێرین بەسەر شاعیری نوێوە و بارت یش باسی ئەوە دەکا کە نووسەر گوزارشت لە خودی خۆی ناکا، نووسراوە دێرینەکان تێکەڵ دەکات و سەر لە نوێ دایان دەڕێژێتەوە.(٤٤) هەژار کە زەحمەتە هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی وی دژی ژن بوو بێ، لەم بوارەدا قسەیەکی سەرپێیی جوانی کردووە: ‹شاعیر دەبێ وەک مێشەهەنگوین وا بێ، شیلە لە گوڵان هەڵمژێ و لەپاش دەستکاری کردنێکی وەستایانە بە شکڵی هەنگوین هێقی بکاتەوە.›(٤٥)
من و هەور

بۆ ئەشکی قەتیسماو ئەگرین
بۆ بارانی خنکاو ئەگرین
بۆ زەریای شەپۆل دزراو و
بۆ دارستانی لق و ڕەگ
سووتاو و ڕاگوێزراو ئەگرین.(ل: ٥٠ پانۆراما)

ماوەیەکە مەهاباد قەرەداغی سێبەری درەختی شاعیرانی کوردی بە جێ هێشتووە و لە هەوڵی بنیاتنانی ماڵی شیعری خۆیایەتی. ئەمیش لە سفرەوە دەستی پێ نەکردووە، ئەستێرەی کاریگەرێتیی شیعری: عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت و چەند شاعیرێکی کوردی دیکە هەندێ جار بە ئاسمانی شیعرە کۆنەکانییەوە دیارە:

مەهاباد لەژێر کاریگەرێتیی <سەربازی ون>ی پەشێودا دەنووسێ:

هەر کانییە ئەستێرەی تیا نەخنکابێ
هەر چیایە لە بناریا داربەڕوویە نەسووتابێ
هەر گاشە بەردێ لە بنیا دڵۆپێ خوێن نەڕژابێ.(ل: ١٥٠ پانۆ..)

دوانزە وانە بۆ منداڵان شیعرێکی بەناوبانگی پەشێوە، مەهابادیش <سێ وانە بۆ منداڵان>ی نووسیوە. پەشێو دەڵێ:

تاڵێکی پرچت نەماوە تێر تێر بۆنم نەکردبێ،
جێی دەرزییەک لە سنگی برسیت نەماوە
پەنجەم پەی پێ نەبردبێ.(٤٦)

مەهابادیش دەڵێ:

تۆزقاڵێکی جەستەم نەما ژەهری تاوان نەی پێکابێ،
بستێکی ئەم دڵە نامۆیەم نەماوە
پارچە ئازارێکی گەورەی وەک ئالا تیا هەڵنەکرا بێ.

لەتیف هەڵمەت دەڵێ:

ئەگەر نەخشەی هەموو جیهان تێکدەنەوە
کە سنووریان کێشایەوە دووبارە..

مەهاباد دەڵێ:

نەخشەی گشت جیهان بسڕنەوە و
سەر لە نوێ نەخشەی بکێشن.

<بە پەنجەکانم دەتبینم> ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی دڵشاد مەریوانییە، ١٩٧٨ چاپکراوە، مەهابادیش لە ل: ١٩ی شاخ کێڵگەی گەنمەشامییەدا دەنووسێ: بە پەنجەکانم دەمبینی.

فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ١٩٨٤ دەڵێ:

که من هەرگیز بە تۆ نەگەم
ئیتر بۆ نەبمە دێوانە.(٤٧) کەریم کابان ئەم شیعرەی کردووە بە گۆرانی.
مەهابادیش ١٩٨٧ دەنووسێ:
کە دەزانم بە تۆ ناگەم
چۆن شێت نابم وەک دێوانە.

**ڕۆڵی شیعر**

مەهاباد بۆ گۆڕینی خودی خۆی و ئەوی دی دەستی داوەتە چەکی نووسین، دەیەوێ خۆی و ئەوی دی چاکتر و پێوەندییەکان گەرمتر و ژیان جوانتر بکا. ئایا شیعر ئەو ئەرکانەی پێ جێبەجێ دەکرێ؟ شیعر ناتوانێ جیهان بگۆڕێ، بەڵام دەتوانێ وا بکا ئینسان پتەوتر خۆی لە بەردەم دژوارییەکاندا ڕابگرێ.
ئایا شاعیر دەتوانێ چاو لەو کارەساتانە بپۆشێ کە یەخەی مرۆڤایەتیی دەگرن؟
لای مەهاباد کۆڕەوەکە دەبێتە هەوێنی ڕۆمانێکی کورت و لە سەرچاوەی ژانی ئەنفالیشەوە شیعرێکی درێژ: ‹شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە› هەڵدەقوڵێ:
کەنیشک دەبوو بە پەپوولە و
کوڕ چۆلەکە و
بارانی لم دەیخنکاندن.(ل: ١٥ شاخ)
سەرگۆن پۆڵس دەڵێ: ‹ئەو میوانەی بێ شمشێر هاتەماڵەکەم ، کە ڕۆی سەرمی لەگەڵ خۆی برد.› مەهابادیش بە زمانێکی هێمنی وەک خوڕەی کانی نەک هاژەی چەم گوزارشت لە ئەنفال دەکا. شیعری مەهاباد بە دوو شاباڵ دەفڕێ: یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە، ئاخر شیعر شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرەنگاربوونەوە و هەوڵدانێکە بۆ یاخیبوون لە مردن، ئەوە نییە شیعری جوان هەڵۆی نەمریی کەویی دەکا.

1998. 10. 22

**سەرچاوەکان**

١ خالده سعید المرأه التحرر الابداع ص ٩٠ الدارالبیضاء ١٩٩١
٢ هنری میلر رامبو و زمن القتله ت: سعدی یوسف ص: ٩٨ بیروت ١٩٧٩
3 Claes Entzenberg & Cecilia Hansson Modern lit t eraturteori Från rysk formalism till dekonstruktion Del 2 s. 232 & 241 Studentlitteratur Lund Andra upplagen 1997.
٤ نەجیبە ئەحمەد بەهارە گریان ل: ١٨ ئیتیشاراتی ناجی بانە.
٥ لە کۆتاییدا بیرم کەوتەوە دڵسۆز حەمە ل ٥٠ سوێد ١٩٩٦
٦ شیرین . ک گەلاوێژی نوێ ل: ٧٠ ژ: ٧ حوزەیرانی ٩٨ سلێمانی.

٧ مەهاباد قەرەداغی شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە ل: ١٧ ستۆکهۆڵم ١٩٩٤

٨ مەهاباد قەرەداغی پانۆراما ل: ١٦٩ سوێد ١٩٩٣

٩ ل: ٢٢٧ سەرچاوەی سێیەم

١٠ مەهاباد قەرەداغی میدالیا ل: ٦٣ ستۆکهۆڵم پەخشخانەی نەورۆز

١١ سەرچاوەی سێیەم ل: ٢٤٣ و ٢٤٤

١٢ ل: ٤٧ پانۆراما

١٣ و ١٤ ل: ٢٤٩ و ٢٧٨ سەرچاوەی سێیەم.

١٥ ل: ٩٣ سەرچاوەی یەکەم

١٦ محمد الجود مفهوم القمع عند فروید و مارکوز ص ٣٠ دار محمد علی ١٩٩٤ صفاقس

١٧ شێرزاد حەسەن گەرەکی داهۆڵەکان ١٩٩٧ سلێمانی

18 En poesi Antologi ( 1979 - 1989) s.5 Tago Förlag Tidskriften Åttio Tal 1990 Stockholm

١٩ اسیمه درویش تحریر المعنی فصول ص: ٣١١ خریف ١٩٩٧ القاهره

٢٠ ئەدونیس دەڵێ: لا شـمیم ولا نجد. هەندرین کردوویە بە: نە بۆنێ، نە فریاگوزارێ. ڕامان ژ: ١٥ ل: ١٠٨ ئەیلوولی ١٩٩٧ هەولێر

٢١ و ٢٢ ل: ١٨ و ل: ٣٣ شاخ..

٢٣ د. محمد مفتاح تحلیل الخطاب الشعری ص: ٨٣ ط ٢ بیروت ١٩٨٦

٢٤ ل: ٤٠ شاخ

٢٥ ل: ١٧ میدالیا

٢٦ عادل ضاهر قراءه فلسفیه ل(الکتاب) ص: ٢٨٧ فصول خریف ١٩٩٧

٢٧ ل: ٨٨ شاخ

٢٨ ل: ٧٣ میدالیا

٢٩ ادونیس الصوفیه و السریالیه ص: ٢٣ ط: ٢ دار الساقی ١٩٩٥ لندن

٣٠ هادی العلوی مدارات صوفیه ص: ١٦١ دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

٣١ و ٣٢ ل: ٤٧ و ل: ٧١

٣٣ د. عبدالعزیز حموده المرایا المحدبه ص: ٣٣٥ عالم المعرفه ١٩٩٨

٣٤ ل: ١١ میدالیا

٣٥ ص: ٣٩ المرایا المحدبه

٣٦ گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم. هێمن تاریک و ڕوون ل: ١٢٩ چاپی سەیدیان مەهاباد

٣٧ ئالای ئازادی ژ: ٢٧٢ ل: ٥ ڕۆژی ٣ی ٨ی ٩٨

٣٨ سعدی یوسف الاعمال الکامله مجلد ٣ ص: ٣٣٤ دار المدی ١٩٩٥

٣٩ ل: ١٥ شاخ..

٤٠ گۆران بەهەشت و یادگار (سەرەتا) چاپخانەی مەعاریف ١٩٥٠ بەغدا

٤١ فاضل العزاوی جيل الستينات ص: ٢٣٧ دار المدى ١٩٩٧ دمشق
٤٢ هيوا قادر ئاوێنە سەرابییەکان لاپەڕەکانی: ٩٣، ٨٩، ١٤٤، ١٠٠، ٢٠٥، ١٦١ کتێبی هەرزان ١٩٩٦ سوێد
٤٣ سەرچاوەی پێشوو
٤٤ ص: ٢١٦ المرايا المحدبه
٤٥ هەژار چێشتی مجێور ل: ٤٠ پاریس ١٩٩٧
٤٦ عەبدوڵڵا پەشێو شەونامەی شاعیرێکی تینوو ل: ٥٣ چاپی سەیدیان
٤٧ فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی کە بیر لە تۆ دەکەمەوە ل: ٤٧ چاپخانەی بێسارانی ١٩٩٨ سلێمانی.

**ڕەخنە و ڕەخنەگر**

ڕەخنەی ئەدەبی زادەی مەعریفە و هونەرە، بۆیە بیریارەکان زۆربەیان ڕەخنەگری ئەدەبیش بوون، لەوانە: هیگڵ، مارکس و هایدگەر. ڕەخنەی ئەدەبی گەرچی بوارێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە ئینسانییەکانە، بەڵام پێوەندییەکی پتەوی بە بوارەکانی دیکەیشەوە هەیە.

سەعاتچی چۆن بە وردی سەرنجی سەعات دەدات، ڕەخنەگریش دەبێ بە هەمان شێوە لە تێکست بکۆڵێتەوە. ڕەخنەگر پردێکە لە نێوان دەق و خوێنەردا و یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەوەیە رووناکی بخاتە سەر تێکستەکە و نابێ لەسەر سینییەکی زێڕین خواردنێکی بۆگەن پێشکەش بکا. ‹نووسەر، دەق، خوێنەر،› ئێستایش ڕەخنەی ئەدەبی بایەخ بەم سێ کوچکەیە دەدات. ڕەخنەی جوان پاشکۆی دەق نییە، هیچی لەو تێکستە کەمتر نییە کە بەسەری دەکاتەوە.

ڕەخنەگر کە لە دەقێک دەکۆڵێتەوە، پێویستە وەڵامی ئەم پرسانە بداتەوە: ئەم دەقە چۆن گوتراوە؟ چی تێدا گوتراوە؟ بۆچی وەها گوتراوە؟ بە لای هەندێ ڕەخنەگرەوە: کێ دەقەکەی نووسیوە؟ کەی دەقەکە نووسراوە؟ هیچ گرنگییەکیان نییە. تۆدۆرۆف دەڵێ: هەموو دەقێ دەیەوێ شتێ بڵێ، ئەرکی لێکۆڵینەوە، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو شتە.

ڕەخنەگری ئەڤانگارد بتێک تێکناشکێنێ، پەرستگاکە دەڕووخێنێ و کە دەست دەداتە قەڵەم، بە نیازە لایەنی دەقێ بگرێ، یان دەقێ ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پێش خوێندنەوە، بڕیاری دابێ لایەنی دەقێ بگرێ، یان بە چاوی گومانەوە سەرنجی دەقێ بدات.

ڕەخنە دەشێ لە بەرژەوەندیی دەقەکە بێ، یان هەوڵی بە فیڕۆدانی ڕەنجی نووسەرەکەی بدات. دەشێ بایەخ بە هەندێ لایەنی گرنگی تێکستەکە بدات و هەندێ لایەنی گرنگی دیکەی فەرامۆش بکات. دەشێ بایەخ بە لایەنە لاوەکییەکانی دەقەکە بدات و لایەنە سەرەکییەکانی پشتگوێ بخات. دەشێ تەنیا لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیاوە سەرنجی دەقەکە بدات.

ژاک دریدا دەڵێ: دەق بۆ ئەوەی مانابەخش بێ، پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. ڕەخنەگر دەیەوێ لە ڕێی کردنەوەی شفرەکانی تێکستەوە، لایەنە تاریکەکانی

ڕۆشنبکاتەوە. سیلّدن دەڵێ: ڕەخنەگریش کە چەشنی ئاسەوارناس زەویی دەق هەڵدەکۆڵێ، ئەوە بە ئومێدی دۆزینەوەی شتی نوێیە، شتێ کە پێشتر باسی نەکرابێ. ئاخر ڕەخنەگر نابێ تەنیا دیوی دەرەوەی دەق ببینێ، وەک چۆن ڕۆماننووس قووڵ بە ناخی قارەمانەکەیدا ڕۆدەچێ، ئەمیش دەبێ بە ناخی دەقدا ڕۆبچێ، دەنا ناتوانێ لێکی بداتەوە.
ڕاستە تێکست خاوەنی سیستەمی سەربەخۆی خۆیەتی، بەڵام نە لە بۆشاییدا سەرهەڵدەدات و نە لە بۆشاییشدا دەژی، بەڵکو دەیان داو بە چەندین سیستەمی دیکەیەوە دەبەستێتەوە و یاسای گۆڕان پێکهێنەرەکانی دەقیش دەگرێتەوە، هەر ئەمانەیشە وایان کردووە خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێ.
ئەدەب لای ڕەخنەگرانی مارکسی لە ڕاستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دابڕاو نییە و دەرەوە لە دەقدا نەک هەر هەمیشە ئامادەیە، بەڵکو بەردی بناغەی داهێنانیشە و هونەر بە گشتی بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵ. هێگڵ پێی وایە هەموو ناوەڕۆکێک شێوەی گونجاو بۆ خۆی دیاریدەکات. لای مارکسیش فۆرم بێبایەخە ئەگەر فۆرمی ناوەڕۆکێ نەبێ. لە ڕوانگەی ‹ئاڵتۆسیر›ەوە، مارکسیزم ئینسان وەک تاک ناکاتە بناغە، بەڵکو وەک زادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی بەرهەمهێنان دەیبینێ.
لای ڕەخنەگری بونیادخواز چونکە لە ڕیالیزمدا، زمان ڕوونە و ژیانی تێدا دەبینرێ، مەدلوول ‹مەبەست› لە دال ‹هێما› گرنگترە، مانا پێش دەنگ دەکەوێ و مەبەست پێشەکی ئەو شتانەی دەستنیشانکردووە کە نووسەر بەکاریان دەهێنێ، بۆیە ڕیالیزم دژی هونەرە و ئەدەب دەکاتە خزمەتکاری واقیع و زمانیش کە ئامانجە، وەک ئامێر دەیخاتەگەڕ.

**سەرهەڵدانی بونیادگەری**

دەڵێن سەرهەڵدانی بونیادگەری ‹Structuralism› بۆ ساڵانی ١٩٠٧ ـ ١٩١٣ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتانەی دێ سوسێر لە زانکۆی ژنێڤ لە بواری زانستی زماندا خەریکی دەرسگوتنەوە بوو. دواتر ئەم مێتۆدە لە گەلێ بواری دیکەی مەعریفەدا ڕەچاوکرا. دێ سوسێر کە پێی وابوو دەرەوە کارتێکردنێکی هێندە بەرچاوی لەسەر زمان نییە و زمان خۆڕسکانە دێتە گۆڕێ، کاریگەرێتی لەسەر فۆرمالیستە ڕووسەکانیش، لەوانە: شکلۆڤسکی و تینیانۆف، هەبوو. گوتەی بونیاد بۆ یەکەمین جار ١٩٢٩ لە کۆنگرەی فیلۆلۆژەکانی سلاڤدا، تینیانۆف بەکاریهێنا. زاراوەی بونیادگەریش هەر هەمان ساڵ بۆ یەکەمین جار ڕۆمان ژاکۆبسۆن ‹١٨٩٦ ـ ١٩٨٢› بەکاری برد. بونیادگەری هەر درێژەپێدانی فۆرمالیزمی ڕووسییە و زانای فەرەنسایی کلود لێڤی شتراوس یەکێکە لە بەناوبانگترین دامەزرێنەرەکانی.
هەندێکی دیکە ١٩٣٠ بە ساڵی لەدایکبوونی بونیادگەری دەزانن و وای بۆ دەچن

سەردەمی زێرینی پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدە لە ساڵی ١٩٥٦ بە دواوە دەستپێدەکا. ساڵی ١٩٦٨ (بڕووخێ بونیادگەری) یەکی بوو لە دروشمەکانی شۆڕشی قوتابیانی فەرەنسا. هەر هەمان ساڵ خۆری ئەم میتۆدە لە ئاسمانی زێدی خۆی: فەرەنسا، ئاوابوو.. تەنانەت هەندێ موحازەرەکەی ١٩٦٦ی ژاک دریدا، ئەوی زانکۆی جۆنز هۆپکنز، بە تەڵقیندادانی تەرمی بونیادگەری و جاڕدانی لەدایکبوونی هەڵوەشاندنەوە (Deconstruction) دادەنێن.
بونیادگەری چونکە فەلسەفە نییە، میتۆدی لێکۆڵینەوەیە، ڕەخنەگر بۆ پێڕەوکردنی ئەو میتۆدە، پێویستی بەوە نییە فیکری خۆی بگۆڕێ. چونکە ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەو میتۆدە دەکەن، لە ڕووی فیکری و تیۆرییەوە ناتەبان، بۆیە ناکرێ ناوی ڕێباز یان بزووتنەوە لە بونیادگەری بنرێ. ژاکۆبسۆن و گۆڵدمان مارکسی بوون و میتۆدی بونیادگەرییان ڕەچاودەکرد. بارت: هەڵبژاردنخواز بوو، لاکان: سەر بە هیچ ڕێبازێ نەبوو، دەیویست وەک خاوەن ڕێبازی تایبەت بە خۆی سەرنجی بدرێ. بەشێکی گرنگ لە ناوبانگی میشیل فۆکۆ (١٩٢٦ ـ ١٩٨٤) بەوەوە بەندە، گوێی بەوانە نەدەدا کە خاوەنی دەسەڵاتی فیکری بوون و ئەو شتانەی دەنووسی کە خۆی دەیویست نەک کە ئەوان دەیانخواست.

**بونیادگەریی عەرەبی**

فازیل عەززاوی دەڵێ: (ماوەیەکی کورت دوای بەیاننامە شیعرییەکەی ٦٩ی ئێمە، چەند ئەدیبێکی کوردیش بەیاننامەیەکیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا سەبارەت بە تازەگەری، بڵاوکردەوە.) هەر ئەم شاعیرە کە ساڵی ١٩٦٧ (مخلوقات فاضل العزاوی الجميلە)ی بڵاوکردەوە ناوی لێ نابوو: ڕۆمانەشیعر. سی ساڵی ڕەبەق دوای ئەم کە شێرکۆ بێکەس (١٩٩٧) (مار و خاچ و ڕۆژژمێری شاعیرێک)ی بڵاوکردەوە، ناوی لێ نا: ڕۆمانەشیعر.
فازیل لەو ڕۆمانەشیعرەیدا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٦٧دا نووسیویێتی دەڵێ: (ڕۆمانێکی کراوەیە، هەموو کەس دەکارێ بەشداری لە نووسینیدا بکا.) کەچی هەندێ نووسەر لە باشووری کوردستان کە تازەکی باسی دەقی کراوە دەکەن، پێیان وایە شتی نوێیان داهێناوە.
ڕوانگە لاساییکردنەوەی ئەو بزووتنەوە شیعرییە بوو، کە بە دەستپێشخەری فازیل عەززاوی لە عێراقدا سەریهەڵدا. ساڵی ١٩٦٩ کە فازیل و هاوڕێکانی گۆڤاری شیعر٦٩ بڵاودەکەنەوە، تەنیا چوار ژمارەی لێ دەردەچێ، ساڵی ١٩٧٠ کە شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانی گۆڤاری ڕوانگە بڵاودەکەنەوە، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەردەچێ.
(نحو تحليل بنيوی للشعر الجاهلی) یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی بونیادگەریدا بە زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٧٥ کەمال ئەبودیب سەبارەت بە شیعری

‹لەبید› نووسیویێتی. پروپ بە چ شێوازێ چیرۆکی میللی رووسی بەسەر کردۆتەوە، کەمال ئەبودیبیش هەوڵی داوە، بۆ لێکدانەوەی شیعری جاهیلی، هەمان شێواز بگرێتەبەر.
نزیکەی دە ساڵ بوو بونیادگەری لە زێدی خۆی باوی نەمابوو، ئینجا گەیشتە عەرەبستان، دوازدە ساڵ زێتر بوو گەیشتبووە عەرەبستان، ئینجا گەیشتە باشووری کوردستان. وەک چۆن کەمال ئەبودیب بە لاساییکردنەوەی پروپ دەستی پێکرد، بونیادخوازانی کوردیش بە لاساییکردنەوەی کەمال ئەبودیب، بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەستیان پێکرد.
ئەوی باسی مێژووی سەرهەڵدانی بونیادگەریی عەرەبی بکا، نابێ ئەم سێ کتێبە فەرامۆش بکا:
‹١› الاسلوب و الاسلوبیه عبدالسلام المسدی ١٩٧٧
‹٢› نظریه البنائیه فی النقد الادبی د. صلاح فضل ١٩٧٨
‹٣› جدلیه الخفاء و التجلی کمال أبودیب ١٩٧٩
بونیادگەریی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەکی شێواوی بونیادگەرییە ئەورووپاییەکەیە، بونیادگەریی کوردیش وێنەیەکی شێواوی بونیادگەرییە عەرەبییەکەیە.

**بونیادگەری چییە؟**

بونیادگەری ڕەنگدانەوەی ئەو تەنگژە کولتووری، فیکریی و شارستانییە بوو کە ئەورووپای پێدا ڕەتدەبوو. چونکە ڕووی دەمی تەنیا لەو هەڵبژاردەیە بوو کە بە کاری ڕەخنەنووسینەوە خەریک بوو، ڕەخنەیەکی تا بڵێی بێ جەماوەر بوو، لەوە ناچێ ژمارەی خوێنەرانی زۆر لە ژمارەی نووسەرانی هەڵکشاوتر بووبێ.
نووسینی ڕەخنەگری بونیادخواز، لەو دەقە ئەدەبییەی کە بەسەری دەکاتەوە، سەختترە و نەک هەر دەقی کار لەسەر کراو شیناکاتەوە، بەڵکو خۆی پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، نەک هەر یارمەتی خوێنەر نادا، بەڵکو کارەکەی لێ دژوارتر دەکا و ئەمیش وەک شیعری باڵا ‹Superpoem› خوێنەر لێی تێناگا. بەو ڕەخنەیەی شتراوس لەسەر ئۆدیبی نووسیوە، خوێنەر لە دراماکە نزیکنابێتەوە. ڕۆلان بارت ‹١٩١٥ ـ ١٩٨٠› چیرۆکێکی بەلزاکی بەسەر کردۆتەوە، لێکۆڵینەوەکەی حەوت هێندەی چیرۆکەکەیە.
ئەگەرچی ڕەخنەگری بونیادخواز زۆر باس لە نزیکبوونەوە لە دەق و ڕۆچوون بە ناخیدا، دەکات، کەچی هێندە لێی دوور دەکەوێتەوە، خوێنەر لە بیری دەچێتەوە، ڕەخنەگر باسی چی دەکا. لەبری ئەوەی ڕووناکی بخاتە سەر دەقەکە، دەیشارێتەوە.
ئەو دیاگرام، خشتە و شێوە ئەندازەییانەیشی بونیادخوازان پەنای بۆ دەبەن،

خوێنەر لە دەقەکە دوورتر دەخەنەوە. لە ناکاو بازنە، سێگۆشە، لاکێشە، تیر و هێڵکاری سەیر سەیر قوتدەکەنەوە، بێ ئەوەی خوێنەر بزانێ، چی شیعری بۆدلێر یان نالی لەگەڵ ئەو هێڵە ڕاست و چەپانەدا کۆدەکاتەوە!

میشێل ڕیفایتەر پێی وایە نەک خوێنەری ئاسایی، ڕۆشنبیری لێزانیش لەو ڕەخنانە تێناگات، کە شتراوس و ژاکۆبسۆن سەبارەت بە شیعری بۆدلێر نووسیویانە. هەندێ لەو ڕەخنەگرانەی ‹ئەلیۆت›یان بە ئەرستۆکراتی دەزانی، هەڵبژاردەیش بە تەواوی لە نووسینەکانی خۆیان تێناگا.

ڕەخنەی بونیادگەری گرنگی بە قووڵایی دەدات و پانتایی فەرامۆش دەکا، وەک تیشکی ئێکس دەگاتە سەر ئێسک، بەڵام توێژەکانی پێش ئێسک پشتگوێ دەخا. بونیادخواز شاکاری ئەدەبی تەنیا وەک پەیکەری ئێسک دەبینێ، لێکۆڵینەوەکەی ملکەچی ئامار ، هێڵکاری و قاڵبی پێشوەخت ئامادەکراوە و چونکە تەنیا لە پەنجەرەی زمانەوە دەڕوانێتە دەق، بۆیە ناتوانێ هەموو تێکستەکە ببینێ.

بە لای بونیادگەرییەوە گرنگ ئەدەبیبوونی دەقە، بە چاوپۆشین لە مانای دەق و ئەرکی ئەدەب. بونیادخواز هەوڵدەدا گرنگی بەو ڕەگەزانە بدا کە وایان کردووە، دەقێک بکەوێتە خانەی ئەدەبەوە  و لای ئەو بایەخی دەق تەنیا بە پێوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانییەوە بەندە. لای مارکسییەکان پێوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی تێکست و مێژوو، مانا و گرنگیی کارە ئەدەبییەکە دەستنیشان دەکا.

لای بونیادخوازان گوتە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، گرنگ پێوەندیی نێوان گوتەکانە، پەیامی دەق گرنگ نییە، لایەنی نائاگایی و دیوی ناوەوەی دەقەکە گرنگە.   ڕەخنەی بونیادگەری ناوەکییە، هەر گرنگی بە ناوەوەی دەق دەدات، دەرەکی نییە، ئاوڕ لە دەرەوەی دەق ناداتەوە.

لێکۆڵینەوەی بونیادگەری تەنیا ڕاهێنانە لەسەر زمان. لای سوسێر هیچ پێوەندییەک لە نێوان دەنگی وشەکە و ماناکەیدا نییە و مانای وشە لە ناو خودی وشەکەدا نییە، لە دەرەوەی وشەکەدایە. بونیادخواز کە باس لە بونیادی دەق دەکا، سەرنجی تەنیا لای پێکهێنەرانی دەقەکەیە و ناوەڕۆکی بە لاوە مەبەست نییە. لای ئەم دال گرنگە، مەدلوول هیچ بەهایەکی نییە و تەنیا لە ڕێی زمانەوە جیهان دەبینێ .

**زیندانی زمان**

خولیای سەرەکیی بونیادخواز شیکردنەوەی دەقە لە ڕووی زمانەوە. لای ئەم زمان ئامانجە، نەک ئامێر. دەق سەربەخۆیە و پێوەندیی بە واقیعی دەرەوەی دەقەوە نییە. هەموو شتێ لە دەقەوە دەست پێدەکات و هەر بە دەقیش کۆتایی دێ. بونیادخواز هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، قۆناغی مێژوویی، سایکۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیا بەو بیانووەوەی لە دەرەوەی دەقن، پشتگوێ دەخا.

لای تەوژمی فۆرمالیزمیش کە ڤیکتۆر شکلۆڤسکی ١٩١٧ بانگاشەی بۆ دەکرد، ڕەخنە دەبێ تەنیا لێکۆڵینەوە بێ لە دەقە ئەدەبییەکە و چاو لەو هەلومەرجە کۆمەلایەتییە بپۆشێ کە تێکستەکەی تێدا نووسراوە، یان کە تەنانەت دەقەکە باسی لێوە دەکات و نابێ ئاوڕ لە نووسەری دەقیش بداتەوە، بەڵکو پێویستە تەنیا گرنگی بە فۆرمی دەقەکە و بە شێوازی نووسینەکەی بدات.
لای بونیادخواز هەمان دال لە هەمان دەقدا، مەرج نییە هەر هەمان مەدلوولی هەبێ و هەمان خوێنەر دەشێ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ هەمان دەق هەبێ. لای ئەو هەر دەقێ چەند جار بخوێنرێتەوە، بریتییە لە هێندە دەقی جیاواز، لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکدا، دەقەکە سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تازە لەدایک دەبێتەوە و خوێنەر داهێنەری دەقە. ئەوە نییە کروسمان دەڵێ: ‹خوێنەر بڕیاردەدا، مانای فلان دەق چییە.›
بونیادخواز پێی وایە دەق یاریکردنە بە وشە، جیهانی دەقی شیعری دەرگای لەسەر خودی خۆی داخستووە، لە ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ دابڕاوە و پێوەندیی بە کات وشوێنەوە نییە. لای بونیادخواز، داهێنەر هەر کە لە بەرهەمهێنانی کارەکەی بووەوە، ئیدی پێوەندیی خۆیشی لەگەڵ بەرهەمەکەیدا وەک پێوەندی خوێنەر و بەرهەمەکەی لێ دێ، چونکە کارە ئەدەبییەکە دوور لە دەسەڵاتی داهێنەرەکەی دەبزوێ و ئیشی خۆی دەکا.
بونیادگەری دژی تاکە، چونکە لە لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکاندا، ڕۆڵی ئینسان: نووسەری دەق، لەبەر چاو ناگرێ و باس لە بزربوونی خودی نووسەر دەکا. ئەگەرچی شیعر ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی ئینسانە، کەچی بونیادگەری وەک سیستەمێکی عەقڵی مامەڵەی لەتەکدا دەکا. قوتابییەکانی شتراوس بۆ بنیاتنانی پرد لە نێوان پێکهێنەرەکانی ئەفسانە و خەونی مرۆڤی سەردەمدا، هانایان بۆ کۆمپیوتەر دەبرد.
لە مارکسیزمدا تاک: قوربانییە، هێزە ئابوورییەکان: جەللاد، لە بونیادگەرییدا خود: قوربانییە و زمان: جەللاد. بونیادگەری لووتبەرزانە سەرنجی مێژوو دەدات، ئینسان لە زیندانی بونیاد و سیستەمدا بەنددەکات و لە خۆی نامۆدەکا.
بونیادخوازان وای بۆ دەچن، ئەوە بونیادە، ڕووداو دەخوڵقێنێ و ئینسان زادەی زمانە، ئەوەیان لەیاد دەچێ کە بونیاد بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی بەرهەمهێنانە.
بونیادگەری گرنگییەکی زۆر بە ئامار دەدا، کە دەقێ بەسەر دەکاتەوە، دەنگەکان: بەرز و نزم، ڕەنگەکان: تۆخ و کاڵ، گوتەکان: کورت و درێژ، ڕستەکان: پرسیاری و خەبەری، ناوەکان: تاک و کۆ، ڕاناوەکان: بگۆ و بشنەو، ئاوەڵناوەکان: بێلایەن و لایەنگر، فرمانەکان: داخوازی و ڕابردوو، بکەرەکان: گیاندار و بێگیان، دەژمێرێ.

دەشێ بونیادگەری لە ڕابردوودا لە بواری ئاماردا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، بەڵام هەنووکە کۆمپیوتەر ئەو کارە پوختتر ئەنجام دەدا.

ئایا بە سەرنجدانی دەق تەنیا لە ڕووی زمانەوە، دەتوانین دەقێ بە تەواوی هەڵبسەنگێنین، بە مەرجێ زمان لە هەموو شتێکی دەرەوەی دەق دابڕین؟ زمان لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دیاریکراودا سەرهەڵدەدا، پرۆژەی بونیادگەری زمان لەو زەمینەیە دادەبڕێ، بۆیە وەک دیاردەیەکی ئینسانی تووشی نسکۆ هات. هەوێنی شکستی بونیادگەری لە هەناوی خۆیدا بوو، نەیتوانی بە ڕۆچوون بە ناخی دەقدا، دیوی ناوەوەی دەق ڕووناک بکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارە شاسوارەکانی لێی کشانەوە.

پرۆژەی بونیادگەری بۆیە دووچاری گلان هات، چونکە بونیادخوازان جیهانیان لە دەنکە فاسۆلیایەکدا دەبینی و درەنگ پێیان زانی کە ئەو مێتۆدەی لەگەڵ زماندا دەگونجێ، مەرج نییە بۆ غەیری زمان لەبار بێ. فۆکۆ دەیگوت: حەقیقەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا زمانە. ئەوان زمانیان بە زیندانی عەقڵ دەزانی، کەچی زمان بوو بە زیندانیان.

بونیادگەری زادەی نائینسانیبوونی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە، کۆمەڵگەیەک کە تەکنەلۆژیا ئینسانی کردۆتە شتومەک. بونیادخوازان کەسانێکن ملکەچی یاساکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کەسانێ کە پشتیان کردۆتە واقیع و ئینسان.

گوستاف فلوبیرلە نامەیەکدا کە بۆ لوێس کولێتی نووسیوە، دەڵێ: ‹ئەوی بە لامەوە جوانە، ئەوی دەمەوێ بینووسم، کتێبێکە لەمەڕ هیچ، کتێبێ پشت بە هیچ نەبەستێ، شێوازە بەهێزەکەی بەشەکانی پێکەوە بلکێنێ، تەواو هەر وەک زەوی چۆن کەوتۆتە بۆشاییەوە و بۆ ڕاگرتنی خۆی پێویستی بە شتێکی دەرەکی نییە، ئەویش پێویستی بە هیچ نەبێ. کتێبێ بابەتی نەبێ، یان لای کەم هەست بە بابەتەکەی نەکرێ، ئاخر باشترین کاری هونەری، کەمترین بابەت دەگرێتە خۆی.› بونیادگەری کە هەڵاتنە لە کێشەکان، نەک بەرەنگاربوونەوەیان، ئایا شتێکی لەوە نوێتری گوتووە؟

**هەڵوەشاندنەوە**

لە کۆتایی ساڵانی شەستدا بونیادگەری، گۆڕەپانی بۆ هەڵوەشاندنەوە چۆڵکرد. ئەو دوو پرۆژەیە بە چاوپۆشین لە جیاوازی ئەو سەرئەنجامەی پێی دەگەن، هەردووکیان پشت بە خوێندنەوەی بە دەقەوە نووسان و دوور نەکەوتنەوە لێی ‹Close reading› دەبەستن.

ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی دەق بە مەبەستی دەست نیشانکردنی پێکهێنەرەکانی و پێوەندییەکانی نێوان ئەو پێکهێنەرانە و سەرلەنوێ پێکەوە بەستنەوەی ئەو

پێکهێنەرانە بێ، بەو جۆرەی خوێنەر لە مانای دەقەکە نزیک ببێتەوە، ئەوا هەڵوەشاندنەوە گەڕانەوەیە بۆ ڕەخنەی نوێ، کە ڕەخنەگر ڕۆڵی پردی نێوان دەق و خوێنەری دەبینی.

لای ڕەخنەی نوێ کە نووسەرە ناسراوەکانی بریتی بوون لە: ڕیچارد، ڕانسۆم، ئەلیۆت، وارین، بروکس و بێرک، بە پێچەوانەی هەڵوەشاندنەوەوە، دەق کۆتایی پێ هێنراو و داخراوە، کە نووسەرەکەی لە نووسینی بووەوە، تەواو دەبێ. ڕەخنەی نوێ سی ساڵ ‹١٩٢٠ ـ ١٩٥٠› گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبیی کۆنترۆڵ کردبوو، کە لە ئەورووپا سەردەمی بەسەر چوو، ئینجا گەیشتە وڵاتانی عەرەب و بیست ساڵێ ڕەخنەگرانی عەرەبی سەرقاڵ کرد.

هەڵوەشاندنەوەخوازەکان کە زاراوە ڕەخنەییە دێرینەکان بە شێوەیەکی نوێ دادەڕێژنەوە، پێیان وایە شتی نوێیان داهێناوە. بۆڵ بۆفییە دەڵێ: ‹هەڵوەشاندنەوە هەر درێژەپێدانی ڕەخنەی نوێیە.›

ژاک لاکان، ‹١٩٠١ ـ ١٩٨١› لە ژێر کاریگەریێتیی فرۆید ‹١٨٥٦ ـ ١٩٣٩› دا لە بری دووانەی خود و بابەت، دووانەی ‹من و ئەوی دیکە›ی هێنایە گۆڕێ. بۆچوونەکانی دریدا سەبارەت بە زمان، سەرلەنوێنووسینەوە ‹Intertextuality› و ڕەتکردنەوەی نەگۆڕ و خوێندنەوەی جێی باوەڕ، هەر دەڵێی لە هایدگەرەوە وەرگیراون. ئەوەیشی گوایە ئەدەبیبوونی زمان، بە دووریی ماوەی نێوان دال و مەدلوولەوە بەندە، هەڵوەشاندنەوەخوازان لە هایدگەریان خواستووە.

ئەلیۆتیش لە نووسینە بەناوبانگەکەیدا: ‹لەمەڕ دابونەریت› بە ڕاشکاوی باسی سەرلەنوێنووسینەوەی کردووە و پێی وابووە، هیچ دەقێکی نوێ، دابڕاو نییە لە دەقە دێرینەکان و لە ‹وێرانە خاک› یشدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەڵکی لە کەلەپووری شیعریی لاتینی، ئەڵمانی و ئینگلیزی بینیوە.

ئەڵقەی ناوەندی پرۆژەی هەڵوەشاندنەوە: زمانە، بارت دەڵێ: دەق بریتیە لە زمان و لەو چالاکییەی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زمان دەنوێنرێ . ‹بێرمان›یش پێی وایە: جیهان زمانە، ئاخر بە هۆی زمانەوە لە جیهان تێدەگەین. ئەمەش شتێکی نوێ نییە، ئەوەتا هایدگەر کە مامۆستای دریدایە، دەپرسێ: کامیان پێشتر سەریان هەڵداوە، بوون یان زمان؟ لای ئەمیش شتێ نییە لە دەرەوەی زمان، کە بکرێ بە پێوانە و زێڕی زمان لە مەحەک بدات و خۆیشی جێی مشتومڕ لەسەر کردن نەبێ.

مەسەلەی مەرگی نووسەر کە ڕۆلان بارت ١٩٦٨ جاڕی دا و لای هەڵوەشاندنەوەخوازان زۆر دووبارە دەبێتەوە، شتێک نییە لە داهێنانی خۆیان، پێشتر فۆرمالیستەکان، نووسەرانی ڕەخنەی نوێ و بونیادخوازانیش نووسەریان لە ناو دەقدا نەدەبینی. ئەوەیشی کە مەبەستی نووسەر ناکرێ بە پێوانە بۆ

لێکدانەوەی دەق، گــــرنگ ئەوەیە دەق چی دەڵێ ، ئەمــــەیش برۆکس لە ١٩٥٤دا گوتوویەتی.
ژاک دریدا کـە بـەو مـەبەسـتـە لە مـانای یەکـەم و ئاسـایی دەق دەکـۆڵێـتـەوە، تا وردوخـاش و پەرژوبڵاوی بکاتەوە، پێی وایە ئەو دەقـەی سـەرەتـا و کۆتایـی هـەبێ، ناوەڕۆکەکەی شیـاوی لێ حـاڵیبـوون بێ، ناونیشـان، نووسـەر، پەراوێزی هـەبێ و بکرێ بە سەرچاوە، ئەوە دەقێکی تەقلیدییە.
بارتیش پێی وایە ئەو دەقـەی تەنیا یەک لێکدانەوە هەڵبگرێ، ئەدەب نییە. زمـانی ئەدەبی هـەمیـشـە دەبێ زمـانێکی مـەجـازی بێ. خـەسڵـەتی سـەرەکـیی زمـانی ئەدەبییش ئەوەیە، کە دەشێ خراپ لێی حـاڵی ببین، هەر بۆیە هـەرچی بەرهەمی سەر بە ڕیالیزمە، بارت بە ئەدەبی نازانێ.
لای هەڵوەشـاندنەوەخـوازان زمـانی ئەدەبی ڕێگە بۆ ئەوە خـۆشـدەکا، کـە بە هەڵە لێی تێبگەین و خـراپی بخـوێنینـەوە، ئەو دەقـەیشی ڕێ نادا بەد لێـی حـاڵی بین، ناکەوێتە بازنەی ئەدەبەوە. لای ئەوان خراپ خوێندنەوە: خوێندنەوەی هەڵە نییە، بەڵکو مـەبەسـتیـان جۆرە خوێندنەوەیەکە، ڕێگە بۆ خـوێندنەوەی جیـاوازی دیکە خـۆشبکا. دێ مـان، خـاوەنی چەمکی بەدخـوێندنـەوە دەڵێ: ‹مـەبەسـتم لە خـراپ خـوێندنەوەی چاک ئەوەیە، دەقـەکە دەقێکی تری سـەرنجڕاکێش بەرهـەم بهێنێ و دەقی دووەمیش چەندین دەقی دیکە بهێنێتە گۆڕێ.›
کـێشـەی سـەرەکیی نووسـەری ئەم سـەردەمـە ئەوەیە، چۆن خـۆی لە هـەمـوو ئەو ڕەگەزانە کە ئەدەب لە سەردەمەکانی پێشوودا ڕەچاوی کردوون و ئێستا لە کەڵک کەوتوون و ناتوانن ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانە لەتوپەتبووە بن، ڕزگاربکا. نووسـەر کە دەیەوێ بنووسێ، دەبینێ زمانێکی ئامادەی لەبەر دەستدایە، ئەگەر مل بۆ ئەو زمـانە دێرینە کەچبکا، لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی دووردەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی دەسـتـپاکـانە ئینسـانی هاوچەرخ بەرجـەسـتـە بکا، ئەوا بارت گـوتەنـی دەبێ لە سفرەوە دەستپێبکا. ئەم لە سفرەوە دەستپێکردنەوەیەش هەر دووبارەکردنەوەی هایدگەرە کە داوای سـووتاندنی کتێبخانەکان و شکاندنی بەستەڵەکی دابونەریتی ‹بەو مـەبەسـتـەی بگەینەوە سـەر سـەرچاوەی زمـانی یەکـەم، سـەرەتای بوون، ئەو سـەروەختـەی بۆ یەکەمین جار ناو لە شتەکان نران و ئێستا لە ژێر بەستەڵەکی دابونەریتدا بزربوون،› دەکرد.

**سەرلەنوێنووسینەوە**

بە پێی لێکدانەوەی ڤالیری و بورخیس کاری ئەدەبی: ‹بـەرهـەمی تاقـە نووسـەرێ نییە، بەڵکو ئەنجامی یان بەرهەمی هەوڵی فیکری دنیایە، چونکە هەموو نووسـەرێ سـوود لە ڕۆشـنبـیـریی پێش خـۆی دەبینێ و دەقی نوێی لێ دێنێـتـە بـەرهـەم و خـوێنەریش دەقـەکـە دەوڵەمـەندتر دەکـا.› ڤـینسـینت لیچ دەڵێ: دەق شـتـێکی

سـەربەخـۆی یەکگرتوو نییـە، کـۆمـەڵێ پێـوەندییـە لەگـەڵ چەندین دەقـی دیکەدا. میخائیل باختین یش (١٨٩٥ - ١٩٧٥) پێی وایە هەموو دەقێک دەنگدانەوەی دەقێکی دیکەیە. لای فۆکۆیش تەنیا یەک کتێبی گەورە هەیە، هـەرچی دەنووسـرێ لەژێر کاریگەرێتـیی ئەو کتێبە مـەزنەدایە و دەبێتـە بەشێکی بچووک لێی، ئەو کتێبە گەورەیەش: ئەرشیفە.

بەوەدا هەڵوەشاندنەوەخوازان داوای سڕینەوەی مێژوو، خاپوورکردنی دابونەریت، سـووتاندنی کـتـێـبـخـانەکـان و گـەڕانـەوە بۆ سـفـر دەکـەن، دەبوو دژی سـەرلەنوێنووسینەوە بوونایە، نەک بانگاشەیان بۆ کردبا. دەبوو زمان کە دەربڕی دابونەریت و مێژووە، فەرامۆشبکەن، نەک بیخەنە سەنتەرەوە. بەوەدا (خود: لە لایان ئەو ئارەزووەیە، کە هەر لە منداڵییەوە سەرکوت دەکرێت و بواری پێ نادرێ، خۆی بسەلمێنێ،) دەبوو دژی خودی نووسەر نەبوونایە و جاڕی مەرگیان نەدابا.

**سەمای شەیتان**

تا هـەنووکـە هـەرچی سـەبارەت بە زمـان، دەق، نـووسـەر، خـوێنەر، ڕۆڵی مـێـژوو، شیکردنەوەی دەق، جۆرەکانی نووسین و ڕەخنە نووسراوە، هەڵوەشاندنەوە گومان لە هەمـووی دەکا. لیچ سـەبارەت بە هێلیس مـیللەر کە هـەڵوەشـاندنەوەخـوازێکی ناسراوە، دەڵێ: (شەیتانێکە سەما لەسەر لاشەی قوربانییەکانی دەکات و گایەکی هەڵچووە، خۆی کردووە بە دووکانی چینیفرۆشێکدا.)

هەڵوەشـاندنەوەخـوازان تەنیـا وەک ڕووکـەش، گـومـان لە هەمـوو شـتێکی دێرین دەکـەن، بە گـژ لێکدانـەوە کـۆنەکـاندا دەچنـەوە و لە ڕابردوو یـاخی دەبن، دەنا ڕاستییەکەی بەشێکی گرنگی لێکدانەوەکانیـان هەر شـتـە دێرینەکانە، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا. جێی سـەرنجـە لە بواری پڕوپاگەندەی چاک بۆ یەکتری کردندا، هێندە شـارەزان، هیچ بازرگانێ بە تۆزی پێیاندا ناگا. بەرهەمی بێپێزی یەکتری بە شاکاری نەتەوەیی، بە سەر خوێنەری ئاساییدا ساغدەکەنەوە.

جۆن ئیلیس دەڵێ: (هەڵوەشـاندنەوەخوازەکان کە شـتە کۆنەکان بەشێوەیەکی نوێ دادەڕێژنەوە، هـێنـدە لووتبـەڵندن، ئەوی لـەگـەڵیـاندا نـاکـۆک بێ، بە نـەزان و کۆنەخـوازی لە قـەڵەم دەدەن. هیـچی نوێیـان پێ نییـە، بێجگە لە بریندارکـردنی نەیارەکـانیـان و هونەری ناردنی پۆشـاکی کـۆن بۆ بـازاڕی ئەدەب، لە پاکـەتی نوێدا.) لەوانەیـە کـەس هێندەی ئیـبـرامـز بە قـووڵی ئەدەبی سـاڵانی پەنجـای نەخوێندبێتـەوە، کەچی کیللەر کە قوتبێکی هەڵوەشاندنەوەیە، ئەویشی پێ نەزان و دواکەوتووە. هەڵوەشـانـدنەوە خـوازانی عـەرەب لە ئەورووپاییـەکـانـەوە تووشی ئەم پەتای لووتبڵندییە بوون، کوردەکانیش لە عەرەبەکانەوە تووشی هـاتوون.

ئایا ئەوان بە چ مەبەسـتێ دابونەریت و مێژووی مـەعریفە خاپوور دەکەن؟ تەنیا لە پێناوی خـاپوورکـردندا، یان بە مـەبەسـتی ڕۆنـانی شـتـێکی نوێ لـە کـەرەسـە

دێرینەکانی تەلاری مێژوو؟ فۆکۆ کە مێژوو بەسەر دەکاتەوە، مەبەستی سڕکردنێتی. ئەو دان بە کۆششی فیکریی کەسانی پێش خۆیدا نانێ، هەوڵی سڕینەوەی مێژوو دەدات و دەیەوێ خۆیی لێ ڕزگار بکات.

بە پێی ئەرکیۆلۆژیایەکەی فۆکۆ، ئینسان هێندە لە مێژ نییە داهاتووە، تەمەنی لە دوو سەدساڵ کەمترە و سەرهەڵدانی ئینسان بادانەوەیە لە مەعریفەماندا و هەر کە شێوەی مەعریفەمان گۆڕانی بە سەردا هات، ئینسان بزردەبێ. فۆکۆ لە مێژووی سێکسەکەیدا لەم بۆچوونەی پاشگەز دەبێتەوە. بە قسەی خۆی، فۆکۆ نیوەی یەکەمی سالانی شەست لەژێر کۆنترۆڵی سیحری بونیادگەریدا بووە، دژایەتی کردنی ئەو بۆ مرۆڤخوازی، بە تایبەتی لە ‹لەدایکبوونی عەیادە›دا، ڕەنگدانەوەی ئەو جادووەیە. شتراوسیش پێی وایە ئینسان هیگڵ و مارکس دایانهێناوە، دەنا جیهان بێ ئینسان سەری هەڵداوە و بێ ئینسانیش کۆتایی دێ.

هەڵوەشاندنەوە، ئەو گایەی گومان تووڕەی کردووە، هیچ بە پیرۆز نازانێ، هەرچی هەیە تەنیا لە پێناوی تێکشکاندندا، تێکیدەشکێنێ، ئەگەرنا هیچی باشتری پێ نییە. ئاخر ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوە لەسەر بناغەی ‹کاولکاری و تێکشکاندن›ی هایدگەر هەڵچنراوە.

**خوێندنەوەی دەق**

لای بارت ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە:

* دەق تەنیا زمانە.
* سیستەمی پێوەندیی نێوان وشەکان، ئەدەبیبوونی دەق دەستنیشان دەکا، نەک گوتار.
* دەق یاریکردنە بە دال، بۆ بە نهێنی هێشتنەوەی مەدلوول.
* دەق لە سنوور و ڕێساکان یاخیدەبێ.
* دەق چ مەبەستێکی لە هەناویدا حەشار داوە گرنگ نییە، پەرژوبڵاوییەکەی گرنگە.
* دەق وابەستەی یۆتۆپیا و لەززەتی جنسییە.
* نووسەر چونکە سەرلەنوێ دەقێک دەنوسێتەوە، بۆیە ناتوانی خۆی بە باوکی دەقەکە بزانێ.
* نووسەر نە دەستی بە نووسینی دەق کردووە و نە دەتوانێ کۆتاییشی پێ بهێنێ، تەنیا مێوانێکە کەی ویستی، دەتوانێ سەردانێکی دەق بکا.
* خوێنەر سەرپشکە فلان دال بە کام مەدلوول لێکدەداتەوە.

جیاوازی یان دواخستن، یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی هەڵوەشاندنەوە، دریدا مەبەستی لە ‹Differance› ئەوەیە: هیچ وشەیەک مانایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەمان وشە چەندین مانای جیاوازی هەیە و بەردەوام مانای خۆی دوا

دەخات و نایدات بە دەستەوە. ‹دال ـ مەدلوول ـ دال› دال ئەگەر مەدلوولێکیشی هەبێ، مەدلوولەکە دەبێتەوە بە دال و ئەم داڵە نوێیەش مەدلوولێکی تازەی دیکەی هەیە و دەیشبێتەوە بە دالێکی دیکە و بەم شێوەیە مانای خۆی دەگۆڕێ و دوادەخات.
خوێنەر دەتوانێ چۆنی دەوێ، وا دەقەکە لێکبداتەوە و سەرلەنوێ بینووسێتەوە. دەق داخستن ناناسێ ، خۆی بە دەستەوە نادا، تەمومژاوییە، لەگەڵ چەندین دەقی دیکەدا دەستی تێکەڵ کردووە، مەبەستی خۆی ساغ ناکاتەوە، کۆتایی بۆ نییە و هەمیشە کراوەیە. هەموو خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی پێشتر هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچ خوێندنەوەیەک ڕاست نییە. دەق: قابیلی خوێندنەوە نییە، هێندە پەرژوبڵاوە، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، بە چەندین شێوازی جیاواز دەخوێنرێتەوە، هەرگیز مانایەکی نەگۆڕ، جێی متمانە و تەواوی بۆ دیارناکرێ. تەنانەت بارت پێی وایە ‹ئەوی بڕوای بە مانای کۆتایی و دیاریکراوی دەق هەبێ، بڕوای بە حەقیقەتی پێشوەخت و نەگۆڕیش هەیە.›
ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەخواز، نایەوێ مانای دەق لێکبداتەوە، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە دەق مانایەکی دیاریکراوی نییە، یان هێندەی ژمارەی خوێنەرانی مانای هەیە و هەوڵدەدا دەقەکە لە تەقینەوەیەکی بەردەوامدا بێ. لای ئەم شتە سەرەکییەکان، دەبنە لاوەکی، لاوەکییەکان دەبنە سەرەکی. هەڵوەشاندنەوەخواز قاچی دەق دەکاتە ئاسمان ، لەسەر سەر ڕایدەگرێ و ساختمانی دەق دەڕووخێنێت و چەقەکەی دەگۆڕێ.
هێلیس میللەر دەڵێ: ‹ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە بەردە لەقەکەی بینای دەق بدۆزێتەوە و بیهەژێنێ تا تەلاری دەقەکە، کە لەسەر هەرەسهێنان بوو، بڕووخێنێ.›

**نووسەری بێ دەسەڵات**

ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەخواز گوایە بۆیە بە کۆڵانە تاریک و تەسک و پێچاوپێچەکانی دەقەکەدا دەگەڕێ، تا بیسەلمێنێ ئەوە دەقەکەیە خۆی دەکاتەوە و ئەم تەنیا بە چینەکانی خوارەوەیدا ڕۆدەچێ و هەوڵدەدات لەو ڕێیەوە لایەنە تاریکەکانیشی قابیلی بینین بن. لای ئەم، نووسەر هەر کە لە نووسینی دەقەکەی بووەوە، ئیدی دەقەکە لەژێر دەسەڵاتی دەردەچێ و دەکەوێتە بەر دەستی کەسانێکی نامۆ، کە بە پێی توانای ڕۆشنبیریی و ئارەزووی خۆیان لێکیدەدەنەوە و هیچ مەرج نییە، وای بخوێننەوە، وەک نووسەرەکەی پێی باشە.
بەردی بناغەی ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوە، ڕۆڵی خوێنەرە. دەق مانای خۆی دەستنیشان ناکا، ئەوە خوێنەرە ماناکەی دەدۆزێتەوە. خوێنەر نەک هەر بەشداری لە داهێنانی دەقدا دەکا، بەڵکو سەرلەنوێ دەینووسێتەوە و بڕیار لەسەر

بەهاکەیشی دەدات. لای بارت، خوێنەر دەستپێکەر و بزوێنەر و بەرهەمهێنەری دەقە.

لە ڕوانگەی تیری ئیگڵتن و بییر ماشیرییەوە، لە دەقدا گەلێ بۆشایی و شوێنی بێدەنگ هەن، خوێنەر ئەو بۆشاییانە پردەکاتەوە و شوێنە بێدەنگەکان دەهێنێتە گۆ. ئەم بۆشایی و بێدەنگییانە ئەوە دەردەخەن، کە دەقەکە تەواو نەکراوە و ئەوە ئەرکی خوێنەرە تەواوی بکات. خوێنەر چۆن دەقەکە تەواو دەکا؟ ئەمە پێوەندیی بە پاشخانی ڕۆشنبیریی، توانای ئەدەبی و ئاستی پەروەردەی هونەریی هەر خوێنەرێکەوە هەیە. خوێنەر لە ڕابردوودا چی خوێندۆتەوە، کاردەکاتە سەر لێکدانەوەی ئێستای. لەم تێڕوانینەوە، ئەوە تەنیا نووسەر نییە کە سەرقاڵی سەرلەنوێ نووسینەوەیە، خوێنەریش هەر خەریکی هەمان کارە.

تەنانەت ئایدۆلۆژیایش بە هۆی بۆشایی و بێدەنگییەوە لە دەقدا ڕەنگدەداتەوە، ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە لە ئاستی ئەو بۆشایی و بێدەنگییانەدا هەڵوەستە بکات و بیانهێنێتە قسە و ئەوی دەق نەیگوتووە، ئەم بەسەری بکاتەوە. ڕەخنەگر لە دێڕەکاندا بۆ مانای دەق ناگەڕێ، لە نێوان دێڕەکاندا بۆی دەگەڕێ، مشتومڕ لەسەر ئەوە ناکا دەقەکە چی گوتووە، باسی ئەو شتانە دەکا کە دەقەکە لێیان بێدەنگ بووە. ئەو خوێنەرانەیشی هۆشیاری کۆمەڵایەتییان لە ئاستێکی بڵنددایە، دەتوانن کەلێنەکانی دەق پڕبکەنەوە.

**دەسەڵاتی خوێنەر**

دەق ئەگەر خوێنەری نەبێ ناژی. بورخیس دەڵێ: ‹تامی سێو، لەناو سێوەکەدا نییە، لە پێکگەیشتنی سێوەکە و مەڵاشوودایە. شیعریش لە دیواندا نییە، لە پێکگەیشتنی شیعر و خوێنەردایە.› بۆیە دەبێ لە ڕوانگەی خوێنەرەوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەق بکرێ. خوێنەر جۆری زۆرە: خوێنەری ئاسایی، نموونەیی، لێزان و باڵا. وەک چۆن ئەگەر دوو کەس لە هەمان شەودا سەرنجی هەمان کۆمەڵە ئەستێرە بدەن، دەشێ لای یەکێکیان لە وێنەی کۆتر و لای ئەوی تریان لە وێنەی تەور بچێ. دەقیش وەک ئەو کۆمەڵە ئەستێرەیە وایە، هەر خوێنەرە و لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیخوێنێتەوە.

خوێندنەوە وتووێژێکی دیالێکتیکییە، لە نێوان پرسیارەکانی دەق و وەڵامەکانی خوێنەردا، یان لە نێوان پرسەکانی خوێنەر و بەرسڤەکانی دەقدا. مانای دەق لەناو دەقەکەدایە و نابێ قسەیە بخرێتە سەر زاری کە نەیگوتبێ. دەشێ دەق هەندێ مانا و لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێ، وەلێ ناشێ هێندەی ژمارەی خوێنەرانی، مانا و لێکدانەوە لە هەناویدا حەشاربدا. شۆپنهاوەر گوتەنی: ‹کاری ئەدەبی وەک ئاوێنە وایە، ئەگەر گوێدرێژێک سەیری کرد، نابێ چاوەڕوانی ڕەنگدانەوەی وێنەی فریشتەیەک بکەین.›

بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوە دەڵێی دوو ڕووی یەک دراون، لایەنە هاوبەشەکانیان گەلێ زێترە لە جیاوازییەکانیان، لەگەڵ بزربوونی دەق و مەرگی نووسەردان و جۆرە ڕابواردنێکی فیکرین، تایبەت بە هەڵبژاردەیەکی ئەورووپایی و لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستانەوە زۆر دوورن.

1999. 11. 18

**سەرچاوەکان**


‹١› المرایا المحدبە د. عبدالعزیز حمودە عالم المعرفە ١٩٩٨ الکویت.*

‹٢› کیف اشرح النص الادبی توفیق ڤریرە ١٩٩٦ قرطاج.

‹٣› المؤلف الصورە فی المرأە صدوق نورالدین المدی عدد ١٤ دمشق ٩٩٦

‹٤› قضیە البنیویە عبدالسلام المسدی دار الجنوب ١٩٩٥ تونس

‹٥› افاق العصر د. جابر عصفور دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

‹٦› الروح الحیە فاضل العزاوی دار المدی١٩٩٧ دمشق

‹٧› برج بابل د. غالی شکری ریاض الریس للنشر ١٩٨٩ لندن.

‹٧› القصە القصیرە ایان راید ت: د. منی مؤنس الهیئە المصریە العامە للکتاب ١٩٩٠ القاهرە.

‹٨› نظریات معاصرە د. جابر عصفور در المدی ١٩٩٨ دمشق.

‹٩› الصوفیە و السوریالیە ادونیس ط٢ دار الساقی ١٩٩٥ لندن.

‹١٠› الرمز و السلطە بییر بوردیو ت: د. عبدالسلام بنعبد العالی دار توبقال ط٢ ١٩٩٠ الدار البیضاء.

‹١١› الکلمات و الاشیاء میشیل فوکو ت: مطاع صفدی مرکز الانماء القومی بیروت.

‹١٢› جمالیات التلقی ابراهیم السعافین فصول عدد٣ القاهرە ١٩٩٧

‹١٣› بلاغە الخطاب و علم النص د. صلاح فضل عالم المعرفە ١٩٩٢ الکویت.

‹١٤› البنیویە و ما بعدها جون ستروک ت: د. محمد عصفور عالم المعرفە ١٩٩٦ الکویت.

‹١٥› الکتابە و الاختلاف جاک دریدا ت: کاظم جهاد دار توبقال١٩٨٨ الدارالبیضاء.

‹١٦› مواقع جاک دریدا ت: فرید الزاهی دار توبقال ١٩٨٨

‹١٧› درس السیمیولوجیا رولان بارط ت: ع. بنعبد العالی ١٩٩٣ دار توبقال.

18 Modern litteraturteori Claes Entzenberg & Cecilia Hansson Del 2 Studentlitteratur Lund 1997

‹١٩› الانهمام بالذات میشیل فوکو ت: جورج ابی صالح مرکز الانماء القومی بیروت.


* بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە کەڵکێکی زۆرم لە ژێدەری یەکەم بینیوە.

## ئەبوبەکر عەلی
1994 – 1963

‹شاعیر کە پێویست بوو، بە خوێنی خۆی شیعر دەنووسێ. بە ڕاست هیچ شیعرێکی ئەبوبەکر عەلی لە مەرگی جوانترە!›

**یەکی ئەیلوولی** ١٩٩٤

١٩٨٩ دوو برای ئەبوبەکر، لەبەر ئەوەی سەر بە ‹ی. ن. ک› دەبن، لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێن. هەر لەسەر یەکێتی هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان، تەنانەت براژنەکانیشی بۆ باشووری عێراق دووردەخرێنەوە. پێش ڕاپەڕین دوو جار دەگیرێ. هەڵسووڕاوێکی چالاکی یەکێتیی بێکاران دەبێ. ١٩٩٣ کۆمەڵەشیعرێکی ٣٤ لاپەڕەیی: ‹ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن› بڵاودەکاتەوە. تا سەرهەڵدانی کێشەی خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی سلێمانی، هەر لە ‹ی. ن. ک›ەوە نزیک دەبێ.
لە یەکی ئایاری ١٩٩٤دا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە یاریگای سلێمانی کۆبوونەوەیەک سازدەکا، تێیدا ئەبوبەکر لەبری دانیشتوانی گەڕەکی حامیە دەپەیڤێ و بە دەسەڵاتدارانی شار دەڵێ: ‹ئێوە نەک هەر ژیانێکی گوڵینی وەک ژیانی خۆتانمان بۆ دابین ناکەن، ئەوەتا لێمان ناگەڕێن ژیانێکی قوڕینیش بەسەر ببەین.› ١٦ی ٨ی ١٩٩٤ ئاسایشی سلێمانی دەیگرێت و شەش ڕۆژ زیندانی دەبێ. کەسێکی دەرەوەی دەزگای ئاسایش بە تایبەتی دێت و بە شێوەیەکی سەخت ئەشکەنجەی دەدات. لە یەکی ئەیلوولی ١٩٩٤دا لە شەقامی بێسارانی کە دەکەوێتە نێوانی باخی گشتی و یانەی فەرمانبەرانەوە، تیرۆر دەکرێ. ساڵێ بەسەر مەرگیدا تێناپەڕێ، دایکیشی سوێی دەبێتەوە.
لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا هاتوچۆکردن قەدەغە کرا، لە درزی دەرگاکەوە چاوم لێ بوو، سەربازێ دیلێکی پێ بوو، پێی گوت: هەڵێ! کە ڕایکرد گوللەیەکی بە دەفەی شانییەوە نا. ئەو سەربازە لە حامیەی سلێمانییەوە هاتبوو. هەر ئەو ڕۆژە سەربازانی هەمان سەربازگا، دەیان دیلیان لە دۆڵێکدا کوشت و هەر لەوێشدا تەرمەکانیان شاردنەوە. ئەو شوێنە دواتر بە دۆڵی مەرگ ناوبانگی دەرکرد. چیرۆکی ‹چاڵی جەرگی پیرێژن›ی حسێن عارف، باس لەو ڕووداوانەی هاوینی

ساڵی ٦٣ی سلێمانی دەکا.
لەو حامیەیەدا کە خەڵکی ڕاپەڕیوی سلێمانی بەهاری ١٩٩١ داریان بەسەر بەردییەوە نەهێشتبوو، خەڵکێکی لێقەوماو،خانووچکەی پەڕپووتیان بە وشکەکەڵەک، لەوح، تەنکە و قوڕ پێکەوە نابوو. پارێزگاری سلێمانی بێ ئەوەی هیچ ڕێگاچارەیە بۆ ئەو خەڵکە هەژارە دیاریبکا، لە ٢٠ی ٨ی ١٩٩٤دا بە نووسراوێ ئەو دوو سەد ماڵە ئاگادار دەکات کە: ‹لە یەکی ئەیلوولدا، ئەو خانووانە تەختدەکرێن، بۆیە چی زووترە دەبێ چۆڵبکرێن.›
لە یەکی ئەیلوولدا خەڵکی خانووەکانی حامیە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێ بۆ کێشەکەیان، بە ڕێپێوانێکی هێمن دەگەنە بەردەمی باڵەخانەی پارێزگا.
پاسەوانەکانی پارێزگار دەیانەوێ بە تۆپزی ئەبوبەکر بەو بیانووەی نوێنەری گەڕەکە، بۆ وتووێژ ببەنە ژوورەوە. ئەو چونکە پێشتر دەزگای ئاسایش هەڕەشەی کوشتنی لێ کردبوو، دەزانێ نیازیان خراپە، خۆی بە دەستەوە نادات و دەیەوێ دووربکەوێتەوە. پاسەوانان دوای دەکەون، تەقەی لێ دەکەن، سەرەتا بریندار و دواتر دەیکوژن. بۆ شەوێ سالار عەزیزی پارێزگار لە TVی یەکێتییەوە دەڵێ: ‹گەڕەکی حامیە سەرەڕای ڕێز لە یاسا نەگرتن، شوێنی بەدڕەوشتی و کانگای فەسادیشە.›
ڕێی تێ دەچێ سالار عەزیز لە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی تیرۆرکردنی ئەبوبەکردا بەشدار بوو بێ، ئەگەرنا تاوانباری سزادەدا، یان دوای ئەو ڕیسواییە وازی لە پارێزگاری دەهێنا. بە عەقڵی کێدا دەچێ، بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەر چاوی خەڵکەوە، لە بەردەمی باڵەخانەی پارێزگادا، بێ فەرمانی پارێزگار خۆی، پاسەوانانی پارێزگار کەسایەتییەکی ناسراو تێرۆر بکەن!
بەعس کە شۆڕشگێڕێکی لە سێدارە دەدا، بەڵێننامەی بە کەسوکارەکەی ئیمزا دەکرد، کە بە هێمنی بینێژن، ئینجا تەرمەکەی دەدایەوە. ی. ن. ک یش بە هەمان مەرج تەرمی ئەبوبەکری دایەوە. تەرمەکەی تەنیا جێی دوو گوللەی پێوە بوو، یەکێکیان بە پشتییەوە و ئەوی تریان بە ناو دەمییەوە. ئەم ڕقە ئەستوورەی دەسەڵاتداران لە ئەبوبەکر، لەبەر ئەوە بوو، داکۆکی لە چەوساوەکان دەکرد و لە پێناوی بەدیهێنانی داخوازییەکانیاندا، بە گژ چەوسێنەراندا دەچووەوە.
ئەمە عەشقە و
ئەمە بەری ڕووبارێک بە لەپ گرتنە و
هەر بە منداڵی ڕۆچۆتە دەمارمەوە. ‹هۆنراوەی ترێی تاڵ›
خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەنم
لانکەیەکم دەیان ساڵە
چەقۆ و خەنجەر ڕائەژەنم. ل٣

ئیفلاتوون بۆیە شاعیرانی لە کۆمارەکەی وەدەرنا، چونکە ڕەخنەیان لە خوداوەند و قارەمانە ساختەکان دەگرت. ئەبوبەکریش چونکە ‹نە بە تەوێڵی هۆنراوە کەوشی میری دەسڕی› و نە بە نسکۆی سوڵتانی دەگوت سەرکەوتن و نە دۆزەخی نیشتمانی وەک بەهەشت نیشاندەدا، بۆیە زمانیان بڕی. بکوژە ڕاستەقینەکانی ئەبوبەکر کەی ئارەزوویان لێ بێ، دەتوانن تەلاریکی بڵند، یان ژنێکی نوێ بکڕن، بەڵام ئاخۆ دەتوانن هەر بەو ئاسانییە پەڵەی نێوچاوانیشیان بسڕن! سادات کە لە بەردەم ڕووناکبیرانی میسردا شکستی خوارد، هەموویانی فڕێدایە زیندانەوە، یەکێتیش کە ئەبوبەکری پێ کەوینەکرا، تیرۆری کرد. هەمان گوللە هاوزەمان زمانی ئەبوبەکری لە گۆ خست و تیرۆریستانیشی ڕیسوا کرد.

**خوێن و پارە**

هێشتا دەسەڵاتدارانی سلێمانی ئەو تاوانبارەیان دەستنیشان نەکردووە، کە ئەبوبەکری کوشت، بەڵام بۆ داپۆشینی تاوانەکەیان، سالار عەزیز پەنجا هەزار و عومەری سەید عەلی ‹بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیی ی. ن. ک› دە هەزار دیناری بە دایکی شاعیری شەهید دابوو. خوشکی ئەبوبەکر لەو وتووێژەدا کە ئاشنا کەمال لەسەر خواستی نووسەری ئەم باسە لە تەکیدا کردوویەتی، دەڵێ: ‹بەکری برام لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوەی کردووە، کە ی. ن. ک نیازی هەیە تیرۆری بکا.... ئێمە لە بری خوێنی براکەم پارەمان ناوێ، دەمانەوێ خوێنی بەفیڕۆ نەڕوات، تاوانبار بدۆزرێتەوە و بە سزای خۆی بگات.›

ماوەیەک ی. ن. ک بۆ چاوبەست مێردمنداڵێکیان ‹کە گۆران ی ناو بوو،› بەگیر هێنا بوو، گوایە ئەو ئەبوبەکری کوشتووە، دواتر گۆرانیان ئازادکرد و شێرکۆی برای ئەبوبەکریان بەو بیانووەی نیازی وایە تۆڵەی براکەی بکاتەوە، گرت. وەک خوشکی ئەبوبەکر دەڵێ، قوبادی جەلیزادە فریای کەوت، دەنا ئەویشیان تەمێ دەکرد.

‹دڵنیاین گوللەبارانکردنی ئەبوبەکر عەلی لە لایەن چەکدارەکانی پارێزگاری سلێمانییەوە، دوا تاوان نابێت، شەهیدکردنی ئەبوبەکری ئاشتیخواز، خۆشەویست و جێی متمانەی ماڵە ئاوارەکانی حامیە، کارەساتێکی گەورەیە و هیچ پاساودانێک قەبوڵناکات و پەڵەیەکی ڕەشی لە سڕینەوە نەهاتووە بە تەختی تەوێڵی پارێزگار و حکوومەتی هەرێمەوە و بە ڕەسمی دەستپێکردنەوەی قەتڵوعامی ئەدیب و هونەرمەندانی کوردستانە و هەڵگەڕانەوەیە لە ڕاپەڕینی شکۆمەندی ئاداری ١٩٩١ و گەڕانەوەیە بەرەو فاشییەت و لە نوێ بە کۆیلە کردنەوەی جەماوەرە، بە گشتی.›

لەسەر ئەم ڕستانە کە لە بانگەوازی ١٤ی ئەیلوولی ١٩٩٤ی نووسەران و هونەرمەندانی سلێمانیدا هاتبوون، پارێزگاری سلێمانی بە مەبەستی

پەشیمانکردنەوەیان، بەشێ لە ئیمزاکەرانی بانگەوازەکە بانگ دەکات و چەکی هەڕەشە دەخاتەکار، بەلام کەسیان لە ئیمزای خۆیان پاشگەز نابنەوە و تەنانەت پێشی دەڵێن: ‹بەعس هەڵسوکەتی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا چۆن بوو، هیچ نەبێ ئێوەش وا ڕەوتارمان لەتەکدا بکەن.›
کوشتنی ئەبوبەکر بەجۆرێ لە سوێد دەنگی دایەوە، هەندێ کەسی سەر بە ی. ن. ک پەنایان بردە بەر هەڕەشەکردن، لە: ئینگرید کارڵکڤیست و ئولا ڕیشاردسۆن، ئەو دوو ڕۆژنامەنووسەی لە ٢٤ی شوباتی ١٩٩٥دا لە ڕۆژنامەی iDAG دا ناو و وێنەی ئەو سوێدییانەیان ئاشکراکرد، کە لە کوردستان شاعیریش تیرۆردەکەن. سالار عەزیز و عومەری سەیدعەلی کە هەردووکیان هاوولاتی سوێدین، لە ڕۆژنامەی iDAG دا، وەک مرۆڤکوژ ناویان هێنرابوو.
نزیکەی ٢٢ مانگ بەسەر تیرۆرکردنی ئەبوبەکردا تێپەڕیبوو، لە٢١ی ٦ی ١٩٩٦دا سالار عەزیز لە ڕادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵمەوە گوتی: ‹ئەبوبەکر بێ تاوان بوو، ترسا، ڕایکرد، تەقەی لێ کرا و کوژرا، هێشتا قەزیەکەی لای حاکمە.› ئەوی ئەبوبەکری کوشتبوو، خۆی نکوولّی لێ نەدەکرد، فەرماندەی پاسەوانانی پارێزگار بوو، لە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتیدا، کوژرایەوە.

**دەربڕینی نوێ**

شیعری نوێ وێنەی خۆرئاوابوون، خەرمانەی مانگ، درەوشانەوەی ئەستێرە، هەڵچوونی دەریا، هاژەی ڕووبار، جریوەی چۆلەکە، بالای چنار، سەوزایی دارستان و بۆن و بەرامەی گوڵ ناکێشێ، بە کامێرای نهێنیی وشە وێنەی خەون و خولیا، هەست و نەست، خەم و شادی، هیوا و بێئومێدی، دڵەڕاوکێ و ئارامی و ئەوین و قین دەگرێ. شیعری نوێ بە ناخدا ڕۆدەچێ ، حاڵەتە ئالۆزەکان بەرجەستە دەکات، تژییە لە شتی سەیر و نهێنی و ناکۆک. هیچ هونەرێ هێندەی شیعر ناخی ئینسان ناخاتە ڕوو. شیعر ئەگەرچی هاواری ناخی شاعیرە، کەچی لە ناخی کەسانی تریشدا دەنگ دەداتەوە. شیعر سەبارەت بە شتێک نادوێ، شتەکە دێنێتە قسە.
تازەگەریی لە شیعردا لە بۆشاییدا ڕوونادا، بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەلایەتی و پێوەندییەکی پتەوی بەو قۆناغە مێژووییەوە هەیە، کە هەر کۆمەڵگایەکی پێدا تێدەپەڕێ. شیعری نوێ لە دەسەلات یاخی دەبێ، شیعر تەنیا بە شێوازی کۆن و باو دەتوانێ لە ڕاژەی دەسەلاتدا بێ. دەسەلاتدار لە شیعری سوریالی تێناگات، بۆیە دژی دەوەستێ. کەس شیعری سوریالی بۆ دیکتاتۆر نالّێ. ‹ڕیتمی شیعری ستوونی، ڕیتمی گیانی خێڵە، بۆیە نوێخوازترین شاعیریش کە بیەوێ بە بالای سوڵتانێکدا هەڵبلّێ، دەگەڕێتەوە سەر هەمان ڕیتم. سەییاب کە ناساغ بوو، بە شیعرێکی ستوونی ستایشی ‹قاسم› ی کرد، تا بۆ چارەسەر بۆ دەرەوەی عێراقی

بنێرێ.› ئەم ڕێسایە شێرکۆ بێکەس ناگرێتەوە، ئەو گوڵی پەخشانەشیعریش لە یەخەی دەسەڵاتداران دەدا.

ئەدونیس دەڵێ: ‹زمانی ئاسایی زمانی ڕوونکردنەوەیە، وەلێ زمانی شیعر زمانی ئاماژەیە. شیعر ئەو شتانە دەڵێت کە بە زمانی ئاسایی ناگوترێن.›

بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی!

بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە!

نالی بە ڕاشکاوی نەیگوتووە، تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە فرمێسکی ئاڵی لە مەی و دڵی ناسکی لە شووشە دەچێ. ئەرکی ڕەخنەگرە بایەخ بەوە بدات، کە فلان شاعیر کام بەردەی ناوەتە سەر دیواری کەلەپوور و چی تازەی گوتووە؟

بە شەو چەمی گەوهەربەندی پشتێنت

لێم ئەبێتە ئاوێنەی بالانوێنت. ‹هۆنراوەی مۆسکۆی جوان›

لای گۆران چەم پشتێنی شارێکە، کەچی لای ئەبوبەکر چەم پشتێنی کچێکە:

دیجلەم ئەکردە پشتێنت. ‹ هۆنراوەی ترێی تاڵ›

لای لەتیف هەڵمەت پرچی کچ: ڕەشماڵە، لای ئەبوبەکر گۆڕە:

وەرە ئەمشەو لە پرچەکانتا بمنێژە. ل ١

سەرنجی ئەم دەربڕینە نوێیانە بدەن، کە ئەبوبەکر دایهێناون:

سارد وەک ئەو گڕەی

شەو لە چراکەی موشیردا ئەنوست،

زەرد وەک دڵی پیر. ل١٧

کورت وەک دارەکەی مێجەرسۆن. ل٤

ئەو پرچانەی لە جۆگەلە درێژتر بوون. ل١

پرچەکانت دوو چرای قوڕگ هەڵکەنراون. ل٢

وەک توولە ڕێی قەدپاڵێکی گوێژە تەنیام. ل٣٠

هۆ ئەو کچەی لاسارتری لە ڕەشەبا

هۆ شارنشینی چاو: گەلا. ل٧

خۆشەویستیتان سەگێکە پێم ئەوەڕێ. ل١١

ئەم بازانە پۆلێ ئاگری باڵدارن،

مەڵۆی فریوی جووتیارن. ل١٣

ڕووبارێک بووی پەلت گرتم.‹ ترێی تاڵ›

ئەم شیعرانە گونکی ژێر تیرۆکەکەی تۆن. ‹هۆنراوەی دایە..دایە›

**زمانی شیعر**

زمانی شیعر لە زمانی ڕۆژانە جیاوازە، بەڵام ئایا کرۆکی شیعر: زمانی شیعرە؟ ئایا دەقی شیعری بە پلەی یەکەم جەستەیەکە لە زمان؟ ئایا ئەو زمانە سادەیەی

ئەبوبەکر پێی دەنووسێ، لە زمانێکی ئاڵۆزی داتاشراو شاعیرانەتر نییە؟ ئایا جوزێف برۆدسکی گوتەنی: شیعر زمانە لە بالاترین توانایدا؟ ئایا زمان ئامانجە؟ «شەکسپیر بەسەر زماندا زاڵ و شارەزای نهێنییەکانی بوو، بەڵام ئەوەی ئەوی بە نەمریی هێشتۆتەوە، لە زمان قووڵترە، ئەوەیە کە ئینسانی ناسیوە.»

تۆ خوێنی سەوزی ئەو دارستان و لێڕەوارانەی

ئاسمان کاسکێتە هەورینەکەی خۆی تیا نەتەکاندوون. ل١٦

داهێنان بە گوتنی شتی جیاوازەوە بەندە، نەک بە توانەوە لە کەلەپووردا. تەقاندنەوەی زمان: نە فەرامۆشکردنی ڕێزمانە، نە شێواندنی ڕێنووسە، نە بەکارهێنانی وشەی بێگانەیە، نە تەمومژی ساختە، بەڵکو گەشەدانە بە زمانە دێرینەکە، بۆ ئەوەی بکارێ دیاردە نوێیەکان بەسەربکاتەوە، ئاخر زمانیش دەبێ لە گەشەسەندندا بێ، ئەگەرنا توانای پرسیاری نوێی نابێ.

وەک ئەو هەورانەی

هەرگیز بیابان مەمکی نەمژیون،

گریای پڕ چاوی ئەو جۆگەلانەی

لە شوێنپێکانی «نالی»دا تەقین،

هێندە گریاوی هاکا پاییزێ

چاوەکانیشت وەک گەڵا وەرین. ل١٩

ڕاستە شاعیر دەبێ بوێرانە مامەڵە لەگەل زماندا بکات، ڕچەبشکێنێ و سڵ لە تابو بەزاندن نەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە «شیعری بالا وەک پارچە ئێسکێ فڕێبداتە بەردەمی سەگی پەخشان.» شاعیری بوێر شوفێر نییە تا نزار قەبانی گوتەنی لەبەردەم گڵۆپی سووری سەرەوادا بوەستێ. خۆبەستنەوەیش بەکێشێکی دێرینەوە، هەر لاساییکردنەوە و گیرخواردنە لە بازنەیەکدا، کە پێشتر سنوورەکەی دیاریکراوە.

ئەم دڵە باڵندەیەکە، شەوانە دێ

پەڕ و باڵی لە دەرگاکەتان هەڵدەسوێ. ل٣١

دەشێ بە لای کەمال محەمەدەوە ئەمە بالابەرزترین شیعری ئەبوبەکر بێ، دەنا نەیدەکرد بە گۆرانی، یان بەلای عەدنان کەریمەوە تەنیا ئەو دێڕانەی لاوکی هەڵەبجە* شیعر بن، کە بە گۆرانی گوتوونی، بەڵام شیعری نوێ ئەگەرچی کێش پشتگوێ ناخا، وەلێ بە تەرازووی گۆرانی ناکێشرێ. شیعری نوێ پشت بە کێشێکی حازربەدەست نابەستێ و ڕیتمی نوێ لە وشەکاندا دەدۆزێتەوە.

خۆت لە دووبارەکرنەوەی وشەی هاوواتا بپارێزە!

وشەی ئاسایی بەکاربهێنە، نەک ئاڵۆز!

بە دڵنیاییەوە مەدوێ!

ئەوانە ئامۆژگارییەکانی ‹بۆرخیس›ن، ئاخۆ شیاوی ئەوە نین شاعیر لەبەر چاویان بگرێ؟ بە لای برۆکسەوە شیعر بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەکی پێشوەختی شاعیر نییە، شیعر شتێک بە خوێنەر ناگەیەنی، خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێ. کەمن ئەو فەیلەسووفانەی کە شیعری جوانیان نووسیوە، چونکە زمانی فەلسەفە، زمانی شیعر نییە. شیعر هاوزەمان وێنەکێشان و مۆسیقالێدان و سەمایە بە وشە. سەرنجی هەر دێڕەشیعرێکی جوان بدەی، هاوزەمان وێنەیەک و ڕستەیەکی مۆسیقاییە و وشەکانی سەرقاڵی سەمایەکی ئەفسووناوین.

**دەمامک و ئاوێنە**

بۆچی لەو شیعرانە ناڵێی کە تێیان بگەم؟ ئەبو تەمام لە وەڵامدا دەپرسێ: بۆچی لەو شیعرانە تێناگەی کە دەیانڵێم؟ ئایا شیعر بۆ ئەوەیە تێی بگەین، یان بۆ ئەوەیە چێژی لێ وەربگرین؟ ئایا ئەو شیعرەی لێی تێنەگەین، چێژی لێ وەردەگرین؟ ئەوەی لەو دیو دیوارەوەیە دیار نییە، ئەوەی لەو دیو شووشەوەیە دیارە، شیعر دەشێ شووشە بێ، یان دیوار. شیعری ئەبوبەکر ئاوێنەیەکی ڕوونە، شاعیری بە زیندوویی تێدا دەبینرێ، ئاخر شیعر و شاعیر دوو شتی جیاواز نین، هەر یەک شتن، شیعر: شاعیرە لە شێوەی وشەدا. شیعر پێناسەیەکی نەگۆڕی نییە، پێناسەی شیعریش وەک شیعر خۆی، هەمیشە لە گۆڕاندایە.

بێخود دەڵێ:

ئەی فیدای ڕەحم و وەفاتان بم مەگەر من یوسفم
ئەم برای خۆتانە وا ئاوارە وو ونکردووە.

هەروەها دەڵێ:

بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکوو باران
بۆچی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لەو یوسفە پرسیومە لە بێگانەوو یاران
هەرگیز نییە سۆراخی لە هیچ لاوە دڵی من.

‹ئەمەل دەنقەل›دەڵێ:

من یوسفی خۆشەویستی زلێخام
کە هاتم بۆ کۆشکی ئازیز
تەنیا هەر مانگم شک دەبرد.

ئەبوبەکریش دەڵێ:

کام زلێخا
کام یاقووب و بیر و برا
لە تەنیایی و گریانی یوسفیت ئەگا؟ ل٨

بە ڕاست شیعر پێویستی بە سیمبۆل، داستان و ئەفسانە هەیە؟ شاعیر

پێویستی بەوە هەیە لەو دیو دەمامکی ئۆلیس، سیزیف، پرۆمیتیۆس و یوسفەوە خۆی بشارێتەوە؟ هەندێ جار شاعیر خۆی لەو دیو دەمامکێکەوە کە کەسایەتییەکی مێژووییە حەشاردەدات و ڕەخنە لە کەموکووڕییەکانی سەردەم دەگرێت و باس لە خولیا و خەم و ئەندێشەکانی خۆی دەکات. گەلێ جار دەمامک هێندە ڕوونە، ڕووی شاعیر لەو دیویەوە دیارە. لە شیعری دەمامکدا شاعیر لە پشتەوەیە، ‹چیرۆکبێژ› بەشداری ڕووداوەکان دەکات، کات: ڕابردووە، ڕاناو: کەسی یەکەمی بگۆیە و سەرچاوە: مێژووە، بەڵام شیعری ئاوێنە کە لای ئەدونیس دوا تەنکیکە، وەک شیعری دەمامک درێژ نییە، چڕە، شاعیر: لە پێشەوەیە، چیرۆکبێژ: شایەتە، کات: ئێستایە، سەرچاوە: ڕووداوی ڕۆژانەی تێکەڵ بە ئەفسانەیە و ڕاناو: کەسی سێیەمی بزرە.

کوڕانی یاقووب، یوسفی برایان دەخەنە بیرێکەوە، کراسەکەی لە خوێنی بزنێک هەڵدەکێشن، وەک کۆیلە دەیفرۆشن و لای باوکیان دەڵێن گورگ خواردوویەتی. مەحموود دەرویش لەسەر زاری یوسفەوە دەڵێ:

‹گورگ لە براکانم دلۆڤانترە، باوکە.›

براکانی یوسف لە برا دێرینەکانی ئەبوبوکر دلۆڤانتر بوون، ئەمان هەر بە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان لە براکەی جارانیان خۆشنابن، لە خوێنی خۆیشیدا شەلاڵی دەکەن. ئەمەل دەنقەل دەڵێ:

خەو بە دنیای خۆشترەوە مەبینن
کە میرێ دەمرێ میرێکی
دیکە جێگەی دەگرێتەوە.

کۆمەڵگایەک نییە، بێ زەبروزەنگ بێ، بە ئاسۆی داهاتوویشەوە، تروسکەی کۆمەڵگای بێ توندوتیژی بەدیناکرێ. مێژووی ئینسان، مێژووی سەرکوتکردنێتی. بەعس دوو جار ئەبوبەکر دەگرێ، بەڵام نایکوژێ، یەکێتی یەک جار دەیگرێ و کە بەرەڵای دەکا، تەنیا نۆ ڕۆژی تر لێی دەگەڕێ ‹شنەی ئازادی هەڵبمژێ،› لە ڕۆژی دەیەمدا دەیکوژێ.

**ڤین و ئەوین**

حەمەفەریق حەسەن دەڵێ: ‹ڕەنگە کەم شاعیر هەبێ هێندەی ئەبوبەکر بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ تووڕە بێ، تا ئەو ڕادەیەی - پێیان - دەڵێ:

هەر یەکەتان تاوانێکی تری حەوان.

بەڵام تووڕەبوونی لە بەکەمزانینی ڕەگەزی مێوە نییە، بە قەدەر ئەوەی بۆ بێدارکەردنەوەی خۆیانە. ئەو هەڵچوونەی زیاتر لە خۆشەویستییەکی بەتینەوە سەرچاوە دەگرێ.›

تۆش هەر وەکوو

کچانی تری شارەکەم
با نیت، شنەی
چەم نیت، زنەی
شەستەباران نیت، پڕووشەی
تەنیا درۆ و عەتر و بۆیە و بووکەشووشەی. ل٣٢

ئاخۆ ئەبوبەکر لە یەک ژن تووڕەیە، یان لە ژنان بە گشتی؟ ئایا ژن هەمیشە لەسەر هەقە؟ ئاخۆ چ ژنێکی دڵبەرد، هەوێنی بێزاریی ئەبوبەکر بووبێ؟ ئەگەر ژنێ بە سەختی برینداری نەکردبێ، ئەوێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گوتبێتی:

لەو ڕەشەبایەش خۆش نابم
تەنیا شەوێ لە حەوشەتانا نوستبێ
بۆنی تەوێڵ و پەرچەم و هەناسەتی
بۆ کەسێکی کە بردبێ. ل ٦

چۆن دڵی دێنێ بنووسێ: ‹ئافرەتیش لەم وڵاتەدا پیاڵەیەکە، فەیلەسووفێک و گەمژەیەک بە یەک نرخ تیا ئەخۆنەوە.› یان بڵێ: ‹نازانم چۆن ئەو دەستە بە دەستی گیڤارا بزانم، کە مەمکێکی تیایە نەک نارنجۆکێک!›

من ئەڕۆم و
تکایە پێی بڵێن ئیتر
بە دیدارم ناگاتەوە،
وەک چەم ئەڕۆم
چەمیش ئاوڕ ناداتەوە،
بێزارم ، بێزارم لێرە
لە دار، لە بەرد
بێزار لە شارەکەی لە خۆی،
لە ئاوێنە و تەوقە و شانە و
قژی نیگرۆی
لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی. ل٢٢

ئەبوبەکر لە ژن بێزار نییە، لە ژنی ماڵی تووڕەیە و دەیەوێ لە ڕێی ورووژاندنیەوە بۆ یاخیبوون، هانیبدا. مارکۆس دەڵێ: ‹تا گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سایکۆلۆژیای تاکەکاندا ڕوونەدا، شۆڕش بەرپا نابێ.› ئایینی شاعیری یاخیبوو، وروژاندنە تا ڕادەی بریندارکردن: Provocation ، ئەو شاعیرەی بڕوای بەو ئایینە نەبێ، نەک هەر بەرەنگاری واقیع نابێتەوە و تابو ناشکێنێ، بەڵکو داکۆکیش لەو شتانە دەکا، کە دەسەڵاتداران بە پیرۆزی دەزانن.

**شیعری پەپوولە ئاسا**

ڕاستگۆییەکی دەگمەن بە ئاسمانی شیعری ئەبوبەکرەوە دەدرەوشێتەوە. ئەو لە گڵی واقیع جۆرە گۆزەیە چێدەکا، هەر دەڵێی گۆزەی شەرابی خەیام، یان گۆزەی سەرشانی کچی شیعری گۆرانە. دەزانێ خەیاڵ بڕبڕەی پشتی شیعرە نەک واقیع، هەر بۆیە بە جۆرێ واقیع لە خەیاڵی هونەریدا دەتوێنێتەوە، کە شیعرێکی دەبینی، هەست ناکەی لە دەرەوە دەیخوێنیتەوە، پێت وایە بەشێکی لە شیعرەکە و لە ناویدای. ئەبوبەکر بە شێوەیەکی نائاسایی و چاوەڕێنەکراو، جیهانێکی ئاسایی بەرجەستەدەکا. زێدەڕۆیی لە بایەخدان بە شێوازدا ناکا، گەر شتێکی پێ بێ شیاوی گوتن بێ، دەیڵێت. چی دەڵێت، بە لایەوە گرنگترە لەوەی، چۆنی دەڵێت. دەستۆیافسکی لەبەر ئەو شتانە نەمرە کە گوتوونی، نەک لەبەر ئەوەی چۆنی گوتوون.

ئەمشەو ئەنووم، شیعر ناڵێم
شیعر مۆمێکە پێنابێ
من شاعیری چرایەک نیم
لەگەڵ فوودا
پەنجەیان تێکهەڵکێشابێ،
من شاعیری وڵاتێ نیم
سەدان شەو پۆلیسەکانی
جڕت و تف و لیسەکانی
خوا و ئەستێرە و خۆشەویستی و
شیعرەکانمیان ڕاو نابێ. ل١١

لە سەردەمێکدا جەللاد مافی هاووڵاتیبوون لە شاعیر بسێنێتەوە، وەک جەعفەر نومێری لە فەیتووری و سەددام لە بەیاتیی سەندەوە. لە شوێنێکدا دەسەڵاتدار ئەوە دەستنیشان بکا، کێ مافی ژیانی هەیە و کێ نەء، ئەوێ نیشتمان نییە. نیشتمان شوێنێکە تێیدا بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ئینسان بدرێ. لە شوێن و سەردەمی وادا، بانگەشەکردن بۆ شیعری سپی و پەپوولە ئاسا، سووکایەتی کردنە بە هۆشیاریی خوێنەر. شیعری بێلایەن مەگەر لە سەروەختی سەروەریی یەکسانیدا لەدایک ببێ. ئەوە چارەنووسی شاعیرە، چ لە باوەشی نیشتماندا بێ و چ دوور بێ لێی، هەر هەست بە نامۆیی بکا، بەڵام وەک کیگارد بۆی چووە، دژوارترین جۆری نامۆیی لە خۆ بێگانەبوونە، چونکە هەوێنی ئەوپەڕی بزربوون و تاریکترین نائومێدییە.

لە وڵاتە بچکۆلەکەی دڵی خۆشما پەناهەندەم. ل٣٢
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم
دوو تەریکی

شارێکی پڕ لە تلیاک و
کەڵبە و قەڵەمی سۆزانین. ل١٠
ئەم سەدەیە
سەدەی دۆلار و قەحبەیە. ل٨

لە دوای جەمال عیرفانەوە ڕستەیە بەجێنەماوە، بەڵام هێشتا ئەستێرەی ناوی هەر گەشە، هێشتا بە هەنیەی شێخەوە، خوێنی پەڵەیەکی ڕەشە. با بکوژانی ئەبوبەکر عەلیش خاترجەم بن، مێژوو ناویان وەک جەللادی شاعیر تۆماردەکا، ئاخر مێژووی ڕاستەقینە، شاعیری یاخی، دەینووسێتەوە، نەک جەللاد.

1999. 12. 03

**سەرچاوەکان**

‹١› شاعیری لاو بەکر عەلی شەهید دەکرێ. پەیامنێری ڕزگاری ، ڕۆژنامەی ڕزگاری ئۆرگانی پارتی کار هەولێر.

‹٢› لە کوژرانی ئەبوبەکر عەلیدا گوڵان ژ: ٢٥ی ٦ی ١٠ی ١٩٩٤ هەولێر.

‹٣› بەکر عەلی لەگەڵ میلی کاتژمێردا یەکتر ئەخۆن. ئازاد کەریم ژیلەمۆ ژ: ٦ کۆڵن ١٩٩٩

‹٤› مەراسیمی یەکی ئایاری ١٩٩٤ سەعید ئەحمەد و ئارام عەلی چ. زانکۆی سەلاحەدین، لە بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ١٩٩٥ هەولێر.

(5) iDAG lördag 24 februari 1995 Malmö Årg 6 Nr 55

‹٦› الشاعر ادونیس ناقدا، د. ماجده حمود، المدی عدد ١٨ دمشق ١٩٩٩

‹٧› الادیب و صناعته، ت: جبرا ابراهیم جبرا، ط٢ بیروت ١٩٨٣

‹٨› وجه نرسیس فی میاه الشعر، حاتم الصکر، فصول، المجلد السادس عشر، العدد الثانی، ص ٢٩ خریف ١٩٩٧ القاهره.

‹٩› الثقافه و الامبریالیه، ادوارد سعید، ت: کمال ابودیب، دار الاداب ١٩٩٧ بیروت.

‹١٠› ئەو شیعرانەی تەنیا ژمارەی لاپەڕەکانیان دیاریکراوە، لە کۆمەڵە شیعری: ‹ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن› ەوە وەرگیراون.

‹١١› دوو شیعری بڵاونەکراوەی ئەبوبەکر عەلی، گۆڤاری هەڵەبجە، ژ: ١ ل٤٢ هەولێر ١٩٩٩

‹١٢› شاعیری شەوە پاییزییەکان، حەمەفەریق حەسەن، گۆڤاری وان، ژ: ٩ و ١٠ ل٩٧ سوێد ١٩٩٤

‹١٣› دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم ل٦٧ و ٩٣ چ. نیکنام، تبریز.

‹١٤› الاعمال الشعریه الکامله، امل دنقل، ص ٢٢٦ دار العوده ١٩٩٥ بیروت

‹١٥› بعیدا داخل الغابه، فاضل العزاوی، ص ١٤٦ دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

‹١٦› پێنج کورتیله شانۆیی، ئەبوبەکر عەلی، ڕامان ژ: ٢ ل٥٩ هەولێر ١١ی ئابی ١٩٩٦

* شیعرێکی درێژی ڕەفیق سابیرە.

من پێم وایە بە چاوپۆشین لە چۆنێتی بیروڕای هەر ڕەخنەگرێ سەبارەت بە هەر بەرهەمێ، تەنیا خوێندنەوەی بەرهەمەکە و پاشان هەڵسەنگاندنیشی، ڕێز دانانە بۆ بەرهەمەکە و ماندووبوونی نووسەرەکەیشی. گەورەترین سووکایەتی بە بەرهەمێک بکرێ، ئەوەیە کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە.

ماوەیەک لەمەو بەر سروە نوری عەزیز ‹ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە و گەڵاڕێزان›ی بۆ ناردم، منیش چونکە وا ڕاهاتووم بەو پەڕی ڕێزەوە سەرنجی بەرهەمی قەڵەمی ژن بدەم، بۆیە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن، ئەو دوو کتێبە و بەرهەمەکانی دیکەیم خوێندەوە و ئەم نووسینە لە دایک بوو، کە تێیدا هەوڵم داوە تێبینییەکانم وا ڕێک بخەم، بەراوردکردنیان لەگەڵ نووسینەکانی نووسەردا، بۆ ئەوی مەبەستی بێت، کارێکی ئاسان بێ.

• **شێر و مشکە بچکۆلەکە** ١٩٨٧ سوێد

شەش چیرۆکی فۆلکلورییە، سروە ئامادەی کردوون و کۆی کردوونەوە، خالید ستار نیگاری بۆ کێشاون. سروە ئەگەرچی نووسیوێتی: هەندێک لەم چیرۆکانە لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام تەنیا سەرچاوەی یەکێکیانی دەست نیشان کردووە، بۆیە خوێنەر نازانێ ئەوانی دیکەی چۆن ئامادە کردووە؟ نووسەرەکانیان کێن و لە کوێی کۆ کردوونەوە. ئەم کتێبە کە شەست و چوار لاپەڕەیە، تەنیا شەش حەوت دێڕی بەرهەمی کۆششی سروەیە، لەو شەش حەوت دێڕەیشدا، شەش حەوت هەڵەی کردووە.

دوو جار وشەی ‹کوردییە›ی نووسیوە، بەڵام بە دوو ڕێنووسی جیاواز و هەر دوو جارەکەیش بە هەڵە. ‹کوردییە›ی جاری یەکەم بەم جۆرە نووسیوە: کوردی یە، جاری دووەمیش: کوردیە. بێ گومان نووسەر پێویستە بە درێژایی کتێبەکەی هەمان ڕێنووس ڕەچاو بکا، کەچی ئەم لەو شەش حەوت دێڕدا ئەوەی بۆ جێبەجێ نەکراوە.

ئەگەر بکەر کۆ بوو، دەبێ فرمانیش کۆ بێ. کەچی ئەم لەو شەش حەوت دێڕەدا، لەم بوارەدا بە هەڵەدا چووە. نووسیوێتی: ‹منیش تەنها کۆمکردوونەتەوە و لەم بەرگەدا ئامادەم کردووە.› دەبوو ‹ئامادەم کردوون›ی نووسیبا. یان دەنووسێ: منداڵانی خۆشەویست ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لەبەر دەستتایە. کە دەبوو بنوسێ:

لەبەر دەستتاندایە، چونکە منداڵان ‹کۆ›یە.
لە ڕستەی کوردیدا فرمان دەکەوێتە کۆتاییەوە. کەچی نووسیوێتی: ‹هەندێک لەم چیرۆکانە لە گۆڤارە کوردیەکانی کوردستانی عێراق دا بڵاوکراونەتەوە لە ژێر ناونیشانی چیرۆکی فۆلکلۆریدا. ل٥›
دەبوو بنووسێ: لەژێر ناونیشانی چیرۆکی فۆلکلۆریدا بڵاو کراونەتەوە.
دەبوو وەک چۆن ‹دا›ی بە فۆلکلۆرەوە نووساندووە، بە ‹عێراق›یشیەوە بنووسێنێ.
بەڵام ئەگەر ‹دا› فرمان بوو، وەک: ئازاد لە دەرگای دا. ئەوا بە جیا دەنووسرێ.
نووسیوێتی: ‹کۆمکردوونەتەوە و ئامادەم کردووە.›
ئایا دەتوانێ پێمان بڵێ: بۆچی ‹کۆمکردوونەتەوە›ی پێکەوە لکاندووە و ‹ئامادەم کردووە›ی لێک جودا کردۆتەوە؟
لە نووسینی ناونیشانەکانیشدا کەوتۆتە هەڵەوە، ئاخر کۆمەڵەچیرۆک، مریشکەسوورە و پشیلەزەردە، پێکەوە دەنووسرێن، کەچی هەرسێکیانی دوو لەت کردووە.
‹لەژێر،› تاقە وشەیەکە، دوو لەت ناکرێ وەک ئەو کردوویەتی، بەڵکە پێکەوە دەنووسرێ. خاڵبەندیشی ڕەچاو نەکردووە، ئەگەرنا لە دوای ‹عێراقدا›وە، وێرگولێکی دادەنا.
سروە نووسیوێتی: ‹پێش کەش بێت بە منداڵانی چەوساوەی کوردستان.›
دەبوو بنووسێ: بە منداڵانی چەوساوەی کوردستان پێشکەش بێت. پێشکەش بێت، فرمانە، دەبێ بکەوێتە دواوە. پێشکەش پێکەوە دەنووسرێ، کەچی ئەو لە ناو قەددا دوو لەتی کردووە. لە نووسینی وشەی ‹نییە› شدا، بە هەڵەدا چووە، ئاخر نییە، بە دوو ‹ی› دەنووسرێ، نەک یەک.
لەو تاقە چیرۆکەیاندا کە نووسەر و سەرچاوەکەی دیاری کراون، کە نووسەری چیرۆکەکە: سەردار فەتاح ئەمین گوتوویەتی:
من کلکی ئەو کەوگیرەم
لە گشت مەنجەڵێکدایە
سروە لە کۆتایی کتێبەکەوە لە پەراوێزی سێیەمدا، نووسیوێتی: ‹لە پەندێکی کوردییەوە وەرگیراوە کە ئەڵێ وەک کەوچک وایە لە هەموو ئەسکوێیەکدا هەیە. ل٦٤›
* پەند نییە، idiom زاراوەیە.
* زاراوەکە دەڵێ: لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێیە. ‹١›
* ئەسکوێ: کەوچکێکی گەورەی دەسکدرێژە، لە دار دروست دەکرێ.
* دیزە: دەفرێکە لە گڵ ‹قوڕی سوورەوەکراوە› دروست دەکرێ.
* ‹پەندەکەی› سروە دەبێتە: لە هەموو کەوچکێکدا کەوچکە.

* نووســەری چیـرۆکـەکـە زانیـوێتی چی دەڵێ، ئەوە  کـۆکـەرەوەیە لەبری ئەوەی یاریدەی منداڵان بدات، سەریان لێ دەشێوێنێ.
چونکە سـروە نە خـاوەنی چیـرۆکـەکـانە و نە بێـجگە لە خـۆی، کـەسـی دیکەیش دەزانێ، لە کـوێوەی هێناون، هیـچ سـەرنجێ سـەبارەت بە چیـرۆکەکـان دەرنابڕم، تەنیـا دەپرسـم: ئایا کـوردێکی سـوێدنشـین مـافی ئەوەی هـەیە لـە خـۆڕا، بەرهـەمی نووسەرانی کورد کۆ بکاتەوە و لە چاپی بدا؟
سـاڵی پار فـەرهـاد شـاکـەلی و خـەبات عـارف ‹ئەلف و بێ›یەکـەی ئیـبـراهیـم ئەمـین باڵداریان  نـەک هـەر بێ پرسی نووسـەرەکـەی، ئاخـر کـۆچی دوایی کـردووە، چاپ کـردەوە، بەڵکە بێ ڕەچاوکـردنی چۆنێـتی گـوتنەوەی ئـەلف و بێ، دەسـتکاریی ڕێنووس و دەقەکانی کتێبـەکەیان کرد و تەنانەت چەند بابەتێکیان لێ دەرهاویشت و هەندێکی تازەیان لە جێیان دانا.
پەنجا ساڵە منداڵی کورد بەو کتێبە فێری نووسـین و خوێندنەوەی زمـانی کوردی دەبێ. لەو ماوە دوور و درێژەدا، کتێبەکە لای کەم سی و سێ جار چاپ کراوەتەوە و چەندین کـەڕەت گـۆڕانی بە سـەردا هـاتووە، بەڵام هەمـیـشـە هـەر باڵدار خـۆی گۆڕانکاریی تێدا کردووە. ناڵێم کتێبەکەی باڵدار دەقێکی پیرۆزە و کەس ڕایەکی ناکەوێ بژاری بکا، بەڵام ئایا هەموو کەس ئەو مافەی هەیە؟ بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە ئەلف و بێی نەگوتبێتەوە؟ دەستکاریکردنی ئەلف و بێی باڵدار، یان دانانی ئەلف و بێیـەکی تازە ‹ئیشی شـارەزایانی پەروەردە و پسـپۆڕانی بواری گوتنەوەی ئەلف و بێیە. لە کوردستانی باشوور، منداڵ هەفتانە یازدە دەرسی کوردیی هەیە، کەچی سـاڵ تەواو دەبێ و مامۆستا فریای تەواوکردنی ئەلفوبێیەکە ناکەوێ.›‹٢›
نازانم پاساوی ئەو دوو نووسەرە بۆ ئەوە چییە، کە کتێبەکەی باڵداریان سەختتر کردووە، بە مـەرجێ منداڵ لە سوێد هەفتەی یەک جار کوردیی هەیە، ئەویش دوای تەواوبوونی دەوامی قــوتابخـــانە؟ شـــیـاوی گـوتنە ئەو دوو نووســـەرە لـە بواری وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵاندا، گەلێ کاری چاکیشیان کردووە.

*

AKIN HITTAR HEM چیـرۆکێکی منداڵانە، بینی کـریسـتـاڵ ئەندەرسـۆن بە سـوێدییـەکی گەلێ ئاسـان نـووسـیـوێتی. سروە کردوویە بە کوردی و سـاڵی ١٩٨٩ بڵاو کـراوەتەوە. ناونیـشـانی کـتـێبـەکـە بە کـوردی دەبێـتـە: ئەکـین نیـشـتـمـان دەبینێتەوە، بەڵام وەرگێڕ کردوویە بە: ئەکین لە باوەشی نیشتمانێکی نامۆدا!
پێش ئەوەی بەراوردی نێوان دەقە سـوێدییەکە و کوردییەکە بکەم، ناچارم هەندێ مەرج دەستنیشان بکەم، کە وەرگێڕ ناچارە ڕەچاویان بکات:
* وەرگێڕ دەبێ بەو پەڕی دەستپاکییەوە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئۆرگیناڵەکەدا بکات.
* نابێ  وشەیەکی بۆ زیاد بکا، یان وشەیە فەرامۆش بکا.

* وەک چۆن بۆی نییە، لە بەهای دەقەکە کەم بکاتەوە، هەروایش نابێ جوانتری بکا.
* دەبێ وەرگێڕانەکە وشە بە وشە وەک ئۆرگینالەکە بێ.
* وەک چۆن بۆمان نییە دەستکاری دەقێکی پیرۆز بکەین، دەبێ هەروایش ڕەوتار لەگەڵ بیر و بۆچوونی نووسەری دەقە ئۆرگینالەکەدا بکەین.
* دەبێ وابەستەی شێوازی style نووسەری ئۆرگینال بین.
* ئەگەر وەرگێڕ خۆی شاعیر نەبوو، دەبێ بۆ وەرگێڕانی یەک دێڕ شیعر داوای یارمەتی لە شاعیرێ بکا.
* تا وەرگێڕان بە بەراورد لەگەڵ دەقە ئۆرگینالەکەدا کورت بێ، چاکترە.
* سەرکەوتووترین وەرگێڕان ئەوەیە خوێنەر بە ئۆرگینالی تێ بگا.
* دەبێ ‹بۆ نموونە› لە بری letter بنووسین: نامە، نەک کاغەز، دەنا ئەگەر بکرێتەوە بە ئینگلیزی، دەبێ بە paper
* وەرگێڕیش وەک هەر نووسەرێکی دیکە، دەبێ بەسەر زمانی دایکدا زاڵ بێ، ئاخر نووسین بریتییە لە چۆنێتی بەکارهێنانی زمان، بۆیە ئەوی نەتوانێ بە ڕەوانی هەست و بیری خۆی بە زمانی خۆی دەرببڕێ، باشتر وایە نە هیچ بنووسێ و نە هیچ وەربگێڕێ.

*

سروە لە بری nästan کە بە مانای ‹نزیکەی› دێ، ‹هەمیشە›ی نووسیوە. ل٤
* لە بری .Jag hade havet. Det vackra blåa havet نووسیویێتی: دەریایەکم هەبوو. دەریایەکی شینی جوان. کە هەرگیز چاو لە جوانی تێر نەدەبوو. ل٤
(١) نووسەر جوانی پێش شین گوتووە، وەرگێڕ شینی پێش جوان خستووە.
(٢) کە هەرگیز چاو لە جوانی تێر نەدەبوو. داهێنانی وەرگێڕە.
(٣) دەریا فارسییە، زەریا کوردییە.
* لە بری Polisen ville sätta mamma och pappa i fängelse för att de arbetade mot fattigdom och för frihet. وەرگێڕ نووسیویێتی: پۆلیس دەیویست دایک و باوکم بگرێ و بیان خاتە بەندیخانەوە لەبەر ئەوەی تێ دەکۆشان لە دژی هەژاری و لە پێناوی سەربەستی و ڕزگاری دا. ل٧
(١) بگرێ، زێدەیە.
(٢) تێدەکۆشان، فرمانە دەبێ لە کۆتایی ڕستەکەوە بێ.
(٣) ڕزگاری لە دەقەکەدا نییە.
(٤) arbetade کاریان دەکردە، kämpade بە مانای تێدەکۆشان دێ.
وەرگێڕ دەبوو بنووسێ: پۆلیس دەیویست دایکم و باوکم زیندانی بکا، چونکە دژی هەژاری و بۆ ئازادی کاریان دەکرد.

* له بری upp i bergen كه به مانای سەرچیا دێ، بناری چیای نووسیوه. ل٧
* له بری Bandit كه به مانای جەردە یان ڕێگر دێ، پیاوكوژی نووسیوه. ل٨
* وەرگێڕ له بری: En flygande fågel ‹باڵندەیەكی باڵدار›ی ل١١ نووسیوه، وەک باڵندەی بێباڵیش هەبێ.
* له بری Den nya dockan är vacker كـه دەبێـتـه: بـووكـه نوێـیەكـه جـوانه، نووسیوێتی: هەرچەنده ئەو بووكه كه كڕیمان جوان بوو. ل ١٨ واتا:
(١) ‹هەرچەنده و كه كڕیمان›ی بۆ زیاد كردووه.
(٢) ڕانەبردووی كردووه به ڕابردوو.
* لەبری Jul كه جەژنی لەدایكبوونی عیسایه، سەری ساڵی نووسیوه، ل١٨ بەڵام پاش ده ســاڵ هـەســتی بەم هـەڵەیەی خــۆی كـردووه و له ل ٢١ی ‹گـەڵاڕێزان›دا ڕاستی كردۆتەوه.
له بری tyst كه به مانای بێدەنگ دێ، ‹بێدەنگ بوو، هیـچی نەووت›ی نووسـیوه. ل١٩
* له بری gyllene hattar كه به مانای كڵاوه زێڕینەكان دێ، كڵاوه ئاسنینەكانی نووسیوه، به مەرجێ له نیگاره ڕەنگینەكەی لاپەڕەكەدا، كڵاوەكان زەرد دەچنەوه. ل٣٤
* له بری babbel كــه به مــانای هەڵەوەڕی و قــســەی نابەجێ دێ، بـۆڵەبـۆڵی نووسیوه. ل٢٠ gnäll: بۆڵەبۆڵە.
* له بـری Har inte ni svartskallar nåt bättre att göra än glo på oss svenskar som arbeter! وەرگێڕ نوسیوێتی: ئێوه قژڕەشینه هیچ شتێكی ترتان نییه بیكەن جگه لەوەی كه له ئێمەی سوێدی بخوێنن لەسەر كارەكانمان! ل٢٣
(١) glor به ئینگلیزی دەبێته glare و به مانای چاو لێ زەقكردنەوه، به تۆڕەییەوه سەرنجدان و خراپ سەیركردن، یان مۆڕە لێ كردن دێت، نەک لێ خوێندن.
(٢) svartskallar كەلله یان سەرڕەشینەیه نەک قژڕەشینه.
(٣) كارەكانمان نییه، كار دەكەینه.
(٤) دەبوو بنووسێ: ئێوه سەرڕەشینه شتێكی باشتر نازانن، بێجگه لەوەی چاو له ئێمەی سوێدی زەق بكەنەوه، كه ئێش دەكەین!
* له بری Så började vi bygga tillsammans. ‹پێكەوه دەستـمان كرد به یاری كردن›ی نووسیوه. ل٢٩
(١) كرد و كردن لەو ڕسته كورتەدا ناجۆره.
(٢) bygga یاری كردن نییه، ڕۆنان و چێ كردن و بنیاتنانه.

**ڕەنگەكانی پەلكەزێڕینه**

ســاڵی ١٩٩٠ پەلكەزێڕینه و ڕاهێنانی پەلكەزێڕینه كـەوتنه بەر دەسـتـی منداڵان.

ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە هەر هەمان ئەو دوو کتێبەیە بەڵام سروە گوتەنی: ‹دوای پێداچوونەوە و گۆڕانکاری› لە ساڵی ١٩٩٩ هاتۆتەوە بەر دەستی زارۆکان. ئەگەرچی نۆ ساڵ بەشی گەشەکردنی نووسەرێک دەکا، کەچی چاپی دووەمیش وەک یەکەم لە هەڵە تژییە.

لەم کتێبەیشدا نووسەر بۆی ساغ نەبۆتەوە:

* ڕستە چییە؟ ل١٠٢

* لە ڕستەی کوردیدا، فرمان لە دواوە دێت. ل٦ دێڕی ٦ دەیان جاری دیکەیش.

* کە بکەر کۆ بوو، دەبێ فرمانیش کۆ بێ. ل٦ دێڕی ١٦ دەیان جاری دیکەیش.

* ڤاوڵەکان ‹پیتە بزوێنەکان› حەوت نین، ل٧٦ هەشتن: ا، ە، و، وو، ۆ، ی، ێ، وێ. ئەوی ئەو لە بیری چووە، ‹وێ›یە، وەک لە وشەی ‹سوێر›دا هەیە.

* کردن، فرمان نییە، چاوگی سادەیە. ل١٣١ گەلاڕێزان

* نەزم دەبێ کێش و سەروای هەبێ.

* با ‹دوانەکەوین› لە قوتابخانە. ل٢٤ دوا نەکەوین، بە سەر یەکەوە نانووسرێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆ منداڵی پۆلی یەکی کوردی لە سوێد لەدایکبوو، نایشگوترێ.

* پاییز، بە دوو ‹ی› دەنووسرێ، نەک یەک. ل٢٩ و ل١١٦ و چەندین جاری دیکەیش، ئەگەرچی دوا کتێبی ‹گەلاڕێزان›ی ناوە.

*

ئەوی کتێبی خوێندن بۆ منداڵان بنووسێ، دەبێ ڕێسای: لە ئاسانەوە بۆ سەخت، ڕەچاو بکا. ئەلف و بێی نوێی باڵدار بە وشەی ‹دار› دەست پێدەکات و سەرەتا ئەو حەرفانە فێری قوتابی دەکا، کە تەنیا بە یەک شێوە دەنووسرێن. وەک: د، ا، ر، و، ۆ، ز، ژ. ئەگەرچی لە ل١٠دا حەرفی ‹ی› لە وشەی: ‹داری›دا هەیە، بەڵام فۆرمی دووەمی ئەو حەرفە وەک لە وشەی ‹زیو›دا هەیە، .چونکە دەزانێ بۆ منداڵ زەحمەتە هەر لە سەرەتاوە حەرفێک بە دوو شێوە بناسێت و بنووسێت› بۆ ل٢٠ دوا دەخات. (٣)

لە بابەتی یەکەمی کتێبە کۆنەکەی سروەدا وشەی: ‹قوتابخانە› هەیە، کە گوتنی بۆ منداڵە کوردێکی لە سوێد لەدایکبوو، لە حوکمی مەحاڵدایە. کتێبە نوێیەکەشی بە وشەی ‹ئالاکەی› دەست پێدەکا، کە نووسینی‹لا› ئەوەندە زەحمەتە، باڵدار ئەگەرچی لە ل٤٣دا منداڵ فێری ‹ڵ› دەکا، بەڵام ‹لا›ی هەڵگرتووە بۆ ل٥٠ و یەک بابەتیشی بۆ تەرخان کردووە.

مامۆستا کە حەرفێکی تازە بە منداڵان دەڵێ، دەبێ لە بیری بێ، هەندێ وشەی وا بکات بە نموونە، کە ئەو حەرفەیان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدا تێدا بێ. نووسەر لەم بوارەیشدا بەخت یاری نەبووە. بۆ نموونە لە حەرفی ‹ش›دا بیری

چووه وشـەیەکی  وا بـهێنێ کە بە ‹ش› کۆتایی بێت و ‹ش›ەکەش بە حـەرفـەکـەی پێش خـۆیەوە لکابێ. وەک: کـشـمـیش. لـەم حـەرفـانـەی دیکەیشـدا تووشی هـەمـان غـەفـڵـەت بووە: ‹ح، خ، ع، غ.› بۆ نـموونە دەیتوانی ئەم وشـانە بـنووسـێ: بڵح، پخ، قانع و تیغ. هـەروەها بیری چووە ‹خ، ع، غ› وا بنووسـێ کە لە ناوەڕاستدا بن و بە حەرفی پێش خۆیانەوە لکابن، وەک: بخۆ، شیعر، قەڵغان.
سروە بە مـەبەستی ئاسان ناسـینـەوەی حەرفەکان، هـەنـدێ جار کەڵکی لە شیـعری شـاعیـران وەرگرتووە و هـەندێ جـاری دیکەیش خـۆی ڕۆڵی شاعیری بینیـوە، بەڵام بە هـەردوو بارەکەدا هـەر بۆی جێبەجێ نەکراوە.
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە. ل٣٩
وا پێ دەچـێ مـانـای ‹بە هاتـەوە›ی بۆ لێک نەدرابێـتـەوە، بۆیە بـەسـەر یەکـەوە نووسـیـوێتی. هات: بـە مـانـای بەخت و فـەڕ دێ. سـاڵێکی هاتە، واتا: سـاڵێکی بە بەرەکەتە. وەک چۆن ‹بە›ی لە خۆشی، جیـا کردۆتەوە، دەبوو لە ‹هـاتەوە›یشی جیا کردباوە.
لە ل٢٨دا داوای لە قوتـابی کردووە، وشەی دروست لـەگەڵ وێنەی دروستدا بە یەک بگەیەنێت، یەکێک لە وێنەکان هـەورە، کەچی لە بیری چووە، وشـەی هـەور بنووسـێ. لەمـەیش سـەیرتر ئەوەیە، یەکێ لە وشـەکان: ‹وێنـە›یە. لەم حـاڵەتەدا دەبێ قـوتابی وێنە بە وێنە بگەیەنێت!
ڕێوی گیانلەبەرێکی فیڵبازە
حەزی لە خواردنی مریشک و بازە. ل٥٠
باز مـەلێکی هێندە ئـازا و بەهێزە، لای خۆمـان بە پێشـمـەرگەیان دەگوت: باز. تۆ بڵێی ڕێویی هێندە سـاویلکە هـەبێ، بیر لە خـواردنی باز بکاتەوە! ڕێوی دەشـێ قاز بخوا، بەڵام دەسـتگیرکردنی باز، لە لایەن ڕێوییـەوە مەحاڵە. باز خۆی ڕاوچییـەکی گەلێ چاپووکە.
باڵدارەکان کۆچ دەکەن
بۆ لانەی گەرم بار دەکەن. ل٥٣
ئەمـەیش هـەر ‹هـەڵبەست›ی خـۆیەتی. کۆچ دەکەن و بار دەکـەن، هـاوواتان، باشتـر وابوو، ‹باڵدارەکان بـۆ لانەی گـەرم کـۆچ دەکـەن›ی نووسـیبـا. ئەمـە بـێجگە لەوەی لانە، زێتر ماڵی شێرە، بۆ ماڵی مەل، هێلانە لەبارترە.
دارتوو و دارشـاتوو
زۆرە لە شـارەزوور. ل٥٩
* گوتنی نیوە دێڕەکەی سـەرەوە بۆ گەورەیش زەحمەتە.
* زۆرن، ڕاستە نەک زۆر.
* شـارەزوور تووی زۆرە، بەڵام شاتووی زۆر نییە.

* زۆرن، دەبێ لە کۆتاییەوە بێ.
* ‹هەڵبەست›ی خراپ، یان کێشی لەنگە، یان سەروای سوار نییە. ئەمی سروە بێجگە لەو چوار خەوشەی دەست نیشانم کردن، نە کێشی تەواوە، نە سەروای هەیە.

هەڵبەستێکی خۆش هەبوو، منداڵی فێری ژمارە دەکرد، تا بڵێی جوان و ڕەوان بوو، ئەمە دێڕێکێتی:

پێنج و شەش
هەستامە سەر تەختەی ڕەش.

منداڵ نەبوو لەبەری نەبێ. سروە لە بری ئەوە، خۆی یەکێکی داناوە، پێ ناچێ هیچ منداڵێ حەزی لێ بکا.

سێ و چوار و پێنج
چێشتی برنج. ل٦٩

شیعر مەرج نییە کێش و سەروای هەبێ، بەڵام نەزم دەبێ هەم وەزن و هەم پاشبەندیشی هەبێ. ئەوی ئەم دەینووسێ، نە شیعرە، نە نەزم.

سروە لە چاپی دووەمدا ، تەنانەت نەیپەرژاوە هەڵەی چاپەکانی چاپی یەکەم ڕاست بکاتەوە. لە ل٤٧ی ‹بخوێنە و بنووسە›دا لە بری پێچەوانەی پیس،‹پان›ی نووسیوە، لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەشدا، پێچەوانەی پیس، هەر پانە، ل٩١ نەیکردووە بە پاک. بە گشتی چاپی دووەم هەڵەی چاپی لە چاپی یەکەم زێتر تێدایە. لە بابەتی ‹باران›دا، ل٧٠ی پەلکەزێڕینە، چاپی یەکەم، یەک هەڵەی تێدا بوو. لە بری داکاتە، دەکاتەی نووسیبوو، لە چاپی دووەمدا ل١٤٣ ئەو هەڵەیەی ڕاست کردۆتەوە، بەڵام دوو هەڵەی دیکەی کردووە: ‹یاریمان›ی بە سێ ‹ی› و نەنکمی بە یەک ‹ن› نووسیوە.

من منداڵم، من منداڵم
دڵم پاکە، وەکوو گوڵم. ل٨٢

دەقی شیعرەکە بەم جۆرەیە:

من منداڵم، وەکی گوڵم
هەر وەکوو تۆ پاکە دڵم.

نووسەر چەند بێباکە! ‹هەڵبەست›ی نامۆ بە جیهانی منداڵ، دەنووسێ، هۆنراوەی پیرەمێرد بە هەڵە دەگوێزێتەوە، دەستکاریی شیعری شاعیرانیش دەکا!

سەرماوەز لە دوای گەڵاڕێزانە
هەردووکیان مانگی ساڵی کوردانە. ل٨٩

دەبوو ‹کوردانن› بنووسێ، چونکە بکەر کۆیە.

سروە ‹بەرات›ی بە پۆسک لە قەڵەم داوە. ل٩٢

بەرات دەکەوێتە ناوەڕاستی مانگی شەعبانەوە و گوایە لەو ڕۆژەدا ڕزق و داهاتی خەڵکی دیاری دەکرێ. پۆسک یادی لە خاچدانی مەسیحە و دەکەوێتە ئەپریلەوە.
پێچەوانەی ئەم وشانە بنووسە، کە ‹هێڵی› بە ژێردا کێشراوە. ل٩٤ هێڵیان، ڕاستە.
نووسەر لە ل٩٩دا شەش ڕستەی نووسیوە کە بۆشاییان تێدایە، لە بری ئەوەی بنووسێ: ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە، نووسیوێتی: وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە. لە ل٢٠٥یشدا تووشی هەمان غەفڵەت بووە.
شەست شووتی سەوز.
هەوڵ بدە ئەم ڕستەیە شەش جار بێ هەڵە بڵێ! ل١٠٢
ئەوەی نووسەر بە ڕستەی دەزانێ، ڕستە نییە. ‹شەش شووتیی سەوزم سەند،› ڕستەیە. لە کوردستان منداڵ لە پێنجی سەرەتاییدا، لە یەکەمین دەرسی ڕێزماندا فێری ڕستە ناسینەوە دەبێ. لەو ئاخاوتنەدا لە دوای ‹شووتی›یەوە، دەبێ ‹ی› کە ئامرازی پێوەندییە، هەبێ. شەش شووتیی سەوز. یان دوو هەناری شیرین. لەوەی نووسەردا ئەوانەی سەوزن، شووتن، نەک شووتی.
سێشەممە و چواچەممە
بۆ دارستان دەڕۆین ئێمە. ل١٠٥
نووسەر بە ‹هەڵبەست›ێکی بێ کێش و لاواز، ڕۆژەکانی هەفتەیشی بە دەردی ژمارەکان بردووە.
نووسەر لە ل١٤٢دا، لە دێڕی چوارەمدا دەنووسێ: چی وت بە ئەژدەهاک؟ کەچی لە دێڕی پێنجەمدا دەنووسێ: چ گۆرانییەکیان دەگوت؟ ‹وت یان گوت؟› نووسەر دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە. هەروەها لە ل١٤٧دا مقەست و لە ل١٤٩دا مەقەستی نووسیوە. یان لە ل١٢٦دا ‹پاسکیل› و لە ل١٣١دا ‹پایسکیل› نووسیوە.
‹جێگای سەیرانگا و گەشت و گوزارە. ل١٥٩›
سەیرانگا: بە مانای جێگای سەیران دێت، کەواتە دەبوو: ‹جێگای سەیران و گەشت و گوزارە،› بنووسێ.
نووسیوێتی: ‹خێزانەکەی خەرمان لە سەربان دەنوون. ل١٨٢› دەنوون، ناوچەییە، زمانی نووسین نییە، دەخەون: ستانداردە.
‹شوانێک مەڕەکانی لە دێ دوور دەخاتەوە و دەیانبا بۆ لەوەڕ. ل٢٠٧›
ئەگەر چیرۆکبێژ بە ڕانەبردوو دەستی بە گێڕانەوە کرد، دەبێ تا کۆتایی بە هەمان زەمان چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. نووسەر ئەم ڕێسایە ڕەچاو ناکات و دەنووسێ: گورگیش ‹کەوتە› ناو ڕانەمەڕەکە و هەموو مەڕەکانی ‹خوارد.› بەڵام دەبوو: دەکەوێتە و دەخوا، بنووسێ. یان: ‹دوو مار لەسەر شانی پەیدا دەبێت، خواردنی ئەم مارانە مێشکی لاوان بووە. ل ٤٩ گەلاڕێزان.› دەبوو لە ڕستەی دووەمییشدا

فرمانەکە: دەبێت، بێ.
کتێبەکە سێ خشتەی وشەوازیی تێدایە، ل٤٣، ل٨١ و ل ١٠١ لە یەکەمیاندا سروە پێی وایە وشەی (دەزوو) لە پێنج حەرف پێک دێت، ئەگەرچی چوار حەرفە: د، ە، ز، وو. لە دووەمیاندا حەرفی ‹د›ی لە شوێنی گونجاوی خۆی دانەناوە و وێنەی ژمارە ‹٩›یشی لە بیر چووە، لە سێیەمیشیاندا وێنەی ڕاستەیەک کە دەبوو هەبێ، نییە. سروە بۆ نیشاندانی حەرفی نوون، هانای بۆ: ‹نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب.› بردووە. ل٧٧ ئەگەر هەموومان ئەو ڕێسایەمان ڕەچاو کردبا، نە ئەو کتێبی بۆ منداڵ و نە من ئەم ڕەخنەیەم دەنووسی. یادتان بەخێر، هەی زانایان: باڵدار و شەونم و فەرەیدوون عەلی ئەمین و عومەر عەبدولڕەحیم و نوری عەلی ئەمین و عەبدوڵڵا شاڵی و تاهیر سادق و محەمەد مستەفا کوردی و شوکر مستەفا و عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ. ئێمە چەند بەختەوەر بووین، ئەو مامۆستایانە و تەنانەت عەلادینی سەجادی و شێخ موحەمەدی خاڵیش کتێبیان بۆ دەنووسین! ئای لە بەدبەختی ئەوانەی لە غەریبی دەستیان بەو کتێبانەدا ناگا.

**گەڵاڕێزان**

١٩٩٢ سروە ‹ڕەزبەر›ی بڵاو کردەوە، گەڵاڕێزان، هەر ڕەزبەرە دوای پێداچوونەوە و گۆڕانکاری و لە ١٩٩٩دا چاپکراوەتەوە. لە پێشەکیی گەڵاڕێزاندا نووسیوێتی: ‹سوپاس بۆ ئەو دڵسۆزانەی بە سەرنج و تێبینییەکانیان لەسەر ڕەزبەر، گەڵاڕێزانیان دەوڵەمەند کرد. ل٦› با بزانین گەڵاڕێزان دەوڵەمەندە، یان ئەویش وەک ڕەزبەر زەکاتی پێ دەشێ.
یەکێک لەو دڵسۆزانە، پشکۆ نەجمەدینە، کە بە ‹نووسەر›ی ڕەزبەری گوتووە:
(١) دەبوو ئاماژە بۆ ئەوە بکەیت، کە ڕەزبەر نووسینی خۆت نییە، کۆکردنەوەیە.
(٢) دەبوو سەرچاوەکانت، لە جێی خۆیاندا و بە وردی دەست نیشانکردبا.
(٣) نەدەبوو پەندی کوردی بە هەڵە بنووسی.
(٤) نەدەبوو مانای وشە سەختەکان بە هەڵە لێک بدەیتەوە.
(٥) نەدەبوو زانیاری هەڵە بگوێزیتەوە. (٤)
ئەگەرچی ئەم تێبینییانە مشتومڕ هەڵناگرن، کەچی سروە، لە هیچ یەکێ لەو بوارانەدا، گوێی لە پشکۆ نەگرتووە. هەر لە ل٦دا دەڵێ: ‹ئاشناکردنی منداڵانی کورد بە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەمان، ئەرکێکی گرنگە.›
کولتوور و فەرهەنگ، هەر یەک شتن، دوو شت نین، جیاوازییەکەیان تەنیا هێندەیە، یەکەمیان لاتینی و دووەمیان فارسییە.
لە گەڵاڕێزاندا هەر لە سەرەتاوە بەڵگەی لاوازیی و هەژاریی زمانەکەیمان دەداتە دەست. لە یەکەم ڕستەی یەکەم بابەتدا دەنووسێ: ‹لە دەشتێکی پڕ گوڵاڵەسوورە و نێرگزدا خۆم بینییەوە، کە پڕ بوو لە کۆتر و منداڵ. ل١٢›

* دەبوو بینییەوە، چونکە فرمانە لە کۆتایی ڕستەکەوە بێ.
* خۆم ، بکەرە، لە سەرەتای ڕستەکەوە بووایە، جوانتر بوو.
* دووبارەکردنەوەی ‹پڕ› لە یەک ڕستەدا، نیشانەی هەژاریی قامووسی نووسەرە.
* کوردییەکەی بەم خەوشانەیشەوە تەنیا چوار دێڕ بڕ دەکا، لە دێڕی پێنجەمدا فارس ئاسا، دەنووسێ: جۆرەها. ل١٣ یان لە بری ڕێبەر، کە کوردییە، ڕابەر، دەنووسێ، کە فارسییە. ل١٤٤ یان لە بری گۆل، ‹دەریاچە› دەنووسێ.
لە ل ٤٣یشدا نووسیوێتی: باعەباعی مەڕ و بزن.
باعە، دەنگی مەڕە:
بزن بالەی دێ، مەڕ: باعە و کاڕە
مرقەی دێ بەران، بەرخۆلە: باڕە. (٥)
لە ڕەزبەردا نووسیویتی: ‹هەرزەکار: لاوە، جەوانە و مێردمنداڵە. ل٣٧› لە گەلاڕێزاندا گوایە دوای تێبینییەکانی پشکۆ نەجمەدین، ئەم هەڵەیەی ڕاست کردۆتەوە، کەچی ئەم جارە نووسیویتی: ‹هەرزەکار: قۆناغێکە لە نێوان ١٤-١٨ ساڵیدا لە ژیانی مرۆڤدا. ل٥٢›
* هەرزەکار: قۆناغ نییە، هەرزەکاری: قۆناغە.
* هەرزەکار: بە هەموو مرۆڤێ ناگوترێ، تەنیا بە کوڕ دەگوترێ.
* ساڵیدا، هەڵەیە، ساڵی، ڕاستە، ‹دا›ی پێویست نییە. لێرەدا دەبێ ئەوەیش بڵێم: لە مەسەلەی ‹هەرزەکار› بە ‹قۆناغ› لێکدانەوەدا، پشکۆ، سروەی بە هەڵەدا بردووە. جێی سەرنجە سروە هەموو تێبینییە دروستەکانی پشکۆی پشتگوێ خستووە، کەچی تەنیا لەو تاقە خاڵەدا گوێی لێ گرتووە، کە دەبوو پشتگوێی بخات.
لە ڕەزبەردا نووسیبووی: تەویلە: ئەو شوێنەیە مەڕوماڵات تێیدا دەژین. ل٦٧ پشکۆ نەجمەدین پێی گوتبوو: تەویلە شوێنی وڵاغی بەرزەیە، وەک: ئەسپ. کەچی لای سروە لە گەلاڕێزانیشدا، تەویلە هەر شوێنی ژیانی مەڕوماڵاتە. ل٨٣ بەو هیوایەی لە چاپی سێیەمدا ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، منیش دەڵێم: تەویلە: ئەستەبڵە، کە بە سوێدی stall و بە ئینگلیزی stable ی پێ دەڵێن.
سەرنجی ئەم ڕستە ڕەقوتەقە بدەن، کە خوێنەر تووشی ژانەسەر دەکا. ‹خانی لە بایەزید مردووە. ل٩٣›
بە ڕاست بۆ ڕێزلێنان لەو شاعیرە، کە خاوەنی گرنگترین شاکارە بە زمانی کوردی نووسرابێ، نەدەبوو لە بری مردووە، کۆچی دوایی کردووە، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، چاوی ئارامی لێک ناوە، یان هیچ نەبێ وەفاتی کردووەی، نووسیبا!
سروە دەڵێ: ‹لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا شۆڕش لە کوردستانی باشوور پەیدا دەبێت. ل٦٤›

له ١١ی ئاداری ٧٤دا شۆڕش پەیدا نابێ، لەسەر کەرکووک و چەند مەسەلەیەکی دیکە، نێوانی پدک و بەعس تێکدەچێ، ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار هەڵدەوەشێتەوە، ‹یان ڕژێم لە ڕوانگەی خۆیەوە جێبەجێی دەکا،› ئیدی هەمدیسان شەڕ دەست پێدەکاتەوە. شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا هەڵدەگیرسێ.

پرۆژە: بە عەرەبی مەشرووعە، بەعس بە ئەنفالەکانی نەدەگوت: پرۆژە، وەک سروە نووسیویێتی. ل٦٤ عەمەلیاتی پێ دەگوت. شەڕی پارتیزانی لە کوردستانی ئێران، بەردەوام نییە، ل٦٤ ئێران دێت لە کوردستانی عێراق ڕاوە کۆمەڵە و دیموکرات دەکا. قاسملوو، سەرۆکی حدکا نەبوو، سکرتێری بوو. ل٦٥ پەکەکە: پارتی کرێکارانی کوردستانە، نەک کارگەران. ل٦٥

سەرنجی ئەم کوردییە ڕووت و ڕەجاڵە بدەن! ‹لە ژێر ناوی مەستوورەدا نووسینەکانی نووسیوە. ل٩٩› ئەمە لە بری ئەوەی بڵێ: بە ناوی مەستوورەوە دەینووسی. جێی سەرنجە نووسەری ئەم کوردییە، داوای نووسینی پارچە پەخشان، لە قوتابیان دەکا! ل١٤٢

نووسیویێتی: ‹گەورەیی کوردستان ٥٢٠ هەزار کم چوارگۆشەیە. ل٥٩›

گەورەیی هەڵەیە، ڕووبەری ڕاستە.

گەلێ جاریش دەربڕینەکانی عەرەبین، وەک: نیوزلەندە، ل١٤ ڤییەنا، ل٢٩ کیمیاوی. ل٦٤ یان لە بری مانگی مارس، ‹مارت›ی نووسیوە، ل٢١ ئەگەرچی بە کوردی ‹ئادار›ی پێ دەڵێن. ئادار نەبێ خەتاکار، خەلە دێنێ چنگ و بار. واتا: ئەگەر ئادار کەم باران نەبێ، یەک چنگ تۆو، دەبێتە بارێ. (٦)

kristendom ئایینی عیسایە، kristian یش کەسێکە لەسەر ئەو ئایینە بێ.

کەچی نووسەری گەلاڕێزان وای بۆ چووە، کریستیان: ئایینی عیسایە. ل٢١

نووسەر یان ڕاستتر ئامادەکەری کتێب، خودی خۆی لە بابەتی پەندی پێشینان‌دا پەند و قسەی نەستەق و زاراوەی تێکەڵ کردووە و لێکیان جودا ناکاتەوە، ل٨٥ کەچی لە ل١٤٧دا داوای پێناسەکردنی پەندی پێشینان لە منداڵان دەکا!

کتێبێ بە مەبەستێ نووسرابێ، منداڵ فێری خوێندنەوە و نووسین بکات، نابێ هەڵەی چاپی تێدابێ. گەلاڕێزان هەڵەی چاپیشی زۆر تێدایە.

*

**زەماوەندی کڵێسە** ڕۆمانێکی دوو سەد و پەنجا و نۆ لاپەڕەیی موا مارتینسۆنە، سروە لە‹ل٢٠٧› بەدواوە، دوازدە لاپەڕەی لێ کردووە بە کوردی و ناوی ناوە: قوتابخانە نوێیەکە. جێی سەرنجە تەنانەت نەهاتووە لە سەرەتای ئەو بەشەی ڕۆمانەکەوە دەست بە وەرگێڕانی بکا، بەڵکە بازی بەسەر نزیکەی دوو لاپەڕەی یەکەمیدا داوە. چونکە سەرچاوەکەی بە شێوەیەکی ڕوون دیاری نەکردووە، دەبێ لە سەرەتاوە تا ل٢٠٧ی ڕۆمانەکە بخوێنیتەوە، ئینجا دەزانی لە کوێوە دەستی بە

وەرگێڕان کردووە.
لەو دوازدە لاپەڕەیەی گوایە تەرجومەی کردووە، بە ئارەزووی خۆی بازی بەسەر پەرەگراف، دێڕ و وشەدا داوە. هەرچی بە سەخت زانیبێ. پشتگوێی خستووە. من بەش بە حاڵی خۆم لەبەر گەڕان بە دوای وێنە و دەربڕینی شیعریدا، ڕۆمان دەخوێنمەوە، کەچی ئەو هەموو ڕستە شیعرییەکانی ئەو دوازدە لاپەڕەیەی فەراموش کردووە.
سروە نووسیوێتی: ‹بۆ یەکەم جار لەگەڵ دایکمدا چووم بۆ قوتابخانەیەک. ئەمەش نۆیەم قوتابخانە بوو کە تاقیم بکاتەوە. ل١١٤ گەلاڕێزان›
سەرەتا وامزانی قارەمانی ڕۆمانەکە، هەشت جارەکەی پێشوو لەگەڵ باوکیدا، بۆ قوتابخانەکان چووە، کەچی کە دەقە کوردییەکە و سوێدییەکەم بەراورد کرد، دەبینم موا: نووسیوێتی: För sista gongen کە بە مانای: ‹بۆ دوا جار› دێت، کەچی لای وەرگێڕ بووە بە: بۆ یەکەم جار!
stad کە بە مانای شار دێت، لای وەرگێڕ بووە بە: گەڕەک. äng کە بەمانای: مێرگ، یان گیاجاڕ دێت، لای وەرگێڕ بووە بە: دەشت. ئەگەرچی slätt دەشتە. لە بری fru کە بە مانای: ژن، خانم، هاوسەر، خان و خاتوو دێت، کچی نووسیوە. snäll کە بە مانای: دلۆڤان دێ، لای ئەم بووە بە: لەسەرخۆ، ئەگەرچی lugn بە مانای لەسەرخۆ دێ.
لە بری auktoritet ‹کە بە مانای کەسێ دێ کە خەڵکی دانیان بە توانا و بەهرەیدا نابێت و مرۆڤ بخوازێ شوێن پێی بکەوێ،› یارمەتیدەری نووسیوە، rätta efter کە بە مانای پێڕەوی کردن، یان ڕاستکردنەوە لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکی تازەدا، دێت، لای وەرگێڕ بووە بە: تووڕەکردن. پێ دەچێ لەگەڵ reta دا کە بە مانای تووڕەکردن دێت، تێکەڵی کردبێ. لە بری bomull خوری نووسیوە. ئەگەرچی bomull بە مانای لۆکە دێت، ull خورییە.
لە بری på ett dumt sätt کە بە مانای: گەوجانە، دێت، ئەو ‹بە شێوەیەکی تێنەگەیشتوو›ی نووسیوە. uppmuntra بە مانای: هاندان، دێت، کەچی ئەو ‹گوتن›ی نووسیوە. minut خولەکە ‹دەقیقە› لای وەرگێڕ بووە بە: چرکە، گەرچی sekund چرکە ‹سانیە›یە. sluka بە مانای قووتدان دێ، ئەم پێی وابووە هەڵمژینە.
سەرەڕای ئەو هەلانە، کە مشتێ بوون لە خەروارێ، هەندێ جار دێڕ و گەلێ جار وشەی بۆ دەقەکە زیاد کردووە و زەمانی فرمانەکانیشی گۆڕیوە. جێی سەرنجە من تەنیا ئەو وشە و دەربڕینانەم بەسەر کردوونەوە کە زێتر لە یەک لێکدانەوە هەڵناگرن. ئاخر دەشێ وشەیەک لە فلان ڕستەدا مانایەک و لە فیسار ڕستەدا واتایەکی دیکەی هەبێ. بۆ نموونە HEM بە گشتی بە مانای: ماڵ دێت، بەلام لە

هەندێ ڕستەدا بە واتای: نیشتمان دێ.

نووسەران بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی نووسینیان گەشەدەکا. هەیە ئەو زمانەی پێی دەنووسێ جوان نییە، بەڵام خوێنەر لێی تێدەگا. سروە ئەوە سێزدە ساڵە سەرقاڵی بۆ منداڵ نووسینە، کەچی نەک هەر زمانەکەی پێشنەکەوتووە، بەڵکو لە دوا کاریدا، گەلێ جار نەک هەر منداڵ، هیچ مامۆستایەکیش لێی حاڵی نابێ، مەگەر خۆی مەکتەب بە مەکتەب بگەڕێ و مەبەستەکانی ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە بەم جۆرە چیرۆکەکەی موا مارتینسۆنی کردووە بە کوردی: ‹ئەوی ڕاستی بدوێت لەسەر بێگوێییەکەی، ئەوە ئەو کەسە خۆشی لێ نابینێت، ئەو مرۆڤە جێگەی بڕوا نییە. ل١٢٣ گەلاڕێزان› ئایا نەک قوتابیی ژیر، هیچ مامۆستایەکی زیرەکیش دەتوانێ ئەو مەتەڵە هەڵبێنێ؟

*

‹**ئەو کوڕەی خزمەتکار بوو لای دێوەکە**، ل٨٠ گەلاڕێزان› چیرۆکێکی فۆلکلۆریی سوێدییە، بە زمانێکی ئاسان، بۆ منداڵان نووسراوە. با بزانین سروە چۆنی کردووە بە کوردی. وەرگێڕ هەر لە ناونیشانی هەقایەتەکەوە بە هەڵەدا چووە، کاتێ لە بری dräng کە بە مانای: سەپان، ڕەنجبەر یان پاڵە دێت، ‹خزمەتکار›ی نووسیوە.

لە بری korna کە مانگاکانە، مەڕوماڵات و لە بری imponera کە بە مانای سەرنجڕاکێشان و کارتێکردن دێ، ترساندنی نووسیوە. لە بری fura کە بە مانای: کاژ دێت، ‹دار› و لە جێی loppa کە بە مانای کێچ دێت، مێرووی نووسیوە. یان لە بری gröt کە پەڵووڵەیە، نانی بەیانیی نووسیوە. ئاخر کام دار؟ کام مێروو؟ کام خۆراکی بەیانی؟ هەر یەکێ لەوانە سەدان جۆری هەیە.

لە بری fjärdedel  کە بە مانای چارەک دێ، ‹نیوە› و لە جێی skinn کە بە مانای: چەرم، کەوڵ یان پێست دێت، قایش و لە باتی piga کە بە مانای کارەکەر دێ، کچی نووسیوە. smörkärna هیزەیە، ئەو پێستەیەی ڕۆنی تێدا هەڵدەگیرێ، کەچی لای ئەم بووە بە: گۆزە. inte se sig om کە بە مانای ئاوڕ نەدانەوە، دێت، لای ئەم بووە بە: سەیری ئەملا و ئەولاش مەکە. لە بری höloft کە بە مانای: کایەن، کادان، یان کادێن، کە عەماری کایە، دێت، ‹تەویلە›ی نووسیوە.

لە دەقەکەی سروەدا کوڕەکە دەڵێ: ‹بە ڕۆژێ بە تەور سەد تەن گەنم بژار دەکەم.› ئەمەیش لەوەوە هاتووە، وەرگێڕ slaga کە جەنجەڕە، وای زانیوە: تەورە. tröska کە گێرەیە، لێی بووە بە بژار. tunna کە بەرمیل، بۆشکە، یان دەبەیە، لێی بووە بە: ‹تەن› کە دەکاتە هەزار کیلۆ! منداڵی کورد لە سوێد ناچارە ئەم بابەتە بخوێنێ، کە سروە ‹ببوورن منیش ناچارم بڵێم› کردوویەتی بە پەند، نەک بە کوردی. دەغڵ بە داس دروێنە دەکرێ، بە جەنجەڕیش: گێرە و ئیدی نۆرەی

شەنکردن دێ.
خەرمانی خەمان، ها وە دەم باوە
شەنکەر یەکێکە دوو شەن وە لاوە.
چونکە کوردستان کۆمەڵگەیەکی جووتیارییە، قامووسی زمانی کوردی لە بواری کشتوکاڵدا، هێندە دەوڵەمەندە، وەرگێڕ بۆ هیچ وشەیە دانامێنێ. پێ ناچێ وەرگێڕ چیرۆکێکی حەزرەتی عەلادینی سەجادی، حەسەنی قزڵجی، یان شاکیر فەتاحی خوێندبێتەوە، ئەگەرنا بە تەن گەنمی بە تەور بژار نەدەکرد. بژار: خاوێنکردنەوەی شینایییە، لە گژوگیای زیانەخرۆ. گێرە: گێڕانی وڵاغ یان جەنجەڕە بەسەر دەغڵدا. وەرگێڕ لە خۆی ناپرسێ: ئایا مامۆستای کوردی، چۆن بە پشتبەستن بەم تێکستانەی ئەم، دەرس بڵێتەوە؟ سروە بێ ئەوەی مەبەستی بێ، زیان و ئازاری بە قوتابی و مامۆستای کورد گەیاندووە.

*

دەزگای کاروباری قوتابخانە Skolverket لە سوێد بۆ هەر زمانێکی غەیرە سوێدی، ئەرکی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی تەنیا یەک کتێب بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن دەخاتە ئەستۆی خۆی. سروە ئەگەرچی توانیوێتی ئەو کارمەندە سوێدییەی بەرپرسی ئەم پرۆژەیەیە وا لێ بکا، ئیشی کتێبی خوێندن بۆ منداڵانی ‹سۆرانی قسەکەر›ی پێ بسپێرێ، بەڵام جێی داخە نەیتوانیوە کتێبی گونجاو بنووسێ. بەمەیش چونکە بۆتە ڕێگر لە بەردەم خەڵکی بەتوانا لە بوارەکانی نووسین و پەروەردە و فێرکردندا، زەبرێکی گەورەی بە منداڵانی سوێدنشینی سۆرانی قسەکەر گەیاندووە.
فەهمی کاکەیی گەلێ کتێبی بۆ منداڵان ئامادە کردووە، بەڵام دوا کتێبی: گەرمیان، چونکە بە هاوکاریی سێ نووسەری دیکە: ئەمجەد شاکەلی، مەهاباد قەرەداغی و فەرهاد شاکەلی نووسیوە، لە کارەکانی پێشووی سەنگینترە. لە باشووری کوردستان، بێجگە لە ئەلف و بێی نوێ کە ئیبراهیم ئەمین باڵداری ‹مامۆستای نەوەکان› بە تەنیا نووسیوێتی، کتێبەکانی دیکەی خوێندن بەرهەمی ماندووبوونی دەستەیەک لە مامۆستایانی شارەزای بواری پەروەردە و فێرکردنن. لە سوێد گەلێ کەسی لە بواری بۆ منداڵ نووسیندا، خاوەن ئەزموون دەژین، ئەگەر سروە داوای کۆمەکی لێ کردبان، دۆی کتێبەکانی ئاویان هێندە زۆر نەدەبوو.
سروە وەک توانای دەربڕینی لەو ئاستەدا نییە، یاریدەی بدات کتێب بنووسێ، وەک کوردییەکەی نە بە کەڵکی نووسینی پەخشانێ دێت و نە بۆ وەرگێڕانی کورتەچیرۆکێکی منداڵانیش دەست دەدا، سەلیقەی هەڵبژادنیشی بە هانایەوە نایە. بۆیە باشترین خزمەتێک بە منداڵانی سۆرانی قسەکەری سوێدنشینی بکات،

ئەوەیە: چی زووتره گۆڕەپانی کتێبی خوێندن بۆ منداڵ نووسین، کە دەمێکە قۆرخی کردووە، چۆڵ بکات و لێ بگەڕێ با کەسانی لێهاتوو خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆز و گرنگە بن. شیاوی گوتنە من خۆم بە یەکێ لەو لێهاتووانە نازانم.

ئەوی خەریکی نووسینە، ئەگەر سوودی لە تاقە دێڕێکی هەر نووسەرێ بینی، دەبێ ئەو تاقە دێڕە بخاتە نێوان دوو کەوانەوە و بە ڕوونی ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکا. واتا: ناوی نووسەری دێڕەکە، ناوی کتێبەکەی، لاپەڕەکەی، ساڵ و شوێنی چاپیش بنووسێ. خەوشی هەرە سەرەکیی گەلاڕێزان ئەوەیە، نزیکەی سێ بەشی بەرهەمی ڕەنجی کەسانی دیکەیە، بێ ئەوەی سروە وەک پێویست سەرچاوەکانی دەست نیشانکردبێ. چونکە خۆی وەک خاوەنی ‹نەک ئامادەکەر، کۆکەرەوە، گوێزەرەوە، یان وەرگێڕ› کتێبەکە لە قەڵەم داوە و بێ ترس و دڵەڕاوکێ ناوی خۆی لەسەر گەلاڕێزان نووسیوە، ئەم ئیشەی ئەگەر نەڵێم تالانکردن، ئەوا لای کەم پێشێلکردنی مافی دەیان نووسەرە و یەکێکە لە جۆرە هەرە دزێوەکانی سووک سەرنجدانی ماندووبوونی خەڵکی دیکە. ئاخر کەس مافی ئەوەی نییە، بەرهەمی نووسەرانی تر، بێ ئەوەی پرسیان پێ بکا، لە دوو توێی کتێبێکدا کۆ بکاتەوە و ناوی سێقۆڵی خۆی لەسەر بەرگەکەی بنووسێ. ئایا کەس مافی ئەوەی هەیە، تووشی هەر پایسکیلێ هات، پارچەیەکی لێ بکاتەوە، تا پایسکیلێ بۆ خۆی پێکەوە بنێ؟

پەیامنێرتان لە هەڵەبجەوە(٧) نووسینێکی منە، ‹بێزار› ناوێک، کە بێ ئەوەی پرسم پێ بکا، هەشت لاپەڕەی بە ناوی خۆیەوە، لێ بڵاوکەدۆتەوە،(٨) تەواو وەک ئەوە وایە هەشت چەقۆی لێ دابێتم. بێ گومانم ئەو نووسەرانەیشی کە سروە بەرهەمیان بە ناوی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە، هەر هەمان هەستی منیان هەیە. ئەوی زێتر جێی داخە، هەندێ لەو ئەدیب و زانایانەی ئەم مافی خواردوون، لە مێژە دنیای فانییان بەجێهێشتووە.

سروە ژنە، کەچی نووسینەکانی لە نووسینی ژن ناچن. هەر ژنێ توانای نووسینی هەبێ، با بەرهەمی بە ناوێکی کورانیشەوە بڵاو بکاتەوە، خوێنەری وریا هەست دەکا نووسەرەکەی ژنە. هەر ژنێ سنووری زمانی زاڵی پیاوانە نەبەزێنێت و وەک ئەم دەسەڵاتی بەسەر زماندا نەشکێ، نووسینی هیچ خەسڵەتێکی ژنانەی تێدا نابێ. توانای زمانی ئەم کەڵکی ئەوەی پێوە نییە، بتوانێ گوزارشتی پێ لە هەست و بیری خۆی بکا. ئەوی ڕۆمانەکانی ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیز جین ئۆستین بخوێنێتەوە، تێدەگا ئەدەبی ژنانە چییە. ئەو نووسەرە مەزنە کە داهێنەری ڕۆمانی کلاسیکە، لە ڕۆمانەکانیدا، ژنانە، بە قووڵی باس لە هەوڵی ئافرەت، لە بواری گەڕان بە دووی مێردا، دەکا.

چەند بۆنخۆش بوون
ئەو گوڵانەی دات لە قژم. (٩)
لە نێوان ئەو ژنە کوردانەدا کە شیعر دەنووسن، بەرهەمی هیچیان هێندەی شیعری کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ژنانە و خۆڕسک نییە.

جێی داخە سروە هیچ شارەزاییەکی لە تەکنیکەکانی نووسیندا نییە. تەنانەت سەرەتاییترین زانیاریی، دەربارەی نیشانەکانی خاڵبەندیش نییە. چۆنێتی نووسینی ناوی سەرچاوە، لە ئەم چۆتە کۆڵی شێر. بە درێژایی هەردوو کتێبەکەی، خوێنەر بە دەگمەن تووشی ڕستەیەکی جوان و ڕەوان دەبێ، کە بەرهەمی بیری خۆی بێ.

ئەوە ئاساییە، کەسێ لەبەر هەر کۆمەڵە هۆیەک، دەسەڵاتی بەسەر بوارەکانی پەروەردەی منداڵ، پرۆگرامی خوێندن، سایکۆلۆژیا، کۆمەڵناسی، هونەری نووسین، زمانی خۆی و بێگانەدا نەشکێ، کارەسات ئەوەیە پێی وابێ شارەزای هەموو ئەو بوارانەیە و کتێبی خوێندنیش بۆ منداڵ بنووسێ.

من هەمیشە دەمەوێ لە کورتی بیبڕمەوە، ئەگەرنا کتێبەکانی سروە لە چەندین بواری دیکەیشدا هەڵە و کەلێن و کەموکوڕییان تێدایە. چونکە هیچ وەختێ بۆ فێربوون، ئەگەر خۆمان ماندوو بکەین، درەنگ نییە، بۆیە هیوام وایە لە داهاتوودا، نووسەرێکی منداڵانی چاکی لێ دەربچێ.

2000. 06. 14

**سەرچاوەکان**


(١) هێدی، دەستە بوخچە، زاراوەی ژنانی موکریان، ل١٩٨ سوێد ١٩٩٩ کتێبی هەرزان

(٢) فوئاد قەرەداغی، بابەتەکانی پەروەردەی نوێ، ل ١٣٩ و ١٤٣ سلێمانی ١٩٩٩ چاپخانەی سەفوەت.

(٣) د، ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕێگای وتنەوەی ئەلف بێ یەکەی باڵدار، ڕامان ژ: ٤٧، ل١٣٢ دەزگای گوڵان، ئایاری ٢٠٠٠ هەولێر.

(٤) زریان عەبدوڵڵا (پشکۆ نەجمەدین) ڕەزبەر، گۆڤاری خەرمانە ژ: ٧، ل٥٧ سوێد ١٩٩٣

(٥) ئیبراهیمی ئەفخەمی، دەنگ و مەتەڵی کوردی، انتشارات محمدی ١٣٢٨ سقز

(٦) علی معروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، ل١٣ چاپخانەی الحوادث ١٩٨١ بەغدا

(٧) حەمەسەعید حەسەن، گۆرانییە باڵنەکراوەکان، ل٢٩ چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.

(٨) حلبجە تکرار هیروشیما، بە کوشش: بهرام ولدبیگی ل ١٧٣- ١٨٠ انتشارات ن و القلم ١٣٧٤ سنندج

(٩) گەلاوێژینوێ، ژ: ١٧و ١٨ ، ل٢٩٦ بنکەی گەلاوێژ ٢٠٠٠ سلێمانی

(١٠) سروە، شێر و مشکە بچکۆلەکە، نووسیگەی تارا ١٩٨٧ سوێد

(١١) بینی کریستال ئەندەرسۆن، ئەکین لە باوەشی نیشتمانێکی نامۆدا، و: سروە، چاندی کوردی ١٩٨٩ ستۆکهۆڵم

(١٢) سروە، پەلکەزێرینە، نوسینگەی سارا ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم

(١٣) سروە، ڕاهێنانی پەلکەزێرینە، نووسینگەی سارا ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم

(١٤) سروە، ڕەزبەر Skolverket Tryckop grafiska 1992 Stockholm

(١٥) سروە نوری عەزیز ڕەنگەکانی پەلکەزێرینە Skolverket چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٩ سپۆنگە

(١٦) سروە نوری عەزیز، گەلاڕێزان Skolverket چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٩ سپۆنگە

(17) Binnie Kristal- Andersson, Akin hittar hem, Bohusläningens Boktryckeri Ab 1985 Uddevalla

(18) Moa Martinson, Kyrkbröllop, s. 207- 218 Tryck SONY 1991 Finland

(19) Ulf Palmenfelt, Sagor från svenska landskap, s. 166- 169 Vänersporgs Offset AB A1988 Vänersborg.

(٢٠) فەرهەنگی خاڵ، هەنبانە بۆرینەی هەژار و قامووسی زمانی کوردیی زەبیحی.

(٢١) ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئەلفوبێی نوێ، بژارکردنی: فەرهاد شاکەلی و خەبات عارف، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٩ سپۆنگە

## به دەم چاوەڕوانیی نیشتنەوەی
## شاعیرێکی بەرزەفڕەوە

من هیچ نانووسم، منیش وەکوو کەسانی دیکە دەخوێنمەوە. جیاوازی نێوان من و خوێنەرێکی ئاسایی، ڕەنگە هەر ئەوە بێ کە من خوێنەرێکی پاسیڤ نیم. ئەوی ئێوە بە بەرهەمی منی دەزانن، بریتییە لە کولاجکردنی بەرهەمی کەسانی دیکە. بەرهەمی من: تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەوەیە چی و چۆنم خوێندۆتەوە.(١) ئەوی دەینووسم دوای بڵاوبوونەوە منیش لە ئاستیدا دەبمە خوێنەرێکی ئاسایی و مافی ئەوەم نییە خوێنەرێکی دیکە بەوە تاوانبار بکەم کە بەد لێی حاڵی بووە، ئاخر ئەویش مافی خۆیەتی چۆنی دەخوێنێتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ دا ‹زەبروزەنگ و بەرژەوەندی تایبەتی›م نووسی، کە بەشێکی کەمی تەرخان بوو بۆ بەسەرکردنەوەی نووسینێکی ڕەفیق سابیر و لە سەرەتای ١٩٩٨یشدا لە نووسینی ‹گەڕان لە دووی خود› بوومەوە، کە باسێکە تایبەت بە سەرجەمی بەرهەمی شیعریی شاعیری ناوبراو و لە دوو ژمارەی ‹ڕامان›دا: (٢١ و ٢٣) کە سەنگینترین گۆڤاری ئەدەبییە کورد بە خۆیەوە بینی بێت، بڵاوکرایەوە، کە دەزگای ‹گوڵان›یش ئەوی بە پێی دەقی نووسینی ڕەفیق سابیر، ‹بە پارەی بەعس و دۆلاری خیانەت دامەزراوە،› کۆمەڵە شیعرێکی بۆ چاپکرد، ڕاستگۆیی ئەوم بە فاکسێک خستە ژێر تیشکی گومانەوە.

ڕەفیق سابیریش بە چوار نووسین:

(١) ڕوونکردنەوەیەک: کوردستانی نوێی ٢٣ی ١ی ١٩٩٨ لەندەن.

(٢) پڕ ماناترین بێدەنگی: ژ:٢٠ و ٢١ ی هەتاو و ژ:٢٤ی ڕابوون.

(٣) کەروێشک دەرچوو یان ناسر حەفید؟ ژ:٢٢ی هەتاو.

(٤) دیدارێک لەگەڵ شاعیر و بیرەوانی گەورەی کورد دوکتۆر ڕەفیق سابیر ژ:٢٣ی هەتاو.

هێندەی جنێو داوە فەرهەنگی هەژاری جنێوی کوردیی دەوڵەمەند و خەنی کردووە.

**ڕوونکردنەوە یان پاکانە؟**

دەمزانی ‹ینک› هەرچی بکا، ڕەفیق سابیر دەنگی ناڕەزایی هەڵنابڕێ و هەر

جارەی بیانوویەک دەبینێتەوە، بیانووی ئەم جارەی ئەوە بوو: ‹کاری هاوبەش لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە ناکا.› منیش سووک و باریک بەرەی ئەو بیانووەم لە ژێر پێی ڕاکێشا. ئیدی ئەوە بوو گوشاریان بۆ هێنا، پاکانەیان پێ نووسی و لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەی ‹ینک›ەوە بڵاویان کردەوە.
ئیمزاکردنی هاوارنامەکە: ‹بژی وشەی جوان و ئازاد،›* لە ماوەی دوو سێ سەعاتدا و لە لایەن ئەو هەموو نووسەرانەوە، پووچکردنەوەی ئەو ئەفسانەیە بوو کە گوایە ڕۆشنبیران لەگەڵ ‹ینک›دان، بۆیە یەکێتی ئارامی لێ هەڵگیرا و هەر چی لە دەست هات بۆ گوشار خستنەسەر و سووکایەتی پێ کردنی ئیمزاکەرانی هاوارنامەکە خستییەگەڕ.
ڕەفیق سابیر لە پاکانەکەیدا هەوڵی داوە بە تەپوتۆزی پشتکردنە ڕاستیی بەرچاوی خوێنەر لێڵ بکات و نووسیویێتی: ‹حەمەسەعید حەسەن بە سەرنووسەری ‹القدس›ی گوتووە: الاستاذ و ‹باشترین› سڵاوی بۆ ناردووە.›
* ڕەفیق دەزانێ ئەو ستوونەی تەرخانە بۆ نامەی خوێنەران، کلێشەیەکی نەگۆڕی هەیە و بەم جۆرەیە: ‹الاستاذ رئیس التحریر... تحیە طیبە و بعد› هەموو ڕۆژێ چەند نامە بڵاوبکەنەوە، هەموویان هەر لە ژێر هەمان کلێشەدان و ئەو وشانە من نەم نووسیون. ئەوی گومانی لەم قسانەی من هەیە، با هەر ئەمڕۆ سەرنجی ڕۆژنامەکە بدات.
* ڕۆژنامەکە ناوی ‹القدس العربی›یە نەک القدس، ‹طیبە›یش بە مانای ‹باش› دێت، نەک باشتر.
* کە هاوارنامەکە لە القدس العربی دا بڵاوبووەوە، زمانحاڵی ینک لە لەندەن: المنار الکردی: ژمارەی دیسەمبەری ١٩٩٧ گوتارێکی پڕ جنێوی بە ناونیشانی: ‹ایضاح حول ما نشرته القدس العربی› بڵاوکردەوە، ڕوونکردنەوەکەی ڕەفیق سابیر کورتەی هەمان گوتارە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکات.
* هاوارنامەکەم بە ئاگاداریی بەشێک لە نووسەرانی کوردی ستۆکهۆڵم، کە یەکێکیان فەرهاد شاکەلی بوو، بۆ: الشرق الاوسط، الحیاە و القدس العربی فاکس کرد.
* هاوارنامەکەم بۆ ئەمجەد ناسر نارد، کە زۆر لە ڕەفیق سابیر ئینساندۆستتر، شۆڕشگێڕتر و شاعیرتریشە، ئاخر ئەو بەرپرسی لاپەڕە ئەدەبی و هونەرییەکانی القدس العربی یە.
* بەشێکی زۆر لە ئەدیبە چەپەکانی عەرەب لە القدس العربی دا دەنووسن و سەرنووسەرەکەیشی نە دەستی لە تاڵانکردنی هەڵەبجەی دوای کیمیابارانکردندا هەیە و نە لە باشماخ یشەوە تا کۆیە پێش پاسداران کەوتووە.
ڕەفیق دەنووسێ: ‹مۆراڵی من ڕێگەم نادا هانا بۆ ڕۆژنامەیەکی دوژمن بە

ڕزگاریی وڵاتەکەم ببەم.›
بەشێ لە نووسەرە گەورەکانی کورد لە بەغدا دەژین و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقییەکاندا دەنووسن، لەوانە: محەمەدی مەلا کەریم و د.کەمال مەزهەر. بەرهەمی سەعدی یوسف، ئەدۆنیس، ئەدوار خەڕات، محەمەد بەنیس، موزەفەر نەواب، بلند حەیدەری، هادی عەلەوی، سەرجۆن پۆڵس و عەبدولڕەحمان مونیف م لە القدس العربی دا بینیوە، تۆ بڵێی لوتکەی مۆراڵی ڕەفیق لە هی هەموو ئەوانە بڵندتر بێ؟ ئەوی بە لای منەوە گرنگە، القدس العربی هاوارنامەکەی وەک خۆی بڵاو کردبووەوە.
ڕەفیق بە درێژایی سالآنی حەفتا هانای بۆ بەعس دەبرد، ئێستایش دەست بە داوێنی ‹ینک›ەوە دەگرێ، ئایا ئەو دوو لایەنە ڕۆژێ لە ڕاژەی سەربەخۆیی کوردستاندا بوون یان دەبن؟ کەسێ هێندە عاشقی وڵاتی خۆی بێ، چۆن دەبێژێ: ‹هەموو کوردستانم لەسەر تاپۆ بکەن، تێیدا نامێنمەوە.›(٢)
ڕەفیق دەڵێ: ‹حەمەسەعید هاوارنامەکەی بۆ ڕۆژنامەیەکی شۆڤێنیست و لایەنگری دەوڵەتی عێراق ناردووە.›
ینک کە ڕەفیق پاکانەی بۆ نووسیوە، خەو بەوەوە دەبینێ بەعس وەک لایەنگری خۆی سەرنجی بدا، سەیرە، ئەوی ئومێدی ‹ینک›ە، خاڵی لاوازی القدس العربی یە! ڕەفیق سالآنی حەفتا نەک هەر گلەیی لەوە نەبوو کە حشع لایەنگری بەعس بوو، بەڵکو هەموو توانای بۆ پتەوکردنی ئەو لایەنگیرییە تەرخان کردبوو. ڕەفیق خۆی وەک ناسیۆنالیستێکی بەرچاوتەنگ، سووک سەرنجی عەرەب دەدات، کەچی گلەیی لە شۆڤێنیزمی عەرەبی هەیە!
ڕەفیق دەڵێ: ‹حەمەسەعید سوئی ئیستیفادەی لە هاوارنامەکە کردووە.›
بۆ پشتگیریی لە نووسەرانی سلێمانی و بۆ ڕیسواتر کردنی ینک تەنیا ئەو هەفتەیەی ئیمزاکانم کۆکردەوە و هاوارنامەکەم بە دنیادا بڵاوکردەوە، زێتر لە مووچەی مانگێکی کاری خۆمم بۆ تەلەفۆن و فاکس تەرخانکرد. ئەوی گومانی لەم قسەیە هەیە دەتوانێ بە هۆی ژمارەی تەلەفۆنەکەمەوە سۆراخی ئەم هەواڵە بکا. نەک بەراوەژوو کەڵکم وەرنەگرتووە، بەڵکو قوربانیشم بە بەرژەوەندیی خۆم داوە، تەنانەت ینک یش حاشا لەم ڕاستییە ناکا. ڕەفیق لە ئەوروپا بوو کە من لەسەر داکۆکیکردن لە نووسەرانی کورد، دووچاری ڕاونان بووم.
ڕەفیق ئەگەر لە پاکانەکردن نییە، لەگەڵ نووسەراندا هاوارنامەیەکی ئیمزاکردووە، کە بادەداتەوە، بۆچی پەشیماننامەکەی بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەی ینک دەنێرێ؟
سلڤادۆر دالی دەڵێ: ‹گەورەترین هەڵەی هونەرمەند ئەوەیە: هەڵوێستەکانی پاشکۆی هەڵوێستەکانی لایەنێکی سیاسی بن.›
شاعیر ویژدانی مێژووە، بیانووەکان هەر چی بن، نابێ لایەنی دەسەلآتداری

سەرکوتگەر بگرێ. ئەو شاعیرەی لایەنی جەللاد بگرێ، لە جەللاد تاوانبارترە، ئاخر جەللاد، بە شیرە خوێناوییەکەی دەستیدا دەناسینەوە، بەڵام شاعیری جەللادان دەشێ بتوانێ بە وشەی جوان بە شەوارەمان بخات.

من پێنج ساڵ ئەندامی حشع بووم، نەوشیروان مستەفا پێم دەڵێ: کۆنە شیوعی،(۳) ڕەفیق ‹چونکە گوێ بۆ بلوێریان ڕادەدێرێ› بیست و پێنج ساڵ ئەندامی هەمان حیزب بووە، ڕادیۆی ینک پێی دەڵێ: شاعیری هێژا.

ڕوونکردنەوەکەی ڕەفیق سابیر پاشکۆیەتی بوو بۆ ینک و لایەنگرتنی جەللادان بوو. ئەمە تەنیا بۆچوونی من نییە، هی ئەو نووسەرانەیشە بەرگەی گوشاری ینک یان گرت و لە هاوارنامەکە پاشگەز نەبوونەوە.

ڕەفیق لە پاکانەکەیدا دەڵێ: ‹حەمەسەعید شەڕی پێ فرۆشتووم.›

ئەو ‹شەڕ›ەی گوایە من پێم فرۆشتووە، بریتییە لەوەی: ئەو لە ڕابوون ی ژ:۱۲دا، ساڵی ۱۹۹٤ نووسیبووی: ‹وەزیرێکی حوکومەتی هەرێم لە قومارخانەیەکی پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپایی سۆزانیی بۆ لە پەردە کراوە.›

منیش بە ناخی ئەو وشانەدا ڕۆچوو بووم و بۆ خوێنەرم شی کردبووەوە کە: مەبەستی ڕەفیق لەو وەزیرە شێرکۆ بێکەسە و ناکۆکیی نێوانیشیان، ناکۆکیی ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو لەسەر ژنێکە. کەواتە ئەوە خۆیەتی شەڕ بە شێرکۆ دەفرۆشێ، ئەگەرنا من کێشەی تایبەتیم لەگەڵ هیچ کامیاندا نییە، تەنیا بەشێک لەو شتانەم درکاندووە کە ڕەفیق وەک نووسەری دەقێک لێیان بێ دەنگ بووە. من هەندێ لە بۆشایی و شوێنە سپییەکانی تێکستەکەم هێناوەتە گۆ و نەهاتووم شتێ بخەمە سەر زاری نووسینەکەی کە نەیگوتبێ. شۆڵز گوتەنی:‹تێکستەکەم ئازار نەداوە، تا ناچارم کرد بێ، دان بە تاوانێکدا بنێ کە پێی هەڵنەسا بێ.›(٤)

ڕەفیق لە نیشتمان لە لایەن شێرکۆی ڕۆناڵدۆی شیعری کوردییەوە گۆڵێکی مێژوویی لێ کرابوو، بەو نووسینەی دەیویست لە مەنفا تۆڵەی ئەو گۆڵە بکاتەوە.

**شاعیرێکی بێدەنگ**

ڕەفیق سابیر بە ناوی خوازراوی ‹ڕێبوار›ەوە لە: ‹پڕ ماناترین بێدەنگی›دا دەنووسێ: ‹من شاعیرێکی بەرزەفڕ و نووسەرێکی داهێنەرم، ئەویشی ڕەخنەی لێ گرتووم: گزگلە، داخ لە دڵە، فاشیلە، فەقیر خەیاڵە، بێ بەهرەیە، تێکشکاوە، کۆلکە شاعیرە، کەم بەهرەیە، چەورە سیاسییە، شەڕفرۆشە، قومارچییە، دۆڕاوە، مایەپووچە، دەروون ناساغە، چەورە ڕوشنبیرە، سەرسەرییە، چەقۆکێشە، پووتنووسە، شیعارنووسە، شیعری ڕاوکە نووسە، دەم پیسە، سفری دوای وێرگولە، مرۆڤکوژە، موشیرە، ئاستی نزمە و وەک سەگ دەوەڕێ.› تا ئێرە ڕەخنەگرەکە، کەسوکارەکەشی: ‹سەرسەرین، ڕاووڕووت دەکەن، خەڵکی گوند لە حەوز هەڵدەکێشن و دارکارییان دەکەن و مامۆستای زانکۆیش دەکوژن.›

ڕەفیق گوایە بێ دەنگە ئەم هەمو جنێوەی داوە، ئاخۆ ئەگەر هەڵبچێت و بێتە دەنگ، جنێوی دیکە شک دەبا! ئەم زارخاوێنە و هەر لەم نووسینەیدا گلەیی لەوە دەکات: ‹ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە ئەوروپا دەرفەتی جنێودانی بۆ کەسانی دەروون ناساغ ڕەخساندووە›و خوڕخوڕ بەسەر تەرمی دیموکراتیدا دەگری!

کەسانی نادیموکراتی، ئەوی ڕاستیی بدرکێنێ ئەگەر بۆیان لوا زمانی دەبڕن، ئەگەرنا جنێوی پێ دەدەن. ڕەفیق سابیر دەسەڵاتی زمان بڕینی نییە، بۆیە چی جنێو دەزانێ بە هەموو ئەوانەی دەدا، ئەو ڕاستییانە دەخەنە ڕوو کە ئەو پێیان سەغڵەتە.

لەو جنێونامەیەدا جنێوفرۆشەکە: ڕەفیق سابیرە، شاعیرە بەرزەفڕە بێدەنگەکە:

ڕەفیق سابیرە، جنێو پێ دراوەکەیش: هەر ڕەفیق سابیرە، ئاخر ئەوی جنێو بدات، جنێوەکانی بۆ خۆی دەگەڕێنەوە، بە تایبەتی ئەگەر جنێوفرۆشیکی لە بابەتی خۆیی دەست نەکەوێ. با ڕەفیق سابیر هەر خۆی شاسواری نسکۆ نەناسی گۆڕەپانی شەڕەجنێو بێ.

ڕێکخستنی ینک لە سوێد، لەسەر زێدەڕۆیی لە شەڕەجنێودا پشکۆ ناکامی تەزاند، ئەو هەنگاوە هاوزەمان شارستانی و نادیموکراتیش بوو، ئاخر پشکۆی ئارەزوومەند، نۆرەبڕی لە ڕەفیقی پسپۆڕ کرد.

ڕەفیق با بە لێشاو جنێویش ببەخشێتەوە، من نەک هەر ئاواتی ناهێنمە دی و دانەبەزمە ئەو ئاستەوە، بەڵکو کە بەو شێوە بازاڕییە دەبمە نیشانە بۆ تیری جنێو، تۆزقاڵێ لە کاریگەرێتیی نووسینەکانم دڵنیا دەبم. دەزانم زمانی زاڵ لە گوتاری سیاسیی ئەمڕۆی کوردی باشوور و باکووردا، زمانی تۆقاندنە و ئەوی بوێرێ ڕاستییەکان بدرکێنێ، جەللادان ئەگەر دەستیان نەیگاتێ، نووسەرێکی جنێوفرۆشی لێ هان دەدەن.

جەللاد دوو جۆری هەیە، قەڵەمدار و چەکدار، یەکەمیان فەتوای کوشتنت دەدا، دووەمیان دەتکوژێ. قەڵەمدار: جنێوت پێوە دەنێ، چەکدار: گولله. جەللادی چەکدار بڕوای بە وتوویژ نییە، قەڵەمداریش هەروەها. جەللادی قەڵەمداریش وەک جەللادی چەکدار هەستی سڕ کراوە، دەنا دەیزانی جنێویش وەک گولله ئازاری هەیە.

ئەوی وەک ڕەفیق بیرنەکاتەوە، لە بری ئەوەی ڕێزی بیروڕای جیاوازی بگرێ، وەک دوژمنی شەخسیی خۆی سەرنجی دەدا. سوکرات: دوژمنی جەللادەکەی نەبوو، داوای ئازادیی بیروڕا دەربڕینی دەکرد، بۆیە کوژرا. ‹ئەو کاتەی نازم گزاری جەللاد، سەرۆکی خوێندکارە بەعسییەکانی عێراق بوو، حەمید سەعیدی (شاعیر!) جێگری بوو،›(٥) ڕەفیق ئەگەر حەزی لێیە ببێتە (بیرەوان!) با لاسایی ئەدوارد سەعید بکاتەوە نەک حەمید سەعید.

سەبارەت بە جنێونامەکەی ڕەفیق سابیر، ئاسۆ دەڵێ: 〈نووسەری پڕ ماناترین بێدەنگی لە لاپەڕەیەکدا قامووسێک لە پیسترین جنێوەکانی شەقامی کوردیی کۆکردۆتەوە و هەستی ئینسان بە دزێوترین شێوازەکانی جنێو تیرۆر دەکا. پەیام ژ: ٨ ل: ٦ و ٧ یولی ١٩٩٨ لەندەن.〉
سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم بە نووسەری جنێونامەکە دەڵێ: 〈تۆ ٤٧ جنێوت داوە، حەوتیان: سەرسەری یە، داوای لێ بوردنت لێ دەکەم کە من یەکێکیان بە کار دەهێنم: نەدەبوو کورتە وتارێکی وا 〈سەرسەری〉یانە بنووسی. شاعیری جەللادان ٢ ـ ٦ ـ ١٩٩٨〉
برایمی کاکەحەمە لە 〈نامەیەک بۆ ڕەفیق سابیر〉دا دەڵێ: 〈دوا لاپەڕەی ڕابوون ی ژ:٢٤ باشتر وایە بە لاپەڕەی جنێو ناوببرێ، چونکە لە ٤٨٩ وشە، ٤٩ی جنێوە. نووسەری ئەو لاپەڕەیە ناوی خۆی نەنووسیوە و جنێوی بە خێزانی ڕەخنە لێ گیراوەکەیش داوە، بۆیە ترسنۆکە و بەعسی ڕەفتار.〉
حاجی مەمۆ دەڵێ: 〈ڕێبوار! شاعیرە **بەرزەفڕەکەیە** و بە زمانێکی **سەرسەری** یانە داکۆکی لە خۆی دەکات و ڕووی نووسینی هەموو **چەورەڕۆشنبیرێکی** سپی کردۆتەوە.〉 〈ئەو وشانەی بە حەرفی جیاواز نووسراون، لە نووسینەکەی (ڕێبوار)ەوە وەرگیراون.〉
〈بەو شێوەیەی پێتان خۆشە هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا بکرێ، بە هەمان شێوە ڕەوتار لەگەڵ خەڵکیدا بکەن.〉 با ڕەفیق سابیر ئەو قسەیەی مەسیح لەبەر چاو بگرێ و لەمەو دوا جنێو بە کەس نەدات . وەک چۆن هەستی ناسکی ئەو بە: سیسارکە کەچەڵە 〈شیعرێکی کەژاڵ ئەحمەدە بۆ ڕەفیق سابیری گوتووە〉 بریندار دەبێ، خەڵکیش بە جنێوەکانی وی بریندار دەبن.

**کەمال میراودەلی**

ئەمیش لە بواری شەڕەجنێودا جێ دەستی دیارە و لە خوت و خۆڕاییی خۆی بە سکرتێری یەکێتی نووسەرانی کوردستانیش دەزانێ،(٦) بەڵام کەی؟ لە کوێ؟ چۆن بوو بە سکرتێر؟ هێشتا بە نهێنی ماوەتەوە! کەمال یەکەمین 〈سکرتێرە〉 جنێوی لە بابەتی: 〈دووسەران، بۆشبیران، خەسیو، سووک، کەم، خۆفرۆش، دوور لە شەرەف، بێ هەڵوێست، مێش، ئەندازیاری خیانەت، پەیامبەری جاشایەتی، چاوشۆڕ و دەبابە خۆر〉(٧) بە ئەندامانی سەندیکاکەی خۆی دەدا! ئەمانە تەنیا مشتێکن لە خەرواری جنێوەکانی. کەمال بێجگە لەوەی بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە جنێوفرۆشێکی بێ هاوتایە، هەندێ جار بە ناوی نهێنیشەوە جنێو دەبەخشێتەوە، ئەوەتا بە ناوی (د. دەرسیم عەزیز)ەوە کە یەکێکە لە ناوە حەرەکی و حیزبییەکانی، بە ڕووناکبیران و نووسەران دەڵێ: 〈کڵاش لەسەر، بوودەڵە، پێڵاوهەڵگر، ڕسوا، فشە ڕووناکبیر، کاسەلێس، پێڵاودانەر، میسواگچی، نۆکەر و

سووک.›(٨)
یەکەمین جار کە ئیبراهیم ئەحمەد سەردانی مەد تی ڤی کرد، (دڵبەخوێن) پێشوازیی لێ کرد و کەمال میراودەلیش جانتای بۆ هەڵگرتبوو، تەلەڤیزیۆنی مەد ئەم پێشوازی و جانتا هەڵگرتنەی هەر لە فرۆکەخانەی برۆکسلەوە تا ستۆدیۆکانی، بە زیندوویی نیشاندا و منیش یەکێک بووم لە لەشکری بینەران. ڕەنگە کەمال خۆی ئەمە بە یەکێ لە سەروەرییەکانی بزانێ، منیش هێندە ‹ڕەفیق سابیر باشی بۆ چووە› فەقیر خەیاڵم بە نەنگیی تێ دەگەم.
یەک دوو مانگێ لەمەو بەر بەکر شوانی لە مەد تی ڤی بەرنامەیەکی بەڕێوە دەبرد و یەکێ لە میوانەکانی کەمال میراودەلی بوو. کەمال بە پێچەوانەی جارانییەوە سەبارەت بە پدک زۆر دلۆڤان بوو. زانیم ئەو ماستە بێ موو نییە، دواتر بۆم دەرکەوت بە هیوایە یەکێ بێ لە ئەندامانی وەڤدی ئەنجومەنی ئاشتی و تەبایی بۆ لای بارزانی، کە ‹ڕەفز›ی بۆ هاتەوە، خووی دایەوە جنێو بە پدک دان. مام جەلال وا ڕاهاتووە لە کاتی بادانەوەی وەهادا پەنا بۆ: ‹عادت حلیمە الی عادتها القدیمە› دەبا.
پاییزی ڕابردوو لە برۆکسل برادەرێکی سەر بە پکک، پێی گوتم: ئەگەر نیازت هەیە گۆڤاری ‹خەرمانە› بخەیەوە گەڕ، لە ڕووی داراییەوە پشتگیریت دەکەین. منیش گوتم: زۆر سوپاستان دەکەم جارێ نیازی وام نییە. گوتی: تۆ زۆر سەیری، کەمال میراودەلی بۆ ‹هەتاو› داوای یارمەتی کرد، ئێمە ڕەفزمان کرد.
کەمال لەم دواییەدا چوو بووە لای دەستەی نووسەرانی ‹پەیام› و پێشنیاری کرد بوو: پەیام و هەتاو ببن بە یەک، لە کن ئەوانیش هەر ڕەفزی بۆ هاتبووەوە.
کەمال میراودەلی تا ئێستا چەند جارێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاوانکارانی جەنگ: نەوشیروان مستەفا و جەبار فەرمان دا سازکردووە، یەک ژمارەی هەتاویشی بۆ داکۆکیکردن لە جاشە سورچییەکان تەرخان کرد و گەلێ جاریش هەوڵی داوە وتووێژێ لەگەڵ مام جەلالدا بکات بەڵام هێشتا بەخت یاری نەبووە. ستانیسلاف جیریزلیک کە شاعیرێکی پۆڵۆنییە دەڵێ: ‹کا: لای عاشق و لای ئەسپ هەمان بۆنی نییە.› بۆیە ئاساییە من و کەمال جیاواز شتەکان هەڵبسەنگێنین.
ڕەفیق سابیر و کەمال میراودەلی پاکانە و ماستاو بۆ بەشێک لە سەرانی کورد دەکەن و جنێویش بە زۆربەی نووسەرانی کورد دەدەن، ئەمە ئەگەر ڕەنگدانەوەی گەڕان لە دووی بەرژەوەندیی تایبەتی نەبێ، ئەوا بوێرییش نییە وەک بانگەشەی بۆ دەکەن.

**هاشم کۆچانی**

ئەو جنێوانەی بە نووسەران دەدرێن، سەرەتا کەمال لە هەتاودا و دواتر ڕەفیقیش لە ڕابووندا بڵاویان دەکاتەوە، ئەو جووتە بە هۆی نووسینەکانیانەوە وەک دوو

شاسواری گۆڕەپانی جنێودان ناوبانگیان دەرکردووە، بەڵام چی هاشم کۆچانی لەگەڵ ئەو دوو جنێوفرۆشەدا کۆکردۆتەوە؟ ئایا ڕێکەوتە شەش حەوت ساڵە هاشم هاوکاری ئەو دوو جنێوفرۆشەیە؟ ئومێد دەکەم ئەو گوتەیە هەڵە بێ کە دەڵێ: ‹پێم بڵێ دۆستەکانت کێن، پێت دەڵێم تۆ کێی.›

هاشم کۆچانی بەوە نابێتە نووسەر کە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕابووندا، ناوی لەژێر ناوی دوو نووسەری جنێوفرۆشدا بنووسرێ، بەڵکو تەنیا بەرهەمی قەڵەمی خۆی بڕیار دەدات، نووسەرە یان نا، بەڵام پرژەی چڵکاوی جنێوەکانی ڕابوون، بەر ئەویش دەکەوێ و کەمال و ڕەفیق بە دوو جنێونامەکەی سەرەتا و کۆتایی ژمارە ٢٤ ی ڕابوونیان کڵاویان لەسەر ناوە، بە هیوام سەری بۆ کز نەکا.

لە هاشم کۆچانی دەپرسم: تۆ و کەمال میراودەلی ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەمان گۆڤارن، کە ئەو بە بەر چاوی تۆوە دەرۆژەی سۆزی بکوژانی محەمەد حەللاقی نزیکترین هاوڕێت دەکات، ویژدانت هیچ ئازارت نادا؟

چونکە کەمال جنێوەکانی زێتر بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە بڵاودەکاتەوە، کەمتر ڕیشی هاشم دەگرنەوە، بەڵام ڕەفیق کە لە ڕابووندا و بە ناوی خوازراوەوە جنێو دەبەخشێتەوە، هاشم کۆچانیش دەخاتە سەنگەری خۆیەوە.

**کەرویشکەکەی ناسر حەفید**

لە ل ٥٢ ی ژ: ٢ ی کۆنتراکت دا ناسر حەفید باس لە ناتەبایی نێوان هەڵوێست و نووسینی ڕەفیق سابیر دەکا و پێی سەیرە ناوبراو بە نووسین: نێچیرەوان بە عودەی و گوڵان بە بابل دەچوێنێ و بە کردەوەیش دەزگای گوڵان کۆمەڵە شیعری بۆ چاپدەکا.

ڕەفیق لە وەڵامی ناسردا دەپرسێ: ‹کەسێ خۆی بە مرۆڤێکی جیدی و ئیمامی مۆراڵ بزانێت و خەڵک بە بێ مۆراڵ و دووڕوو تاوانبار بکات، چۆن فاکسێکی پڕ لە درۆی جنێوفرۆشێک دەکاتە سەرچاوە؟›

ئەمە دەقی فاکسەکەیە: (ڕەفیق سابیر ئابی ١٩٩٤ لە ل١٢تا ١٧ی ژ:١٢ی ‹ڕابوون›دا، نێچیرەوان: بە عودەی، گوڵان: بە بابل، سەرۆ قادری سەرنووسەری گوڵانیش: بە قەڵەمێکی: خوێڕی ناودەبا، لە ئابی ١٩٩٧یشدا لەو عودەی و بابل و خوێڕییانە ‹خۆی گوتەنی› دەپاڕێتەوە دیوانی بۆ چاپبکەن! ڕەفیق لە لایەکەوە ‹لە سوێد› دەچێتە خزمەتی کۆسرەت ڕەسووڵ و پاکانە لە کوردستانی نوێی چاپی دوەلیدا بڵاودەکاتەوە، لەولایشەوە پێوەندی لەگەڵ دەزگای گوڵانی ‹خۆی گوتەنی› سەر بە پاراستندا دەبەستێ!)

یەک وشەی ناڕاست لەو فاکسەدا نییە، ئەگەرنا با ڕەفیق دەستنیشانی بکا. هێشتا ڕستەیەکی درۆم نەنووسیوە، ئەگەر دژی عەلی کیمیاویش بنووسم درۆی بۆ هەڵنابەستم، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە ڕەفیق باڵانسی لە دەست داوە و جنێو

دەبەخشێتەوە، ئاخر ئەویش ت س ئەلیەت گوتەنی: ‹لەو جۆرە کەسانەیە کە بەرگەی ڕاستیی ناگرن.› ئەو خۆی لە لاپەڕەیەکی بچووکدا نزیکەی پەنجا جنێوی داوە، کەچی خەڵکی دیکە بە جنێوفرۆش ناودەبا!
سەرۆ قادر لە وەڵامی جنێوەکانی ڕەفیق سابیردا دەنووسێ: ‹دووریش نییە ئێمە کرابینە قوربانیی موجامەلەیەکی پشتەوەی پەردە...خۆش نییە ڕەفیق لەسەر حیسابی ماندووبوونی ئێمە سەودا و مامەڵەی خۆی لە گەڵ خەڵکی تردا ساغ بکاتەوە. گوڵان ژ:٣٥›
وشە نەنووسراوەکانی سەرۆ وەها دەخوێنمەوە:
ڕەفیق یەکێ بوو لەوانەی دەیانویست باڵێکی حشع بۆ ناو ینک ببەن، کە زۆربەی شیوعییە کوردستانییەکان دژی لە ینک دا توانەوە وەستانەوە، ئیدی ئەویش پاشەکشێی کرد. ئەمە فاکتایە نەک فانتاسی. هەر بۆیەش مام جەلال هاوینی ١٩٩٢ لە قەڵاچوالان، دوا هەواڵی پێوەندی نێوان ڕەفیق و حشع ی لە ئەحمەد بانیخێڵانی پرسی بوو.
نووسینەکەی ناسر حەفیدیش لە ناکۆکیی نێوان ڕەوتار و گوتاری ڕەفیق سابیرەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لەو فاکسەی منەوە، کە هیچی نوێم تێدا نەگوتووە، تەنیا نووسین و هەڵوێستی ڕەفیقم بەراورد کردووە.
ڕەفیق دەڵێ: ‹چاپکردنەوەی کتێبەکەم لە لایەن گوڵانەوە بۆ من جۆرە موفاجەئەیەک بوو، پێم ناخۆش بوو.›(١٠)
ڕەفیق بە شانازییەوە لە هەندێ جێ، باسی لەوە کردبوو، کە شاعیرێکی ‹بەرزەفڕە› و هاوزەمان دیوانی لە هەندەران و لە کوردستان دێتە بڵاوکردنەوە. موفاجەئەی چی؟ ئەدی خودی خۆت بە نامەوە بۆ بەرپرسی دەزگای گوڵانت نەنارد بوو، تا بۆت چاپبکا! موفاجەئە: بە کوردی کوتوپڕییە، هەر باشە تووشی صەدمە نەبووی، کە بە کوردی: تاس، ڕاتەکاندن، دڵ داخورپان و حەپەسانە. کە پێت ناخۆش بوو، نەدەکرا وەک چۆن پشکۆ نەجمەدین حاشای لە نووسینێکی کرد کە گوڵان شێواندبوویان، تۆیش هەڵوێستێکی وات نواندبا؟ یان ئەگەر فاکسەکەی من و نووسینەکەی ناسر نەبوونایە، ‹بێدەنگییەکی پڕ مانای› دیکەت هەڵدەبژارد؟
ڕەفیق دەڵێ: ‹دوای ڕاپەڕین بە کۆششی سەرۆ قادر.. چەند ژمارەیەکی ڕابوون بە کۆپی بڵاوکرانەوە...من کتێبم ناردووە سەرۆی برادەرم بۆم چاپبکا، بۆ گوڵانم نەناردووە.›(١١)
ئەوی ١٩٩٧ کتێبی بۆ ڕەفیق سابیر چاپکردووە، برادەرەکەی سەردەمی فۆتۆکۆپی نییە، بەرپرسی دەزگای گوڵانە کە تەلەڤیزیۆن ، ڕادیۆ، چاپخانە و چەندین گۆڤاری وا دەگرێتەوە کە لە سنووری دەسەڵاتی گەلێ وڵاتی ناوچەکە و هەندێکی ئەوروپایش باڵاترە. سەرۆ قادر ئەگەر بە هۆی دەزگای گوڵانەوە نەبێ، بە چی

دەتوانێ کتێب چاپ بکا؟ سەرۆ برادەری ڕەفیقە و ناوی دەنێ: قەڵەمێکی خوێڕی! گوڵان بە دۆلاری خیانەتی ئاب بە ڕێوە دەچێ و یازدەهەمین کتێبی بڵاوکراوەی دیوانێکی ڕەفیقە!
ڕەفیق سابیر پێشتریش ساڵی ١٩٨٩ دوو هەزار و پێنج سەد دۆلاری چڵکنی لە ڕێکخراوی دیمەشقی حشع بە قەرز وەرگرت، بەو مەرجەی لە سوێد بیداتەوە، نەی دایەوە و بە دراوی عێراقچییەکان هاتووە و سەرقاڵی کوردستانی بوونە!
دلزار لە ل٤ی ژمارە ٤٠٠ی ٣ی ئایاری ٢٠٠٠ی ڕێگای کوردستان دا دەڵێ: ‹ماوەیەکی کەم گۆڤاری ڕێگای ئاشتی و سوسیالیزم لە دەستی ڕەفیق سابیردا بوو، پاشان کە بە یارمەتی حیزب گەیشتە سوێد، دەبووایە لەوێش گۆڤارەکە دەربکات، بەڵام ئەوەی نەکرد.›
ڕەفیق دەڵێ: ‹بە تەلەفۆن بۆ ناسر حەفیدم ڕوونکردەوە کە ژووانی ڕووناکیم بۆ دەزگای گوڵان نەناردووە. هەتاو ژ:٢٢›
ئەدی بۆچی متمانەی پێ نەکرد و ‹تاوانی بێ مۆراڵی و دووڕوویی دایە پاڵی؟ هەتاو ژ:٢٢ ڕ. س. کەروێشک دەرچوو یان ناسر حەفید؟› تۆ بڵێی هیچ پێوەندی بەو ناکۆکییەی نێوان ڕەوتار و گوتاری ڕەفیقەوە نەبێ؟ جەواهیری دەڵێ: ‹مەحاڵە ئینسان ببێتە شاعیر، ئەگەر ژیان و گفتاری ناکۆک بن. بڕوام بەو شاعیرە نییە ژیانی شتێ بێ و نووسینی شتێکی تر. دوورتر دەڕۆم و دەڵێم: کەسایەتی شاعیر لە شێوازی دەربڕینی گرنگترە.›(١٢)
ڕەفیق سەبارەت بە کاروان عەبدوڵڵایش ڕاستیی بزر دەکا، ئاخر هەر سەرۆ قادر، کاروانی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕابوونیشی کردە سەرنووسەری گۆڤاری کاروان ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە کوردستان.
لە وەڵامی ناسر حەفید و لە ‹دیدار›ەکەی هەتاودا، ڕەفیق بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە نووسەری ئەم دێڕانەی پێ:‹نووسەرۆکەیەکی شەڕفرۆش و درۆزنێکی جنێوفرۆش و حوسالەیەکی ڕۆشنبیرە.› حوسالە بە کوردی: گەجەر و گوجەر، هەرچی و پەرچی ، چەورە، شەللاتی و چەقۆکێشە. ڕەفیق پێشتر بە ناوی خوازراوی ‹ڕێبوار›یشەوە، هەر ئەم جنێوانەی دابوو.
ڕەفیق تا پار هاوینیش جنێوی نەدەنارد، دیاریی دەنارد. کە لە ٢٨ی٧ی ١٩٩٧دا ژووانی ڕووناکی، چاپی سوێدی بۆ پۆست کردبووم، لێی نووسی بوو: ‹برای بەڕێز کاک: ....› کە لە ٢٤ی٥ی١٩٨٩دا لاوکی هەڵەبجەی لە شامەوە بۆ ناردبووم، لێی نووسی بوو:‹برا و هاوڕێی شاعیرم کاک ...› کە لە ٦ی٨ی١٩٩٠دا کاروانسەرای بۆ ڕەوانە کردبووم، لێی نووسی بوو:‹هاوڕێی هێژام کاکە ...› کە لە ٢٤ی٥ی١٩٩٣دا وەرزە بەردینەی بۆ هەناردبووم، لێی نووسی بوو:‹برای بەڕێزم کاک ...› لە ل:٩١ی یەکەم ژمارەی ڕابووندا، بەهاری ١٩٩١ نووسی بووی:

‹خەرمانە دەرچوو، برادەری شاعیر حەمەسەعید حەسەن سەرنووسەرێتی.›
کەواتە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ ـ ١٩٩٧دا: هاوڕێ، برا، برادەر، کاک، کاکە، هێژا، بەڕێز و شاعیریش بووم، کەچی ئەوە چەند مانگێکە بووم بە:‹حوسالە، کۆلکە شاعیر، نووسەرۆکە و چل جنێو و ناتۆرەی تریش،› بەڵام فەرهاد شاکەلی بە پێچەوانەی منەوە، بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی ڕەفیق سابیر لە ساڵی ١٩٩١دا:‹دەمشڕ، شەڕفرۆش و ئاستی کۆمەڵایەتی نزم›(١٣) بووە، کەچی لەم دواییەدا بووە بە: ‹برادەرێکی هێژای.›(١٤) وەک دەردەکەوێ هەتا دێ من بە ناخی قوڕدا دەچم و فەرهاد شاکەلیش بەردەوام گەشەدەکا.
ئەوانەی ڕەخنەیان لە ڕەفیق هەبێ، لە باشترین حاڵەتدا:‹دەستەیەک کۆلکە نووسەر و ئینزیباتی فیکرین،›(١٥) ئەگەرنا: سەر بە چل و قسوور جنێوەکەن. پێم سەیرە ئەوێکی ‹خۆی گوتەنی› بەرزەفڕ، وەڵامی ئەو ئاستنزمانە دەداتەوە! هەق نییە.
من گەرچی بەرزەفڕیش نیم و گەلێ قەڵەمداری سەر بە ینک یش دەستڕێژی جنێویان لێ کردووم، بەڵام گۆران گوتەنی: ‹لێیان نەهاتوومە دەنگ و لێ گەڕاوم هەر خۆیان هەردوو تەرەف بن.› تاقە کەسێکی سەر بە ینک کە دژی نووسی بووم و جنێوی نەدابوو، گەلاوێژ خانی هاوسەری ئیبراهیم ئەحمەد بوو، بەڵام ئەویش لە بڵاوکردنەوەی ئەو ساتیرەدا کە دژی مەلا بەختیار نووسی بووم و ڕێکخستنی ئەورووپای ینک ناوی ئیمزاکەرانی هاوارنامەکەی پێوە لکاند بوو، درێغی نەکرد.
ئەو ئەرکە مێژووییە لە باکووری ئەورووپا، شێرکۆ بێکەس ڕایدەپەڕاند.

**ڕەفیق (سا)بیرەوان**

(من فەیلەسووفم بەڵام ئەگەر پێویستی کرد شاعیریشم. بەشیر موشیر)

لە ل:١١ی هەتاوی ژ:٢٢دا ڕەفیق سابیر بە ناوی ‹پەیامنێری هەتاو لە سوێد›ەوە کە خودی خۆیەتی، دیدارێکی لەگەڵ خۆیدا سازکردووە و هەر خۆی ئەم ناونیشانەیشی بۆ هەڵبژاردووە: ‹دیدارێک لەگەڵ شاعیر و بیرەوانی گەورەی کورد دوکتۆر ڕەفیق سابیر.› هەر لەو (دیدار)ەدا خۆی لە ستایشی خۆیدا دەڵێ: ‹لە مەیدانی شیعردا هەنگاوی گەورەم ناوە، خاوەنی ڕێبازێکی تازە و تاکم لە شیعری کوردیدا، زمانم گەیشتۆتە پۆپەی شەفافییەت و ڕووناکی و ئاوێنەیی، من خۆم بە شاعیری چۆنایەتی دەزانم نەک چەندایەتی و پشتم بە ڕۆشنبیرییەکی قووڵ بەستووە.› هەر خۆی سەبارەت بە ‹ئیمپراتۆریای لم› کە دوا بەرهەمی خۆیەتی، دەڵێ:‹کارێکی فیکریی بەرز و نایاب و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی قووڵە. هەتاو ژ: ٢٢›
لە هەمان ژمارەی هەتاو و لە وەڵامی ناسر حەفیددا دەنووسێ: ‹من شاعیرێکی ناسراو و نووسەرێکی پڕ بەرهەمم، هەندێ کەس ئەمەیان پێ تەحەمول ناکرێ.›

ڕەفیق وا ڕاهاتووە، خۆی گەورە و کەسانی دیکە بچووک ببینێ. سەرنج بدەن چۆن خۆی هەڵدەکێشێ: ‹بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە. یان: ئەوانەی لە ئەوروپا گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەکەن، زۆربەیان ئەسڵەن کوردی نازانن.›(١٦) بە مەرجێ یەکێ لەو ئاستنزمانە بە کوردییەکەی دوا بەرهەمی ئەم بیرەوانەدا چۆتەوە! ڕەفیق پێی وایە بەوە گەورە دەبێ کە سووک سەرنجی نووسەرانی دیکە بدا، بەڵام ڕاستییەکەی گەنم کە گوڵەکەی پووتە، قنج و قیتە، کە پڕ دەبێ، سەر دادەنەوێنێ.

ئەنوەر مەسیفی لە هەڵسەنگاندنی دوا کۆمەڵە شیعری ڕەفیق سابیردا دەنووسێ: ‹فۆرمی شیعریی‹ژووانی ڕووناکی› لە فۆرمی ئایدۆلۆژیاوە نزیکە و درێژەپێدانی فۆرمی سەرەتای حەفتاکانە. ڕەفیق ڕاستەوخۆ گوتاری شیعری خۆی ڕەسم کردووە، شیعری زێتر بۆ گۆرانی دەشێ و بە شێوەیەکی فۆلکلۆری تەعبیر لە غەریبی دەکا.›(١٧)

ڕەفیق شاعیرە، بەڵام دەستی کەڵەگەتترین شیعری ناگاتە داوێنی شیعرە جوانەکانی محەمەد عومەر عوسمان، قوبادی جەلیزادە، جەمال غەمبار، نەوزاد ڕەفعەت، کەریم دەشتی و ئاراس عەبدولکەریم.

ڕەفیق لە ناکاو لە بیری دەچێتەوە کە بیرەوانێکی گەورە و شاعیرێکی بەرزەفڕە، بۆیە دەست دەکاتەوە بە جنێودان و دەڵێ:‹ژیانی ڕۆشنبیریی کورد ئاست نزم و بۆگەنە، ئەویشی ڕەخنەی لێ گرتووم: حوسالەیە، کۆلکەیە و بازرگان. ژ: ٢٢ی هەتاو› ئاخر قارەمانی ساختە، تەنیا لە ڕێی سڕینەوەی کەسانی دیکەوە سەر هەڵدەدا.(١٨) حەزرەتی نالی دەفەرموێ:

هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەقصەدی

خودپەسەندیی بێ یەقین ئیظهاری نادانی دەکا.

بەوەی کە دەڵێ: ‹زمانی شیعرم شەفاف و ئاوێنەییە،› ڕەفیق یەکەمین بیرەوانە، پێی وا بێ ئاوێنەیش شووشە ئاسا شەفافە! لەم ساڵانەی دواییدا سێ ئەدیبی ئەفریکایی خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرت: ‹سۆینکا ٨٦ ، نەجیب مەحفووز ٨٨ و نادین گۆردیمێر ٩١›، ئەگەر ساڵی داهاتوو نۆرەی ئاسیا بێ و ڕەفیق سابیریش خۆی گوتەنی:‹شاعیرێکی وا بەرزەفڕ و بیرەوانێکی وا گەورە بێ›، ئەوا ئەندامانی ئاکادیمیای سوێدی لەویان لەبارتر دەستگیر نابێ. ئەوانیش سەیرن بە ئۆکتاڤیۆ پازی دەدەن، هەر شاعیرە، بە ڕەفیقی نادەن هەم شاعیرە و هەم بیرەوان!

عەبدولمەلیک گۆڕەکەی بێتە جێژووانی ڕووناکی دەیگوت: خەڵکی کورد سەیرن، دوای مام جەلال دەکەون هەر پارێزەرە، دوای من ناکەون، هەم پارێزەرم، هەم ئەفسەر!

ڕەفیق دەڵێ: ‹چونکە من وەک شاعیرێک و نووسەرێک زیاتر بۆ کاری ڕۆشنبیری

دەست دەدەم.. بڕیارم دا دەست لە کاری پارتایەتی بکێشمەوە. هەتاو ژ: ٢٢>
ڕەنگە نووسەری ئەم دێڕانە یەکەم کەس بوو بێ، بە نووسین داوای لە ڕەفیق کرد بێ: <شەقێکی تۆند لە تۆپی سیاسەت هەڵبدات،>(١٩) بەڵام شەقەکەی <گەر بە ڕاستی بێ> زۆر دواخست. پاش چی؟ پاش ناردنەوەی محەمەد حەللاق بۆ کوردستان و بە خۆڕایی بە کوشتدانی؟ ئاخۆ کوڕەکەی ئایشەگوڵیش مافی ئەوەی نەبوو، لە بری ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەدا بکوژرێ، وەک ڕەفیق لە سوێد بژی و ناو بە ناو یەک دوو <بیرەی پریپس یش بخواتەوە؟>(٢٠)
ئاخۆ ڕەفیق کە تەوقە لەگەڵ بکوژانی محەمەد حەللاقدا دەکا، خوێنی گەشی ئەو هاوڕێ دێرینەی بە دەست و پەنجەی خۆیەوە نابینێ؟ ڕازیم دەستم ببڕنەوە، بەڵام تەوقە لەگەڵ بکوژانی هاوڕێکانی خۆمدا ناکەم.
**ڕاستییە خەمگینەکان**
ڕەفیق نامە بۆ خۆی دەنووسێ و تێیدا بە باڵای خۆیدا هەڵدەڵێ! دیدار لەگەڵ خۆیدا سازدەکات و خۆی ناودەنێ: بیرەوانی گەورە! بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە دەنووسێ: نووسەرێکی پڕ بەرهەم و شاعیرێکی ناسراوم! جنێو بە دەزگای گوڵان دەدات و دیوانیشیان پێ چاپدەکا! بە دەیان جنێو دەبەخشێتەوە و خەڵکی پێ جنێوفرۆشە! بڕوای بە حەشع نامێنێ و تا تەواوکردنی (خوێندنی باڵا!) و وەرگرتنی کرێی سەفەر بێدەنگیی هەڵدەبژێرێ! جنێو بە هاوڕێ دێرینەکانی خۆی دەدا! لەتکردنی حەشع لە ینک بە قۆنتەرات دەگرێ! ناڕەزایی دەردەبڕێ و لێی پاشگەز دەبێتەوە! فێڵ لە ئەندامی دەستەی نووسەرانی خۆی دەکا! تەنانەت بەراوەژوو سوود لە شووکردنەوەی دایکی شاعیرێکی ناسراو وەردەگرێ!(٢١) جنێو بۆ کەسوکاری ئەوانەیش دەنێرێ کە دەوێرن ڕەخنەی لێ بگرن! ئایا ئەمانە لای کەم ڕەنگدانەوەی سەر لێ شێواوی نین؟ ناپرسێ: بۆچی باڵانسی تێکچووە؟
کێشەی نێوانی من و ئەو، کێشەی نێوان دوو کەس نییە، کێشەی نێوان دوو هەڵوێست، دوو گوتار، دوو ڕوانگەی جیاوازە، کەچی ڕەفیق وا دەپەیڤێ، وەک کێشەی تایبەتیمان لە نێواندا هەبێ! ڕەفیق جاران جنێوفرۆش نەبوو، لەوساوە ئاشنایەتی لە گەڵ کولتووری ینک دا پەیدا کردووە و لە سەرچاوەی ناسیۆنالیستە بەر چاو تەنگەکان دەخواتەوە، ئەو هونەرە فێربووە. ڕەفیقی ئێستا ئەوی وەک خۆی بیرنەکاتەوە، سووک سەرنجی دەدات و بە کۆلکە، گزگل، سفری دوای وێرگول و کافری دەزانێ و ڕەجمی دەکا! ئەمەیش لایەنێکی گرنگی دیکەی کولتووری <ینک>ە.
پێست سپی و پێست ڕەش، جوولەکە و دیان، گۆشتن و لاواز، کەڵەگەت و کورتەباڵا، مامۆستای زانکۆ و کۆلکە خوێندەوار، بیرەوان و ئاشەوان هەر هەمان مافیان هەیە. ڕەفیق پازدە بیست ساڵێکە لە ئەورووپایە و تازە منی ناچار کردووە

ئەم قسانەی بۆ بکەم! با حشع قوتابخانەکەی دابخات، ئاخر بە چارەکە سەدەیەک نەیتوانی هاورێ ڕەفیق فێری ئەوە بکات، کە بە هەمان چاو سەرنجی هەموو ئینسانەکان بدات. ئایا یەشار کەمال با دەیان شاکاری نووسیبێ و لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراو بێ، مافی ئەوەی هەیە بە حەمەکەریم عارف بڵێ: گزگل! بەوەدا ڕەفیق لە گۆڤاری (دیدار)ی لاوانی کوردی سوێددا ‹ڕێکلام› بۆ بیرەی پریپس دەکا، دەشێ (بیرەوان) لە (بیرە)وە هاتبێ. فەیلەسووفی ئیسپانی ئۆرتێگا گاسێت (١٨٨٣ ـ ١٩٥٦) دەڵێ: ‹هونەری نوێ لەسەر حەوت کۆڵەکە بەندە، یەکێکی گرنگیان: بایەخ دانە بە لایەنی گاڵتەجاڕی.› لەو ڕوانگەیەوە هەندێ جار پەنام بۆ ساتیر بردووە، ئەویش بەو مەبەستەی ڕووی خەمباری ڕاستییەکان بە زەردەخەنەیەک بگەشێتەوە.

1998. 07. 14

**• بژی وشەی جوان و ئازاد**

(لە سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتداری کورددا، خاوەنقەڵەم دەتوانێ، بژی، بە مەرجێ بیر نەکاتەوە، دەتوانێ بیر بکاتەوە، بەڵام دەنگی لە گەروویدا دەتاسێنرێ. نووسەری کورد دەتوانێ ببزوێ، بدوێ و بنووسی، بەڵام بە پێی مەرجەکانی دەسەڵاتداران.)

ماوەیەکە ینک بە شێوەی جۆراوجۆر، گوشاری بۆ بەشێک لە نووسەرانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەو بیانووەی هاتوچۆی هەولێر دەکەن و بەرهەمیان لە ڕاگەیاندنی پدکدا بڵاو دەکەنەوە، هێناوە.

لە ٢٥ی ١٠ی ١٩٩٧دا مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی ینک، هەڕەشەی کوشتنی لە نووسەران: محەمەد فەریق حەسەن، ڕەئووف حەسەن، حەمەکەریم عارف، حەمید ڕێبوار، فوئاد محەمەد ئەمین، سەدرەددین عارف و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی کرد.

لە شەوی ٣/٤ی ١١ی ١٩٩٧دا، گوشارەکە گەیشتە ئەو ئاستەی نارنجۆکێک فڕێ درایە ماڵی چیرۆکنووس محەمەد فەریق حەسەنەوە.

هێشتا خوێنی ئەبوبەکر عەلیی شاعیر کە لە ١ی ٩ی ١٩٩٤دا لە سلێمانی، بە دەستی چەکدارانی ینک، بە ڕۆژی نیوەڕۆ تیرۆر کرا، وشک نەبۆتەوە، ئیدی کوا زێدەڕۆییە، ئەگەر بڵێین: ژیانی ئەو ئەدیبە هەڕەشە لێکراوانە لە مەترسیی ڕاستەقینەدایە.

ئێمە بەم هاوارنامەیە، لە: ڕووناکبیران، خێرخوازان، لایەن و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان داواکارین چی زووترە، بە هەر شێوازێک بۆیان دەلوێ، بۆ پاراستنی ژیانی ئەو نووسەرانە، هەڵوێست بنوێنن.

ستۆکهۆڵم ١٥/١١/١٩٩٧

**سەرچاوەکان:**

(1) 90 TAL nr: 23/ 24 s. 106 Stockholm1998.

٢  سەرۆ قادر لەبارترین هاندەر گوڵان ژ: ٣٥ هەولێر ١٥ ـ ١٢ ـ ١٩٩٤
٣  نەوشیروان مستەفا پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن ل: ٣٠٩
٤  د. عبدالعزیز حموده من البنیویه الی التفکیک ص ٢٨٨ نیسان ١٩٩٨ الکویت.
٥  فاضل العزاوی جیل الستینات فی العراق ص ٢٢١ دار المدی ١٩٩٧ دمشق.
٦  هەتاو  ل: ٣ ژ: ١٣و ١٤ی مای و یونی ١٩٩٧ لەندەن.
٧  ڕابوون ی ژ: ٢٤ و هەتاوی ژ: ٢٢
٨  هەتاوی ژ: ٢٠ و ٢١ ی ١٩٩٨
٩  ڕەفیق سابیر کەروێشک دەرچوو یان ناسر حەفید؟ هەتاوی ژ: ٢٢
١٠ دیدارێک لەگەڵ شاعیر و بیرەوانی گەورەی کورد دوکتۆر ڕەفیق سابیر هەتاوی ژمارە:٢٢
١١  سەرچاوەی پێشوو.
١٢  ادونیس النص القرآنی و افاق الکتابه ص ١٥٤ بیروت ١٩٩٣ دار الاداب.
١٣  بەربانگ ژ: ٦٩ ل ٥٣ دێسەمبەری ١٩٩١
١٤  ڕ. سابیر ڕوونکردنەوەیەک کوردستانی نوێی لەندەن ٢٣ـ ١ ـ ٩٩٨
١٥  ڕ . س. کەروێشک دەرچوو... هەتاوی ژ: ٢٢
١٦ مەڵبەند ژ: ٨٠ ـ ٨١ ل ٢٤ نیسان و مایسی ١٩٩٧ لەندەن.
١٧  ڕامان ل ١٩١ ژ: ٢١ ئازاری ١٩٩٨ هەولێر.
١٨  ل ٩٧ سەرچاوەی پێنجەم.
١٩  حەمەسەعید حەسەن گۆرانییە باڵنەکراوەکان ل ٥٨  ئاپێک  ٩٩٤ ستۆکهۆڵم.
٢٠  دیدار ژ: ١٢ و ١٣ی ساڵی١٩٩٤ی  یەکێتی لاوانی کورد ـ سوێد.
٢١ حەمەسەعید حەسەن شیعر و تەور ل: ٣٢ ـ ٣٩ چ.  ئاپێک ١٩٩٨ ستۆکهۆڵم.

## شیعر و شۆخی

ئەم نووسینە دوای ژانی خوێندنەوەی دوا ‹کۆمەڵەشیعری› فەرهاد پیربال:
‹سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی› لەدایکبوو.
شاعیرێکی زمانلووسی بەسالاچوو
هۆنراوەی قەڵبی دەنووسی
بە خەڵات و پایە پاداشتیان دایەوە،
شاعیرێکی کەمتەمەنی قسەلەڕوو
هۆنراوەی جوانی دەنووسی
بۆسەیەکیان بۆ نایەوە.‹١›

تامەزرۆیی بۆ ڕابردووی خاوێن و ساکار:nostalgia سەراپای وڵاتی نووسین و بیرکردنەوەی داگیرکردووم. جاران هەموو شتێ ئاسان بوو، ئەوی دژی ڕژێم بوایە، شۆڕشگێڕ بوو، ئەوی کلکی لەگەڵ داگیرکەر گرێبدایە، ناپاک بوو، ئەوی مانا و کێش و سەروای هەبوایە، شیعر بوو.

بە ڕاست شیعر چییە؟ لەبەرچی بە دەقێک دەگوترێ شیعر و بە یەکێکی دیکە نا؟ ئەوە چییە شیعر لە نووسینی تر جیادەکاتەوە؟ ئایا ئەگەر پاشای شیعر ڕووتوقووت بوو، تەنیا بە هەندێ وشە و شێوە و دەربڕینی نامۆ پۆشتە دەبێتەوە؟ شیعر دەربڕینێکی ساکارە، ئەوی لە ئاخاوتنی ئاسایی جیای دەکاتەوە، تەنیا دەستتێوەردانێکی ئەفسووناوییە لە زمانەکەی. وشەی شیعری و ناشیعری بوونیان نییە، ئەوە دێڕە شیعرەکەیە، بڕیاردەدا فلان وشە شیعرییە یان نا. هاوسمان گوتەنی: شیعر ئەو شتە نییە کە دەگوترێ، شێوازی گوتنی شتەکەیە. بە لای جان کۆهین یشەوە: شاعیر وشە دادەهێنێ نەک فیکر، هەر بۆیە گوتن پێوانەی شاعیرێتییە، نەک بیرکردنەوە.

وەک چۆن ئەوە کێش یان سەروا نییە کە شیعر دەخوڵقێنێ، هەروایش شیعر بە فەرامۆشکردنی کێش، یان سەروا، یان هەردووکیان لەدایک نابێ، هەر بۆیە زۆربەی ئەو پەخشانانەی بە ناوی شیعرەوە بڵاودەکرێنەوە شیعریان تێدا نییە. ڕاستە شیعری سەرنجڕاکێش لە شێوەی نوێدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام مەرج نییە هەموو شێوە دەربڕینێکی نوێ، شیعر بەرهەم بهێنێ. وەک چۆن ئەوە شێوازی دەربڕینە کاری ئەدەبی لە نووسینی دیکە جیادەکاتەوە، هەر شێوازی دەربڕینیش شیعر لە کاری دیکەی ئەدەبی جیادەکاتەوە.

فرای دەڵێ: ‹شیعری نوێش وەک منداڵ، چاوی بە ڕووی جیهانێکدا هەڵدێنی کە پێش لە دایکبوونی هەبووە.›(٢) بۆیە کارێکی ئاساییە کە خوێنەر شیعری نوێ لەبەر ڕۆشنایی خەسڵەتەکانی شیعری دێریندا هەڵدەسەنگێنێ و بە شیعری کۆنی بەراورد دەکات و لایەنە جوانەکانی دەقە دێرینەکان دەکاتە پێوانە.کەواتە شاعیر لە سفرەوە دەست پێ ناکا، بەردێکی نوێ دەخاتە سەر دیواری شیعر، گوڵێکی نوێ لە گوڵزاری شیعردا دەگەشێنێتەوە، هەر بۆیەش بە شۆڕبوونەوە بە ناخی دەقدا، بێ گوێدانە مێژووی لەدایکبوونی، شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کارێکی ناتەواو دەردەچێ.

شیعریش وەک منداڵ خاوەنی دایک و باوکی خۆیەتی، دیرۆکێکی درێژی هەیە و لە ناکاو سەرهەڵنادا. شیعری نوێش ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەرنا هەرچی نووسینی نوێیە دەکەوتە خانەی شیعرەوە. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە ‹ئازادترین جۆری داهێنان زۆرترین کۆت و پێوەندی گەرەکە.›(٣)

بەلای هایدگەرەوە دەقێک، یان چەند دەقێکی دێرین هەوێنی هەموو دەقێکی نوێیە و شاعیر هەمیشە خەریکی ڕووخاندنی دیواری دەقە دێرینەکانە، تا بە بەردە چاکەکانی خانووی ئەو دەقە دێرینانە، دەقێکی نوێ بنیات بنێ. عەبدولوەهاب بەیاتی لە دوا دیمانەدا دەڵێ: ‹لە ئەزموونی دوور و درێژی شیعرییمەوە، ئەوە فێر بووم شیعر گرنگە نەک شێوەی ئەدەبی. شاعیری ڕاستەقینە دەتوانێ بە هەموو شێوەیەک: ستوونی، کێشی پەنجە و پەخشان گوزارشت لە خودی خۆی بکات. گرنگ ئەوەیە شاعیر شیعرێکی مەزن بنووسێ بە چاوپۆشین لە شێوەی نووسین.›(٤)

فەرهاد پیربال هێندە نەترسانە دەنووسێ، من پڕ بە دڵ ئێرەیی پێ دەبەم. نازانم چۆن دەوێرێ هێندێ نووسین بە ناوی شیعرەوە بڵاوبکاتەوە! فەرهاد لە ل ١ ی سپیاییەکانی ناو...دا دەنووسێ: ‹زۆر نووسەری دیکە هەن، وەک من هەست دەکەن کە تایبەتن بەڵام خاڵی لە یەکچووی نێوان ئەوان و من تەنیا ئەم هەستکردنەیە و بەس.› یان دەڵێ: ‹لاسایی من مەکەنەوە.. من خاوەنی بینینی شەخسی، شێوازی تایبەت و دەنگی تاکرەوەم.›

لەوە دەچێ خاڵی هاوبەشی زۆربەی شاعیران، بە شیعری خۆوە نازین بێ، فەرهاد لەم ڕێسایەیش لا دەدات و تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێ، کاتێ نوێکردنەوە و زێدەڕۆیی لەو بوارەیشدا دەکا.

فەرهاد دەنووسێ: ‹هەر کەسێ متووی(٥) بەرهەمی من نەبێ گێلێکی تەواوە و هیچ ئاگای لە دنیا نییە.ل٣›

بەوەدا من هێندە هۆگری نووسینەکانیم، نەک هەر بە پەرۆشەوە دەیانخوێنمەوە بەڵکو هەڵیشیان دەسەنگێنم، تروسکەیە ئومێد شکدەبەم، کە لە لەشکری لە ژمارە

نەهاتووی گێلەکان دوور بم. فەرهاد بەم بۆچوونەی ئەرکێکی دژواری لە کۆڵ کردینەوە، ئیدی بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکیی لای کەم هەر کوردێ، تاقە یەک پێوانە بەسە: فەرهادت پێ باش بوو، زیرەکی، ئەگەرنا گەمژەی.

فەرهاد ئەمانە بە شیعری نوێ دەزانێ:

‹پاشتێلانەی پاشگەزبوونەوەی پاشا پاشەڵ پیسەکان.ل١١›

‹تەقاندنەوەی تریقانەوەی توانا تێگەیشتووە تینووەکانی تەنیایی. ل٦١›

‹زریان زیپکەی زاری زەماوەندی زیقنی زەمانی تێدا دەزێ. ل٦٣›

ئەمەی فەرهاد بە نوێکردنەوەی تێدەگا، هێندە کۆنە دەکەوێتە خانەی فۆلکلۆرەوە.

با هەندێ نمونە بهێنینەوە:

بەشەر بە شەربە شەڕدەکا.

چوومە چەمی چەقان چەقەڵ چەڵتووکی دەتەقان.

یا محول الاحوال، حول حالنا الی احسن حال.

نووسەری ئەم دێڕانەیش بیست ساڵ لەمەوبەر ڕۆژێ لە سلێمانی بە فوئاد قەرەداخی و خەبات عارفی گوت: ئیدی شیعری وا دەنووسم، پاشبەندەکەی لە پێشەوە بێ، وەک: قادری قەلەندەر، قەناعەت بکە بە قەڵەمبڕ قەبرغەمان دەقوپێنن. لە ‹باسی: خۆرەتاو بۆ شەمشەمەکوێرە ناکەم›(٦)دا نۆ ساڵ لەمەوبەر نووسیومە:

‹حەکیمی برای حیکمەت وەک حاکمی حوکمەت بێ مەحکەمە حوکمی داوم.›

‹عەتای برای عەتێ عەسەبی ئیعتیباتی عەتی کردووم،› خەریکی وەڵامدانەوەیم. حەوت ساڵ لەمەو بەر ئەمەم لە بەرسڤی خوێنەرێکی زمانشیرینی دێرینی خۆمدا گوت، کە لێی پرسیم: خەریکی چیت؟ حاڵی حازریش نیازی نووسینی ساتیرێکی تازەم هەیە کە دوور نییە وەها دەستپێبکا: ‹خوا ڕەحم بە خوارەحمی ڕەحیماغا بکا، ئای کە لەگەڵ ڕەحمەخانی ڕەحمانەفەنیدا ڕەحمن(٧) بوو.›

فەرهاد دەنووسێ:

‹کچی کافرۆش بە خۆی وکڵنجە وکەمەربەندی کەژاوە ئاسای خۆیەوە.ل١٧›

* ‹خۆی› یەکەم زێدەیە.

* کڵنجە نییە، ‹کولۆنجە›یە، کە لەسەر سوخمەوە لەبەردەکرێ.

* کەمەربەند: پشتێنە وکەژاوەیش: ‹ژوور›ێکە لەسەر پشتی وڵاخ.

ماگنوس کارلبرینگ دەڵێ:

شەیتان لە ئامێزی نیشانەی پرسیاردا بەرچایی دەخوا.(٨)

ئەم ڕستەیەم وەک وێنەیەکی شیعریی سوریالی پێ جوانە، بەڵام هەرچەند دەکەم نازانم چۆن پشتێن لە کەژاوە دەچێ!

فەرهاد دەنووسێ:

خۆت فڕێ بدەیتە ژێر شەمەندەفەرێکی ناو توولەبانەی ستۆکهۆڵم. ل٢٩

* توولەبانە نییە، تونێل بانەیە: tunnelbana.
* tunnel: ڕێی ژێر زەوییە، bana: لێرەدا هێڵی ئاسنینە.
* tunnelbana: 〈شەمەندەفەری〉 ژێر زەوییە،واتا: underground یان: metro .
* شەمەندەفەر لە ڕستەکەی فەرهاد دا یەکەم: هەڵەیە، چونکە ئەوی بەسەر زەویدا دەڕوا شەمەندەفەرە نەک ئەوی ژێر زەوی. دووەم: زێدەیە.

فەرهاد لە سێ شوێنی جیاوازدا: ل ٤٣، ٥٣، ٧١ لە بری پێپسی کۆلا دەنووسێ: بیپسی کۆلا، واتا 〈پ〉ی یەکەمی کردووە بە: 〈ب〉 و 〈ێ〉کەشی کردووە بە: 〈ی〉، بە جۆرێکی وا نووسیویێتی، نە عەرەب وای دەبێژن نە ئینگلیز! لە بری شەراب یش، شەڕاب و (ل٤٧) لە جێی براندی یش بڕاندی (ل٥٥) نووسیوە، بەوەدا بە 〈ڕ〉ی هێندە قەڵەو نووسیونی، خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێ، زیاد لە پێویست خەست بن.

〈هەموو ڕێیەک دەچێتەوە سەر بانە. ل٦١〉 فەرهاد کە جێگۆڕکێی بە وشەکانی ئەو گوتەیە کردووە و بە ٣٦ شێوەی دیکە نووسیویێتیوە، دەیەوێ شێواندنی ئەو ڕستەیەمان بە شیعر بە سەردا ساغبکاتەوە، ئەوی ئەم خۆی پێوە ماندوو کردووە، کۆمپیوتەر بە ئاسانی دەیکا. فەرهاد لەم کتێبەیدا کە هەڵەی چاپم تێدا بەدینەکرد، گەلێ جار بە هۆشیارییەوە و ڕاستەوخۆ، هەندێ جاریش لە نائاگاییەوە بێڕێزی بە خوێنەر کردووە، بەڵام لوتکەی سووکایەتی بە خوێنەر کردنەکەی، ئەو کاتەیە کە دوو لاپەڕە بۆ جێگۆڕکێکردن بە وشەکانی 〈هەموو ڕێیەک دەچێتەوە سەر بانە،〉 تەرخاندەکا. ڕاستە شیعر یاریکردنە بە وشە، بەڵام گەمەیەکی ئەفسووناوییە، نەک بێتام. هەندێ جاریش هاتووە پارچە نووسینێکی ڕەشکردۆتەوە و تەنیا هەندێ وشەی دەخوێنرێتەوە، گوایە ئەمەیش شیعری نوێیە، پێویستە ئەوە بڵێم، ئەم جۆرە گەمەیش نە شیعرە و نە نوێیە.

چی وای کردووە فلان نووسین شیعر بێ؟ ئەمە گرنگترین پرسە کە دەبێ ڕەخنەگر وەڵامی بداتەوە.

نەزمی نالی میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە
دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر یەک خەفی و یەک ئاشکار.

ئۆکتاڤیۆ پازیش هەر هەمان شت دەڵێ: 〈ئەوەی کە لە وشە دروستدەکرێ و هاوزەمان هەوڵی نیشاندان و شاردنەوەی بابەتێک دەدا، شیعرە.〉(٩) ئەوە شیعر نییە کە لە مەتەڵ دەچێ، نە مانای هەیە، نە کێش، نە دێڕێکیت لە بیر دەمێنێ، نە مۆسیقای وشەکانی دەتهەژێنێ، ئاخر لە شیعردا مۆسیقای وشەکان گەلێ جار لە مانای وشەکان گرنگترە. شیعر ئەوەیە لەو دیو مانای وشەکانەوە خۆی حەشارداوە، ئەوەی کە شمشێری وەرگێڕان نەک نایکوژێ، ناتوانێ برینداریشی بکا.

کاتی ئەوە هاتووە بڵێم: پێشتر شیعری فەرهاد پیربالم خوێندۆتەوە، بەڵام نە لە سپیاییەکان و نە لە ڕەشاییەکاندا چاوی عەقڵم شیعری نەبینی، ئاخر ئۆکتاڤیو پاز گوتەنی: شیعر بە گوێ دەبیسترێ، بەڵام بە عەقڵ دەبینرێ، نەک بە چاو.
برام: فەرهاد، بە ڕاشکاوی پێت دەڵێم، پاشای شیعرت ڕووتوقووت بوو، من لێت دەبوورم، ئەگەر بە گێلم تێبەگەی، تکایە تۆیش لە شۆخییەکانم ببوورە.
1999. 09. 12

**سەرچاوە و پەراوێز**

١ شیعری یاسین عەدنانە، بە دەستکارییەکی کەمەوە کردوومە بە کوردی.

٢ المرایا المحدبە د. عبدالعزیز حمودە عالم المعرفە ١٩٩٨ الکویت.

٣ تجربە الفناء فی الحق میثم الجنابی ص ١٠٥ المدی عدد ٢١ دمشق.

٤ الحیاە ص ١٧ ١٨ - ٩ - ١٩٩٩ لندن.

٥ متووی: هۆگری.

٦ خەرمانە ژ ٢ ل ٤٥ سوێد ١٩٩١

٧ ڕەحمن: لەسەر کێشی چڵکن و تووکن.

8 ETT ÅTTIO TAL EN POESIANTOLOGI 1979 - 1989 GÖRAN GREIDER & MADELEINE GRIVE Tago förlag 1990 Stockholm.

٩ الشعر و نهایات القرن، اوکتافیو باث، ت: ممدوح عدوان، دار المدی ١٩٩٨ دمشق.

**که ڕۆحم چڵکن دەبێ**
**لە زێی ئەویندا دەیشۆم**

فەرهاد پیربال لە وەڵامی هەندێ لەو سەرنجانەمدا کە لە وتاری ‹شیعر و شۆخی›‹۱›دا سەبارەت بە دوا کۆشیعری وی دەرمبڕی بوون دەڵێ:
‹خۆم بە بەرپرسیاری یەکەم و ڕاستەوخۆی نەسلێک دەزانم.›‹۲› بەڵام بۆی روون نەکردووینەتەوە، ئایا لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێ فێڵەوە بووە بە بەرپرسیاری نەوەیەک؟ یان ئەو پلە و پایەیەی بە میرات بۆ ماوەتەوە؟ یان بە ڕێگای سێیەم؟
فەرهاد سووری تۆخە لەسەر ئەوەی کە کوردی سوێدنشین : ‹بە تونێل دەڵێن: تووله!›
دەشێ سوودی لە کەلەپوور بینی بێت و سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی توولەڕێ یان توولەمار بێ! لە دەروازەی دەربەندیخاندا تونێلێک هەیە، لە هیچ نەخوێندەوارێکی شارەزووری یان گەرمیانیم نەبیستووە، بەو تونێلەی گوتبێ: تووله. حاڵی حازر کوردی سوێدیزان لە هەولێر زۆرن، بریا فەرهاد بۆ دڵنیایی لە یەکێکیانی دەپرسی.
بۆ مەسەلەی پێپسی کۆلاکەیش، فەرهاد نە وەک ئینگلیز بە دوو (پ) نووسیوێتی و نە وەک عەرەبیش بە دوو (ب) گوتوویەتی، بەڵکو بە (ب)یەک و بە (پ)یەکەوە، پێشکەشی خوێنەرانی کردووە. پێ دەچێ کەڵکی لە ئەزموونی فیفتی فیفتی وەرگرتبێ.
فەرهاد دەنووسێ: ‹حەمەسەعید لە کوردییەکەم تێنەگەیشتووە و بە سوریالیزم تاوانبارم دەکا.›
* سوریالی بۆ ئەو ڕستەیە ڕاستە.
* ‹شەیتان لە ئامێزی نیشانەی پرسیاردا بەرچایی دەخوا.› من ئەم ڕستە شیعرە سوێدییەم بە وێنەیەکی سوریالی لە قەڵەم داوە، نەک شیعری فەرهاد.
irony بەو مانایە دێ، نووسەر شتێک دەبێژێت و مەبەستی پێچەوانەکەیەتی. بۆ نموونە: لە باسی ژنێکی قەڵەودا دەڵێ: ناوقەدی هێندە باریک بوو، قایشی سەعاتی دەبەست. ئێرەیی پێ بردنی من بە فەرهاد، لەو جۆرە دەربڕینانەیە، کەچی بەد لێم حاڵی بووە!
جوایەز، کە هەڵبژاردەیەکە لە شیعری نۆ شاعیری هەولێری و بەرگی پێشەوەی بە

وێنەی ئەو شـاعـیـرانە ڕازێنراوەتەوە، جـیـا لە هەمـوویان فـەرهاد لە ناوکی بۆ سەرەوە ڕووتە.
من پێم وایە دەمامک لەسـەر ڕووی خۆ لابردن و خـۆ ڕووتکردنەوەی شـاعـیـرانە، جلوبەرگ فڕێدان نییە، شاعیر ‹تەرەزان›* نییە، بە ڕووتی خۆی نیشانی بینەران بدات، مەبەست لە خۆ ڕووتکردنەوەی شاعیرانە ئەوەیە: ڕاستگۆیانە ناخ، هەست، نەست، خولیا و خەونەکانی بخاتە ڕوو.
جێی داخە فەرهاد ئەم هەنگاوەیشی شتێکی تازە نییە، ئاخر چارەکە سەدەیەکی تەواو لەمەوبەر، لە سەرچنار، لە داخ و پەژارەی نسکۆکەی ١٩٧٥ حسێن عارف زۆر ڕادیکالتر خۆی ڕووتوقووت کردەوە.
فەرهاد لە ل: ١٥٨ی جوایەزدا دەڵێ:
‹دەمگوت: بچم خۆم لە ڕووبارە پیرۆزەکەی (سەند وگەنج)دا هەڵبکێشم.›
* ئەو ڕستەیە پێویستی بە (دا) نییە.
* چونکە فـەرهاد خـۆی گـوتەنی: بۆ هـەڵبـژاردە دەنووسێ و هەڵبـژاردەیش ناوی ڕووبارە پیرۆزەکان دەزانن، بۆیە (ڕووبارە پیرۆزەکە)یش زێدەیە.
* سەند و گانگا، نەک گەنج.
* یەک ڕووبار نین، دوو ڕووبارن.
* سەند پیرۆز نییە، تەنیا گانگا پیرۆزە.
* گـانگا: دیاریی خوداوەندەکانە بۆ مرۆڤ، ژیانبەخشـە و تەنیـا هـەر لەش نا، چونکە هێزێکی خودایی تێدایە گیانیش خاوێن دەکاتەوە، بۆیە لای هیندووەکان بە دایە گـانگا بەناوبانگە و یەکێ لە ئاواتەکـانی هیندوو ئەوەیە: کـە مرد لە کـەناری ڕووباری گانگا تەرمەکەی بسووتێنرێ و خۆڵەمێشەکەیشی بە ناو ئاوەکەیدا بڵاو بکرێتەوە، تا گیانی لەگەڵ ڕەوانی دنیادا یەک بگرێ.‹٣›
فـەرهـاد کـە وا ڕاهاتووە بۆ هـەڵبژاردە بنووسێ، نـەدەبوو بکەوێتـە هـەڵەی وەهاوە، عەوام هەستی پێ بکا.

2000. 05. 01

‹١› شیعر و شۆخی، حەمەسەعید حەسەن، ڕامان ژ: ٤٠ ل٨٢ و ٨٣ هەولێر ١٩٩٩
‹٢› شیعر و پێپسی کۆلا، فەرهاد پیرباڵ، ڕامان ژ: ٤١ ل: ٨٠ تا ٨٥ هەولێر١٩٩٩
(3) Religion och liv, Lenart Husen, S. 291 Örebro 1991

بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە:
ـ الفكر الشرقی القدیم، جون كولر،علم المعرفە، ١٩٩٥ الكویت.
ـ المعتقدات الدینیە لدی الشعوب، جفری بارندر، عالم المعرفە ١٩٩٣ الكویت.

Tarzan *

ئێدیت کرۆزۆیل پێی وایە: چونکە کولتووری ئەمریکاییەکان جیاوازە لە هی فەرەنساییەکان، بۆیە بونیادخوازی نەیتوانی لە ئەمریکا بە هەمان شێوەی فەرەنسا، گەشەبکات و بڵاوببێتەوە. ئاخر ئەمریکاییەکان مێژوو بە هەند ناگرن و هەمیشە چاویان بڕیوەتە داهاتوو، بەڵام فەرەنساییەکان گیرۆدەی دەستی ڕابردوون. ئایا کوردستان بۆ سەرهەڵدانی بونیادخوازی لەبار بوو؟ یان بڕەوی ڕێژەیی ئەو مێتۆدە لای ئێمە، تەنیا لە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەوە سەرچاوەی گرت؟

کەمال ئەبودیب کە وێنەیەکی شێواوی شتراوسە، دێ بە کەرەسەکانی ئەو باسی شیعری ئیمرەئولقەیس دەکا. بونیادخوازی کوردیش کە وێنەیەکی شێواوی کەمال ئەبودیبە، دێ قەرز لە قەرزدار دەکا، کاتێ بە کەرەسەکانی وی باسی شیعری مەحوی یا نالی دەکا.

کەمال ئەبودیب دەڵێ: ‹ئەوی من کردوومە لە بواری ڕەخنەی بونیاخوازیدا، گەلێ لەوە زێترە فەرەنساییەکان و هەموو ئەورووپاییەکان کردوویانە.› هەر ئەم کەپووبڵندییە وای لە مۆدێرنیستە عەرەبەکان کردووە، بڵێن: ‹ئینسانی ئەم سەردەمە یان وەک ئێمە نوێخوازە، یان کۆنەخوازێکی نەزانە.› خۆ بە نوێخواززانە کوردەکان، لووتبەرزی و کەسانی دیکە بە جاهیل زانینیش، هەر لە برا عەرەبەکانەوە فێربوون.

سەلەفیبوون: تەنیا توند خۆبەستنەوە بە دەقە پیرۆزەکانەوە نییە، وەک تووتی گوتنەوەی بیروڕاکانی بارت و فۆکۆیش هەر سەلەفیبوونە، بەڵام بە عەمامە و حیجابەوە نا، بە بۆینباخ و تەنوورەوە.

ئەرەستۆ پێی وابوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە نییە کە هەیە، بەرجەستەکردنی ئەو واقیعەیە کە دەشێ ببێ. شارە پیرۆز و باڵاکەی تۆماس مۆر، ڕەخنەگرتن بوو لە واقیع. شەکسپیر لە لیر پاشادا، ڕەخنە لە ئاسمان دەگرێ. ئەرستۆفانیس لاقرتێ بە خوداوەندەکان دەکا. جاهیل ئەوەیە ئەوانە بە تەقلیدی بزانێ.

مودێرنیزمی ئەورووپایی چەندین ڕێبازی لە بابەتی: ڕەمزی، تەعبیریی، دادایی، سوریالی و بێهوودەیی بە خۆیەوە دیوە. بە ڕاست خۆ بە ناڕەوا بە نوێخواززانە کوردەکان، لاساییکردنەوەی کوێرانەی لێ دەربچێ، چییان داهێناوە؟

واقیعی کوردستان و ئەورووپا گەلێ لە یەکدییەوە دوورن، بە ڕاست نووسینی بەرهەمێکی خۆماڵی، بە بایەختر نییە لە کۆپیکردنەوەی وێنە شێوێنراوەکەی تازەگەری؟ هەموو کەس دەتوانێ خەڵکانی دیکە بە: کۆنەپارێز، تەقلیدی، سەلەفی و جاهیل لە قەڵەم بدات، بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانن بەرهەمێکی نەمر بنووسن. گرنگ داهێنانە، نەک زێدەڕۆییکردن لە نیشاندانی لووتبڵندیدا.

بۆدلێر: پەخشانەشیعر، سێرڤانتس: ساتیر، ئاڵتۆسیر: خوێندنەوەیەکی نوێی مارکسیزم، سۆسێر: سیستەمی زمان، هایدگەر: هێرمێنیۆتیکا، فۆکۆ: ئەرکیۆلۆژیای مەعریفە، لاکان: دەروونناسی، شتراوس: ئەنترۆپۆلۆژیا، ژاکوبسۆن: سیمیۆتیکا و ئەدوارد سەعید: ئەدەبی دوای کۆلۆنیالیزم، بە ڕاست ‹مۆدێرنیستەکانی› لای خۆمان لە چ بوارێکدا داهێنانیان تۆمارکردووە؟ ئەوە لە پای چی لووت لە هەور دەسوون؟ بەڕاست دەکرێ مرۆڤ هاوزەمان زوڕنا بۆ میر لێ بدات و خۆیشی بە نوێخواز و داهێنەر بزانێ! سارتەر دەڵێ: نووسەر دەبێ داکۆکی لە ئازادیی بکا. بەڕاست ئەوی داکۆکی لە دەزگای سەرکوتگەر بکا، نووسەرێکی نوێخوازە یان پۆلیسێکی وریا ؟

با تازەگەریی دژی لایەنە ڕۆشنەکانی شتە دێرینەکان نەبێ، با لەبری ڕەتکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبی، ڕێگەی دیالۆگ بگرێتە بەر. با نوێخوازی ئامێزێکی نەرم و نیان بێ و بە تاسەوە چاوەڕێی بین، نەک لە باوەشیدا هێندەی تر هەست بە نامۆیی بکەین.

ئەگەر عەرەبی، ئەدوار خەڕات گوتەنی ‹زمانێکی لادێیی بێ›، ئەوا کوردی زمانی کوێرەدێییەکە، بریا لەبری خۆهەڵکێشان، چونکە چەکی دیکە شکنابەین، دەمانتوانی بەو زمانە شیرینە سووکە بەشدارییەک لە گۆڕینی واقیعی باودا بکەین.

2000. 01. 10

تا ئەم دواییەش وامەزانی تاقمی گۆڤاری ڕەهەند ‹هیچی نەگوتراویان نەگوتووە.› پێم وابوو تەنیا کوێرانە لاسایی چەند ڕووناکبیرێکی عەرەب و هەندێ بیریاری ئەوروپایی دەکەنەوە. وای بۆ دەچووم ئەوی لە هەر بوارێکدا دەینووسن، مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەی بیر و خەیاڵی کەسانی دیکەیە، بە کوردییەکی تا بڵێی کۆڵەوار. هەر بە بەرکارم دەزانین، نەک بە بکەر. بە لاساییکەرەوەم دەزانین، نەک بە داهێنەر. بە کۆنەپارێزیان تێدەگەیشتم، نەک پۆپ مۆدێرنیست.

کە هەندێ جار نەمدەزانی دەڵێن چی، پێم وابوو هی ئەوەیە ئەو شتەی بۆ خوێنەری باس دەکەن، خۆیان لێی حاڵی نەبوون. یان لێی حاڵی بوون و زمانەکەیان بە هانایانەوە نایە. یان ئەو شتانەی لە بێگانەیان خواستووە، بەو مەبەستەی خوێنەر نەچێتەوە سەر سەرچاوەکانیان و دەستەکانیان نەخاتە ڕوو، تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن. یان گۆمی بیرکردنەوەیان تەنکە، بە مەبەستی فریودانی خوێنەر، لێڵی دەکەن.

کە بە باڵای بەرهەمی یەکدیاندا هەڵدەدا، نان بە قەرز دان و شایەتیی ساختە و شاعیری خێڵم بیردەکەوتەوە. بەوەی کە خۆیان بە مۆدێرنیست و خەڵکیان بە کۆنەخواز لە قەڵەم دەدا، پێم وابوو لە وەهمدا دەژین. بە تووتییان تێدەگەیشتم و وای بۆ دەچووم یەک ڕستەی جوان و ڕەوانیان دانەهێناوە.

سوپاس بۆ یاسین بانیخێڵانی ئەوە ئەو بوو، بە ئاگای هێنامەوە و تەمی هەموو گومانەکانمی ڕەواندەوە و پێی سەلماندم، ئەوی لە گۆمی قووڵی وەهمدا نوقم بووە، منم نەک ئەو مۆدێرنیستانە!

یاسین بە بەختیار عەلی دەڵێ: ‹زمانی مەرگی تاقانەی دووەم وێرانە. بۆ نموونە: بازنگ، خرنگەی دێ نەک خرمە. یان: ئەسپ ڕاناکا، غاردەدا. یان: هەنگاوەکانم خاو دەبنەوە، نەک دەبێتەوە....›

بەختیاریش لە ١٨ی ٦ی ١٩٩٨دا بە نامەیەکی دوور و درێژ وەڵامی یاسین دەداتەوە و پێی دەڵێ: ‹هەی چەقۆکێشی سەر جادەکان. هەی گزگلی نەفامی جاهیلی زبڵنووس. هەی ناوبۆشی ڕۆحبووەڵەی جەهالەت بەرهەمهێن. هەی شارەزای کون و کەلەبەری زبڵخانە. هەی دەم پانکەرەوەی جەبانی بێ شەهامەت.›‹١›

بەختیار عەلی لە هەمان نامەدا بە یاسین بانیخێڵانی دەڵێ: ‹تۆزی پێڵاوەکانی ئەوانەی پشتگیریی ئێمە دەکەن، مەعریفەی زیاتر تیایە لە سەری ئەوانەی کە

پەلاماریان داوین و تا ئەمڕۆ ئاودەستی ماڵەکانی ئێمە لە ژووری خەوتنی ئەوانە پاکتر بووە کە جنێویان پێ داوین.»[2]

بە ڕاست ئەم دەربڕینانە نوێ نین! کەس پێشتر شتگەلی وای گوتووە! من و دەیان خوێنەر و نووسەری دیکەیش تفەنگمان بە شەوەزەنگەوە نەدەنا، کە بە دوای سەرچاوەی نووسینەکانیاندا دەگەڕاین؟

من بەش بە حاڵی خۆم کە ئەو نامەیەی بەختیارم خوێندەوە، ڕەخنەیەکی توندم لە خۆم گرت و کاڵەکم بە کەشکەژنۆم شکاند و هیچ گومانم لەوە نەما، کە تاقمی ڕەهەند داهێنەر و پۆپ مودێرنیستن و منیش کۆنەخەواز. هەر لێرەیشدا جێی خۆیەتی تەحەدای غەفور ساڵح[3] بکەم و پێی بڵێم: بڕۆ هەموو پاشماوەی ژیانت تەرخان بکە، بزانە سەرچاوەی یەکێ لەم دەربڕینە نوێیانەی بەختیار دەبینیتەوە!

2000. 04. 28

‹١› و ‹٢› دەقی نامەکەی بەختیار عەلی بە خەتی خۆی.

‹٣› غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، هەندێ لە ڕەهەندەکانی ڕەهەندخوازان، گەلاوێژینوێ ژ:١٥سلێمانی ١٩٩٩

## زمان ژنه و نووسینیش ئەوین*

شـوان ئەحـمـەد پێی وایە: وەک چۆن ئەوانـەی ڕەخنە ئاڕاسـتـەی ئەدونیس دەکەن، پێویستـە پاشـخـانێکی ڕۆشنبـیریی باشـیـان هەبێت و بە هەمـوو تێز و کەرەسـە تازەکانـی ڕەخنە چەکدار بن، هەروایش ئەوانەی ڕەخنە لە تـاقمی گۆڤاری ڕەهەند دەگرن، پێویستیان بە هەمان پاشخان و کەرەسە هەیە.(١)

من وای بۆ دەچم ئەمە بەراوردکردنێکی نـاڕەوایە، ئاخر گرووپی ڕەهەند، نەک هەر لە ئاستی ئەدونیسدا نین، بەڵکو تەنانەت توانای ئەوەیشیـان نییە دێڕە شیـعرێکی ئەو شاعیرە مەزنە، یان پەڕەگرافێ لە نووسینێکی بکەنە کوردییەکی ڕەوان.

پێ دەچێ شـوان ئەحـمـەد هەمـوو خـڕێکی پێ گـوێز بێ، ئەگـەرنا ئەو سـتـایشـە نارەوایـەی گـرووپی ڕەهەندی نـەدەکـرد. پیـاهـەڵگوتنی نـاڕەواش وەک هێـرشـی ناڕەوا، ڕەنگدانەوەی فیکری خێڵە. من وەک ئەو ناکەم، بە بەڵگەوە قسە دەکەم.

هیوا قـادر کە بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕەهەندە، بە مەبەسـتی بەرپەرچدانەوەی هاشم کۆچانی، وتارێکی نووسـیـوە و سـوودی لە هەندێ پەڕەگـرافی کتـێبی ‹النظام و الكلام›ی ئەدونیس وەرگرتـووە، بەڵام وەک هاشم کـۆچانی بۆی ڕاست کـردۆتەوە، نەیتوانیوە بۆچوونەکانی ئەدونیس بە دەستپاکییەوە بکاتە کوردییـەک، کە خوێنەر لێی تێ بگا.(٢)

هـەندرێن کـە سـەر بە تاقـمـی ڕەهەندە، کە شـیـعری ‹أغنیە الی حروف الهجاء›ی ئەدونیـسـی کـردووە بـە کـوردی، وەک شـیـروان مـەحـمـوود مـحـەمـەد بۆی ڕاستکردۆتەوە، ئەوەندەی هەڵە کردووە کە بە زەحمەت دێنە ژماردن.(٣)

ئـەوی خــاوەنی ڕوانگەیەکی نوێ بـێ، نوێخــوازانـە ڕەوتار دەکــات و ژیانی بـە سـڕینـەوەی کـەسـانی دیکەوە بەند نابێ. بە سـتـایشـی نـاڕەوا و هەڵسـەنگاندنی سـاخـتـە نووسـەری گـەورە دروست نابێ. گـرووپخـوازیش هەر درێژەدانـە بە سیـسـتـەمی خـێـڵایەتی. بە ڕاست کـام حـیـزب لە تاقـمـی ڕەهەند توندڕۆتر و داخراوترە؟

گۆران چونکە بە ڕاسـتی نوێخـواز و ڕچەشکێن بوو، پیرەمێردی بە مـامـۆسـتـای خـۆی دەزانی. ئەدونیس کـە تەنـیـا هەر ڕووناکـبـیـرێکی گـەورە نیـیـە، بەڵکو دیاردەیەکی ڕۆشنبیرییە، لە نوێترین شیـعریدا، لەو دیو دەمامکی موتەنەببییەوە دەپەیڤێ.

تاقـمی ڕەهەنـد کـە ئەوەندە زۆر باس لە دژایەتیکردنـی دەسـەڵات دەکـەن، ئاخـۆ دەتوانن ڕسـتـەیەک بە نـموونە بهێننەوە، کە بە خـامـەی یەکێکیـان، پێش ڕاپەڕین

دژی دەسەڵاتی بەعس نووسرابێ؟ لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، هەمیشە دەروازەی ئامێزی پڕ سۆزی ینک بە ڕوویاندا لەسەر پشت بووە.

دوو سێ ڕۆژ پێش ڕاپەڕین، ئاسایشی سلێمانی، بڕیاری دابوو، کۆمەڵێ نووسەر و هونەرمەند وەک بارمتە گل بداتەوە، تا لە تەنگانەدا وەک قەڵغان بۆ پاراستنی گیانی بەعسییەکان بەکاریان بهێنێ. بە ڕاست لەبەر چی ناوی هیچ کام لەو ‹نوێخوازانە› لەو لیستەیەدا نەبوو؟ بەعس گلەیی چی لە کەسانێک هەبێ، کە لە سەروەختی بای مەرگ و ئەنفالدا، بانگەشەیان بۆ ئەوە کردبێ، کە ئەوی پێوەندی بێ، لە نێوان ئەدەب و واقیعدا نییە.

ئەدونیس بە زمانێکی هێندە جوان و باڵا دەنووسێ، شیعری شیاوی ئەوەیە وەک دەقی پیرۆز سەرنجی بدرێ، وەلێ ئەو زمانەی تاقمی ڕەهەند پێی دەنووسن، دەرۆزەی پێ دەشێ.

و ما کل مخضوب البنان بثينه
و لا کل مسلوب الفؤاد جميل

2000. 05. 23

* ئەدونیس

(١) دوا ستوونی کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٣

(٢) هاشم کۆچانی، بەڵێ دیالۆگ نەک وەهمی شەڕ، ڕابوون ژ:٢٤ سوێد ١٩٩٨

(٣) شیروان مەحموود محەمەد، شیعر وەرگێڕان یان شیعر وەرگەڕاندن؟ ڕابوون، ژ: ٢٥ ل: ٣٣ سوێد ١٩٩٨

بالاس، ئەو ئەفسەرە فاشستەی لێکۆڵینەوەی لەتەک لۆرکادا کردبوو، پێی گوتبوو: ‹لە کن من ئەو کرێکارە نەخوێندەوارەی سەنگەری لێ گرتووین و دەستمان لێ دەوەشێنێ، زۆر باشترە لەو ڕۆشنبیرەی کە خۆی لە ناو ژوورەکەیدا زیندانی دەکا و کتێب دەنووسێ. ئەگەر هەردووکیان دەستگیر بکەم، کرێکارەکە بە ڕێزەوە گوللەباران دەکەم، بەڵام ڕۆشنبیرەکە بەو پەڕی تام و چێژ لێ وەرگرتنەوە دەکوژم.›(١)

مەلا بەختیاریش لە دووەمین ڤیستیڤاڵی ئەدەبیی گەلاوێژدا کە لە نێوان ١٢تا١٩/١١/١٩٩٧ دا لە سلێمانی ساز کرا، گوتبووی: ‹ئێمە کە چەکدارێکی نەخوێندەواری سەر بە بنەماڵەی بارزانی دەگرین، دەیکوژین، ئیدی چۆن لە نووسەرێ یان هونەرمەندێ کە لەگەڵ سیبقی ئیصراری سەقافیی خۆیدا بەرهەمەکەی، هونەرەکەی دەباتە هەولێر، خۆش دەبین؟› ئەم گوتەیەی مەلا بەختیار لە ژ: ٦٠ی ڕێکەوتی ١٩/١١/١٩٩٧ ی ‹هەرێم›دا، کە زمانحاڵی حکومەتی سلێمانییە و لە تیڤی و ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانیشەوە، بڵاو کرایەوە.

لە هەر کۆڕێکدا ڕێبین هەردی ڕەخنە لە ی. ن. ک بگرێ، مەلا بەختیار دەستبەجێ بۆی هەڵدەستێ و بە زەبری هەڕەشە ناچاری دەکا، پەشیمانی دەرببڕێ و داوای لێ بوردنیش بکا. لەم کێشەیەی نێوان ڕێبینی ‹خاوەن قەڵەم›و مەلا بەختیاری خاوەن دەسەڵاتدا، غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا بە ئاشکرا لایەنی دووەم دەگرێ.(٢)

غەفوور ساڵح ئەگەر بە پشتی مەلا بەختیار ‹کە هەر مینا نەوەی شەرعیی ئەو فاشستە دەپەیڤێ، لۆرکای بەرەو گۆڕەپانی گوللەبارانکردن، نارد،› دەجەنگێ، ئەوا با چی زووترە، هەردوو دەستی هەڵببڕێ، ئەمەیانی ئابڕوومەندانەترە. ترسی غەفوور لە دەزگای سەرکوتکەر، لە زەمینەی هەلومەرجی ژیانی پێش ڕاپەڕینییەوە هەڵدەقوڵێ. جێی داخە هیچ لە ئەزموونی تاڵی ڕابردوویەوە فێر نەبووە، ئەگەرنا، خۆی دووبارە نەدەکردەوە و بە ستایشکردنی دەسەڵاتەوە، نەدەچووە شەڕی تاقمی ڕەهەندەوە.

‹نووسەر: بریتییە لە شێوازی نووسین.› سەرنجی شێوازی نووسینی ڕێبین بدەن: ‹هەموو ئەمانە دەبەخشم بە نەخوێندەوارییەکەی غەفور. ل٥٩ یان: دەیبەخشین بە ساویلکەییەکەی غەفور و دەڵێین قەیناکا. ل٦٧ یان: ئەمانەش هەر بۆ غەفور. ل٧٣ ......›(٣)

چەقۆکێشە ڕەسەنەکانی سلێمانی کە نیازی شەڕیان دەبێ، پێشەکی دوو سێ نووکەچەقۆ لە خۆیان دەدەن، ئینجا هێرش بۆ قوربانییەکە دەبەن. بە سەراپای وەڵامەکەی ڕێبین هەردییەوە ئەم شێوازی تەحەداکردنەم، کە چەقۆ تەرحدانی پێ دەڵێن، بەدیکرد.
غەفوور ساڵح هەڵوێستی لاوازە، لە سلێمانیدا غەریبە و دەستیشی ناڕوا، ڕێبین سووکایەتیی پێ دەکا. شێرکۆ بێکەس دەستی دەڕوا و خاوەنکاری ڕێبینیشە. ڕێبین نازناوی <گەورەترین شاعیری هاوچەرخ>ی پێ دەبەخشێ. خۆگیڤکردنەوە لە بێدەسەڵاتان و بە بالای دەسەڵاتداراندا هەڵگوتن، هەر لە فاشستەکان، لەهەر کوێ بن، چەکیان بە شانەوە بێ، یان قەڵەمیان بە دەستەوە بێ، دەوەشێتەوە.

2000. 06. 16

(١) چۆن لۆرکایان گوللەباران کرد؟ و. گوشاد حەمەسەعید، گۆڤاری هەڵاڵە، ل٢٢ ژ: ٤ و ٥ نەورۆزی ٢٠٠٠ ئەڵمانیا.

(٢) کاتێ ڕێبین هەردی دەبێتە (عەڕاب)یان! غفور صالح عبدالله، ئاینده، ژمارە: ٦ کانوونی دووەم ٢٠٠٠ سلێمانی.

(٣) کاتێ غەفور دەبێتە چاوساغیان، ڕێبین هەردی، ئاینده، ژمارە:٥ کانوونی یەکەم ١٩٩٩ سلێمانی.

شیعریش وەک ئایین لەگەڵ زانستدا ناکۆکە، بەڵام شیعر وەک ئایین وەڵامی پێ نییە، پرسیار دەورووژێنێ. ئایینیش وەک شیعر قسە لەتەک هەست و سۆزدا دەکا، نەک لەگەڵ عەقڵدا. ئایین و شیعر زادەی خەیاڵن، بۆیە لە ڕوانگەی لۆجیکەوە سەرنجیان نادرێ.

شیعر دەشێ ڕەنگدانەوەی نامۆیی ئینسان بێ، وەلێ ئایین، ئینسان لە خۆی نامۆ دەکا، ئاخر ئایین کارێ دەکا مرۆڤ کرۆکی خۆی بە خوا ببەخشێ. گەلێ جار ئایدۆلۆژیایش هەمان ڕۆڵ وازی دەکا. کەم نین ئەوانەی بروایان بە ئایین نییە، کەچی کۆیلەی ئایدۆلۆژیان. لای ئەوانە سەرۆک جێی خوا دەگرێتەوە.

ئایدۆلۆژیا کۆسپە لە بەردەم پەرەسەندنی ژیاندا، ئایین کۆسپێکی دژوارترە. لای ئێمە ڕەوتاری لایەنگرانی دەسەڵاتی ئیسلام هێندە دڕندانەیە، خەڵکی، ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی لەوان پێ باشترە. بە گوێرەی دەقی قورئان، خوا محەمەدی بۆ ئەوە ناردووە، ڕێگای ڕاست نیشانی ئەو خەڵکە بدا، نەک فەرمانڕەواییان بکا.

ئەوی ڕەخنەی لە ئاسمان نەبێ، لە زەمینیشی نییە، لە ئایینی نەبێ، لە یاسایشی نییە، لە شەریعەتی نەبێ، لە سیاسەتیشی نییە. ئایین کە دەبێتە ئایدۆلۆژیا و چاو دەبڕێتە دەسەڵات، ئیدی دژایەتیکردنی دەبێتە کارێکی پێویست، ئەگەرنا وەکوو تاک، هەر کەسێ کام ئایین هەڵدەبژێرێ و کوڕنووش بۆ کام خوداوەند دەبا، خۆی سەربەستە.

ئەگەر دژی دەسەڵاتی ئیسلام کاری مەزن ئەنجام نەدرێ، نەریتی مردووەکان هەر باری دژواری سەرشانی زیندووەکان دەبێ. چونکە لە کۆمەڵگای ئیسلامدا شتێک نییە ناوی سکاندالّ ‹ریسوایی› بێ، شەریعەت دەتوانێ دزێک بهێنێ و بیکا بە قازی. ئێستا کە ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان دڕندەترن لە جاران، ئەوە نیشانەی لاوازییانە، نەک بەهێزیی، ئاخر فۆکۆ گوتەنی: ‹دەسەڵات تا لاواز بێ، خۆی بە بەهێزتر نیشان دەدا.›

‹ژن لە سایەی ئیسلامدا پێش سەفەری بۆ گۆڕستان، لە دارتەرمدا دەژی.› لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ژن کۆیلەی پیاوە، بۆیە دەبێ هەمیشە بێ چەندوچوون گوێڕایەڵی مێردی بێ، ئاخر مارەبڕین جۆرێکە لە کۆیلایەتی، وەلێ ئەو پیاوەی گوێڕایەڵی ژنەکەی بێ، بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێ و هەر کۆمەڵێکیش ژن ڕێبەری

بێ، سەرکەوتنی مەحاڵە، بۆیە بە پێچەوانەی خواستی ژنەوە ڕەوتارکردن، مایەی پیت و فەڕە.

محەمەد هەمیشە لە خوا دەپاڕایەوە، لە بەڵای ژن و ئەشکەنجەی گۆڕ بیپارێزێ و پێی وا بوو بەدترین بەڵا لە دوای خۆیەوە بەجێ بمێنێ، ژنە. ئیمامی غەزالی وای بۆ دەچوو، وەک چۆن لەناو سەد قەلەڕەشدا، قەلێکی سک سپی هەیە، هەروایش لەناو سەد ژندا، ژنێکی چاک هەیە و دەیگوت: مەگەر تەنیا گۆڕ خەوشەکانی ژن دابپۆشێ. لای ئەم ژن تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاو لەدایکبووە، بۆیە ئەو کاتانەی کە ‹خوێنیشی شەپۆل دەدا،› پێویستە ئامادە بێت، بە دەست و پەنجەکانی ماری ئاڵۆشی مێردەکەی خپ بکات.

عەباسی کوڕی ئەحنەف دەڵێ:

وما الناس الا العاشقون ذوو الهوی

لا خیر فی من لا یحب و یعشق

کەچی بە لای محەمەدەوە ‹کە دژی المواقعە بوو، پێش الملاعبە و کە عائیشەی ماچ دەکرد، زمانیشی دەمژی،›* وردبوونەوەی پیاو لە جوانیی ژن، تیرێکە لە تیرەکانی ئیبلیس و کە ژن و پیاوێک لە شوێنێ دوو بە دوو پێکەوە دەبن، هەمیشە شەیتانیشیان لەگەڵدایە.

ئەگەرچی ئەوی دڵداری نەکردبێ، ژیانی لەکیس چووە، کەچی لە تێڕوانینی ئیسلامەوە ئافرەت مافی دڵداریکردنی نییە، وەلێ پیاو دەتوانێ چوار ژن مارەبکا، ‹ڕێکەوتووە محەمەد هاوزەمان یازدە ژنی هەبووبێ.› جێی سەرنجە لەو سوورەتەیشدا کە ناوی ژنانە، خوا ڕووی دەمی هەر لە پیاوە. دیارە ژن زۆر لەوە کەمترە کە خوای مەزن ڕاستەوخۆ ئامۆژگاریی بکات!

محەمەد ‹زەید›ی زڕپوزیندووی ناچار کرد، زەینەب تەڵاق بدات و خۆی مارەی کرد، کەچی بە گوێرەی دەقی قورئان، کەس بۆی نەبوو یەکێ لە ژنە زۆر و زەبەندەکانی ئەو دوای مردنیشی بخوازێ: ‹وما کان لکم ان تؤذوا رسول الله ولا ان تنکحوا ازواجه من بعده.›

محەمەد بێجگە لە دەرزەنێ ژن، لای کەم دوو کەنیزەکیشی هەبووە: ماریا و ڕێحانە، کە نەک هەر لەتەکیاندا دەنوست، بەڵکو کوڕێکیش کە ناوی نا ئیبراهیم و هەر بە منداڵی مرد، بەرهەمی پێوەندیی نێوانی خۆی و ماریا بوو.

محەمەد ئەگەرچی زۆر حەزی لە ژن بووە، کەچی گوتوویەتی: ‹سەرنجی بەهەشتم دا، زۆربەی خەڵکەکەی هەژاران بوون، سەرنجی دۆزەخم دا، زۆربەی خەڵکەکەی ژنان بوون.›

‹.. یخرج من بطونها شراب... فیه شفاء للناس.. النحل ٦٩› شەراب لەو ئایەتەدا: هەنگوینە، بەڵام لێکدانەوەی دیکەیش هەڵدەگرێ و دەقە پیرۆزەکان بە گشتی، بە

چەندین شێوەی  جیاواز لێکدەدرێنەوە. ئاخر دەق تەنیا یەک مانای دیاریکراوی نییە، تا تەنیا یەک لێکدانەوەیشی هەبێ. ئەدۆنیس گوتەنی: ‹قورئان تژییە لە پەخشانەشیعر،› یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەو دەقانەیش کە بە زمانێکی باڵا دەنووسرێن، ئەوەیە، دەشێ خراپ لێیان حاڵی ببین.

1999. 11. 07

* الجنس عند العرب ص١٣ ج ١ منشورات الجمل ١٩٩١ كولن المانيا

سەرچاوەکانی دیکە:

‹١› الحريم السياسى النبى و النساء فاطمه المرنيسى ط٢ دار الحصاد ١٩٩٣ دمشق

‹٢› الجنس كهندسه اجتماعيه فاطمه المرنيسى ط٢ نشر الفنك ١٩٩٦ الدار البيضاء

‹٣› الحب فى حضارتنا الاسلاميه فاطمه المرنيسى ط ١ الدار العالميه للنشر ١٩٨٤ بيروت.

**گولله و یاسا**

‹باوکه من یوسفم،
باوکه براکانم خۆشیان ناوێم،
باوکه نایانەوێ لە نێوانیاندا بم،
سووکایەتیم پێ دەکەن و بەر بەرد و جنێوم دەدەن.
دەیانەوێ بمرم تا ستایشم بکەن.
باوکە دەرگای ماڵەکەتیان بە ڕوودا داخستم،
لە کێڵگە دەریانکردم،
ترێکەمیان ژاراوی کرد و لێستۆکەکانمیان* شکاند.
کە شەماڵ گەمەی بە قژم کرد،
ئێرەییان پێ بردم و
هاتن بە گژمدا و بە ڕووی تۆیشدا هەڵشاخان.
من چیم لەوان کردووە باوکە؟
پەپوولەکان لەسەر شانم نیشتنەوە،
گوڵەگەنمەکان بە سەرمدا نوشتانەوە و
مەلان بەسەر دەستمدا هەڵفڕین.
من چیم کردووە باوکە؟
بۆچی من؟
تۆ ناوت نام یوسف و
ئەوان خستمیانە بیرەکەوە و بەسەر گورگیاندا هێنا.
گورگ لە براکانم دلۆڤانترە باوکە،
مافی کەسم پێشێلکرد کە گوتم:
یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بینی کوڕنووشیان بۆ بردم.›

باوکە من یوسفم، شیعرێکی مەحموود دەروێشە، بۆ یەکەمین جار لە کۆمەڵە هۆنراوەی ‹ورد أقل› دا، کە دەزگای بڵاوکردنەوەی توبقال لە مەغریب ١٩٨٦ چاپیکردووە، بڵاوکراوەتەوە. مەحموود دەروێش لەو شیعرەیدا ڕاستەوخۆ، وەلێ شاعیرانە، ئایەتی چواری سورەتی یوسفی: ‹اذ قال یوسف لابیه یا ابت انی رأیت احدعشر کوکبا و الشمس و القمر، رأیتهم لی ساجدین.› بۆ باسکردنی پێوەندیی نێوان فەلەستین و وڵاتە عەرەبییەکان بەگەڕخستووە.

ئەگەرچی لای محمد حسین فضل الله کە باوکی ڕووحی حیزبی خوای لوبنانە،

سوودوەرگرتنی شاعیر لە دەقی قورئان کارێکی پۆزەتیڤە، کەچی لە ڕوانگەی قازیی لێکۆڵینەوەی بەیرووتەوە، مارسیل خەلیفە چونکە ئاوازی بۆ ئایەتێکی قورئان داناوە و بە گۆرانییەوە گوتویەتی، بەمە سووکایەتی بە ئیسلام کردووە و دەبێ شەش مانگ تا سێ ساڵ زیندانی بکرێ!
پێ دەچێ ئیسلامە سازشخوازەکان بیانەوێ دەنگی دلێری مارسیل خەلیفە، کە دوا سەنگەری هونەری بەرەنگارییە، کپبکەن، ئەگەرنا شیعرەکە چواردە ساڵە بڵاوکراوەتەوە و هیچ ڕەخنەیەکیشیان لێی نەبووە، ئەگەرنا زۆر لە مێژە ئوم کەلسووم و سەباح فەخری، ئەمیان لە فیلمی ‹سەلامە›دا و ئەویان لە مووەشەحەکانیدا ئایەتی قورئانیان بە گۆرانییەوە گوتووە.
زۆربەی موسڵمانان نەخوێندەوارن و لە مەبەست و واتای قورئان تێناگەن، بۆیە کە بە تامەزرۆییەوە گوێی لێ دەگرن، تەنیا لەبەر پیرۆزیی دەقەکان نییە، بەشێکی گرنگیشی لەبەر دەنگخۆشی قورئانخوێنەکەیە. ئەگەر ئەو ماستە موویەکی تێدا نییە، بۆچی لێ ناگەڕێن مارسیل خەلیفەیش بە دەنگە کاریگەرەکەی تەنیا ئایەتێ لە سەرجەمی قورئان، بە گۆرانییەوە بڵێ؟
‹لا اکراه فی الدین. البقره ٢٥٦› وەک لە قورئاندا هاتووە زۆرەملێ لە ئاییندا نییە و هەر کاتێ خوا بخوازێ دەکارێ هەموومان یەکبخا: ‹لو شاء الله لجعلکم امه واحده. النحل١٩٣› کەواتە کە تا ئێستا خوا بە موسڵمانانی نەگوتووە: بە زەبری شمشێر ئەو خەڵکە هەمووی بهێننە سەر ڕێی ڕاستی ئیسلام! یان هەر خودی خۆی هێشتا هەمووومانی بە کونفەیەکونێ لە ژێر ڕەشماڵی ئوممەتی ئیسلامدا کۆنەکردۆتەوە، دیارە خۆی نایەوێ هەموومان بێنە سەر هەمان بڕوا و لایەنگری فرەلایەنی و فرەڕەنگی و فرەدەنگییە. کەوایە دژی ویستی خوای خۆتان مەبن و لێ گەڕێن با ئەو خەڵکە خۆی بڕیار بدات و ئەوی مینا ئێوە بیری نەکردەوە، وەکوو فەرهاد فەرەج بە زەبری گوللە مەیکوژن و ئەوی چەشنی ئێوە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی چۆڵنەکرد، وەک مارسیل خەلیفە بە زەبری یاسا دەمکوتی مەکەن.

1999. 10. 30

‹١› ورد اقل محمود درویش ص٧٧ دار توبقال للنشر ط٢ ١٩٩٠ الدار البیضاء.
‹٢› هوامش للکتابه د. جابر عصفور الحیاه ص١٩ لندن ٢٠- ١٠- ١٩٩٩
* لێستۆک: کەرەسەی یاری.

## جنێوی ئینگلیزی

بورخیس یەکێکە لەو نووسەرە مەزنانەی کە سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکانی سڕییەوە، شیعرەکانی لە چیرۆک و چیرۆکەکانی لە باسی فەلسەفە دەچن. منی بەستەزمانیش کە ئەوی دەینووسم نە شیعرە، نە چیرۆکە و نە وتار، کەچی دەشێ لای کەم خەسڵەتێکی هەر یەکێ لەو ژانرانەی تێدا بێ، ئەوە لێم تێکەڵ نەبووە، بە وریاییەوە ئەو کارە دەکەم، تکایە ئامۆژگاریم مەکەن!

قارەمانی ‹ماڵئاوایی لە شیعر› کە ساتیرێکی منە، واز لە شیعر دەهێنێ، خوو دەداتە چیرۆکنووسین. من حەمەسەعید قەرەداخیم، حەمەسەعیدێکی کەلاری هەستی بە جیاوازی نێوان چیرۆکنووس، چیرۆکبێژ و قارەمانی چیرۆک نەکردووە و پێی وا بووە ئەوی دەستبەرداری شیعر بووە منم، بۆیە ڕەخنەی ئەوەم لێ دەگرێ، کە شیعرم تەڵاق داوە و دواتر چوومەتەوە کنی! من ئەگەرچی هەمیشە لەگەڵ یاخیبوون و سەرکێشیدام، بەڵام هەرگیز پەلاماری گابەردێ نادەم کە تەواو لەوە دڵنیا بم، نەک هەر توانای هاویشتنی، بەڵکو هێزی بڵندکردنەوەیشیم نییە. لەم ڕوانگەیەوە من نایەم جنێوە کوردییەکانی ناو نووسینەکانی گۆڤاری ‹ڕابوون›ی کەمال میراودەلی بژمێرم، چونکە پێشەکی لەوە دڵنیام کە ئەو کارە دژوارەم پێ ناکرێ. ئەو ئیشە سەختە لە سنووری دەسەڵاتی تاکە کەس بەدەرە، مەگەر گرووپێک زاتی ئەوەی هەبێ بچێتە ژێر ئەو بارە قورسەوە. ئاخر ئەو ئیشە تەواو وەک ئەوە وایە پووش لە کا ببژێری.

گۆڤاری ڕابوون کەمال میراودەلی خۆی دەریدەکا، کەچی چاوپێکەوتنێک کە لەگەڵ خودی خۆیدا کراوە، لە گۆڤارەکەی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە. ڕەفیق سابیریش کە سەرنووسەری ڕابوونە، دوو کەسی ڕاسپاردووە ‹کە یەکەمیان یەکەم جارە بنووسێ و دووەمیشیان تەنیا لە ڕابووندا ناوی دێ› کە بە زێدەڕۆییەوە باسی چالاکییەکانی خۆی بکەن و هەر لە ڕابوونیشدا لەگەڵ وێنەی خۆیدا بڵاوی کردوونەتەوە.

تۆ لەو سەدان جنێوە کوردییە بگەڕێ کە کەمال و ڕەفیق بێ ئاگاداری هاشم کۆچانی ‹وەک خۆی دەڵێ› بە ڕووناکبیرانی دەدەن، بە ڕاست بە درێژایی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕووی داوە سەرنووسەر دوو کەس ڕابسپێرێ بە شان و باڵیدا هەڵبڵێن؟ یان ‹جێگری سەرنووسەر› چاوپێکەوتنێ بڵاوبکاتەوە کە لەگەڵ خۆیدا کراوە؟ ئایا ئەمە وەرچەرخانێک نییە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا؟ ئایا

جـێی خـۆی نیـیـە ئەم دەسـتـپـێـشـخـەری و قـەڵەمـبـازە بەرزە ، لە دیرۆکی ڕۆژنامەگەریماندا بە ناوی ئەو دوو سەربازە ناسراوەوە تۆمار بکرێ؟

ئەدونیس دەپرسێ: ‹ئایا دەشێت کەسانی بوغزلەسک، درۆزن و نەفسبچووک ببنە شاعیر؟ ئایا شیعر لە جەوهەردا بە ڕەوشتبەرزی و نـەجیبی عەقڵ و دڵەوە بەندە؟›

ئەم دوو پرسیـارەی ئەدونیس ڕەفیق سـابیر کردوونی بە کوردی و وەک سـەرگوتار لە لاپەڕە دووی ڕابـوونی ژمـارە ٢٥دا بڵاوی کـردوونەتەوە، منـیش هـەمــان ئەو دوو پرسیارە بە نیازێکی خاوێنەوە دەکەمەوە.

نووسـەری ڕاسـتـەقـینە پێـویسـتـە هـەمیـشـە بیـری لای ئەوە بێ، عـەرەب گـوتەنی تەجاوزی خۆی بکات. شاعیری گەورە دوای نووسینی چەندین کۆمەڵەشیعر، دەبێ بیر لە نووسینی شانۆنامەی شیعری بکاتەوە. چیرۆکنووس نابێ هەر لە بازنەی کورتەچیرۆکدا گیر بخوا، دەبێ هەوڵی ڕۆمان نووسینیش بدا. لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوە مشتومڕ هەڵنەگرەدا بوو، کەمال میراودەلی دوای ئەوەی سەدان جنێوی بە کوردی بە ڕووناکبیـران دا، هات لە دوا شـاکـاریدا، لە ژمـارە ٢٩ی ‹ڕابوون›دا تەجاوزی خۆی کرد و بە عەرەبیش چەندین جنێوی لە بابەتی: ‹تافیـه، سـەخیف، هـەزیل و حەقیر›ی بۆ ئەو نووسەرە کوردانەی وەک خۆی نین، ڕەوانەکرد.

cannibal کـانیـبـاڵ بەوانە دەگـوترێ کـە گـۆشـتـی ئینسـان دەخـۆن، بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی لەدەست نەدەم، دەبێ بڵێم کەمال لە هەمان چاوپێکەوتندا ئەم جنێوە ئینگلیزییەشی داوە، بەڵام بە عەلی کیمیاوی نا، بە شیوعییە کوردەکان، ئەوانەی بە قەولی شیرینی ئەو گۆشتی ئینسانی زیندوو دەخۆن!

2000. 04. 09

## ئاگرێکی بێ دووکەڵ

ئەشکم کە لەگەڵ عەشقمە تیفلێکی فەهیمە
هۆشـــم کە لەگەڵ خۆشـمە پیرێکی نەزانە
نالی

لە ‹پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک› دا فـەرهاد شـاکـەلی‹١› باس لە ئەزمـوونی شـیعریی خۆی، نوێکردنەوەی شـیعری کوردی، تاقمـی ڕوانگە، گرۆی کفری و گـەلێ شـتی دیکەیش دەکـا، من لـەم کـورتـەنووسـینەدا هـەندێ بروسکەسـەرنج سەبارەت بەو بیرەوەرییانەی دەردەبڕم.

فـەرهاد دەڵێ: ‹تاقمـی ڕوانگە لـە ڕووی تێگەیشـتنـی هونەری و نوێخـوازییـەوە، بە پێچەوانەی ئێمەوە ناشارەزا و نەخوێندەوار بوون. تەنیا یەک کەسیان تێدا بوو کە بێجگە لە کوردی زمانێکی دیکە بە ڕێکوپێکی بزانێ.›

بەوەدا سالّی ١٩٧٠ کە بانگەوازی ڕوانگە بڵاوبووەوە، فەرهاد قوتابیی پۆلی پێنجی ئامادەیی کـفری بووە، بەڵام دووان لە ڕوانگەییـەکان: حسێن عارف و کـاکەمـەم بۆتانـی، دەرچووی زانکۆ بـوون و جـێـدەسـتی یەکـەمـیـشـیـان بە نوێکردنەوەی چیـرۆکی کـوردییـەوە دیار بووە، دەشێ بۆچوونەکـەی فـەرهاد لە سـەرچاوەی کەپووبڵندییەوە هەڵبقوڵێ. شـیاوی گـوتنە فـەرهاد لە هەمـان نووسـیندا کەنعان مـەدحەتی پێ نووسـەرە و عـەبدوڵڵا عـەباسـیش: مـامۆسـتـا! مـحەمـەد مـاغـووت کە ڕۆڵێکی گرنگی لە نوێکردنەوەی شـیـعری عەرەبیدا گێڕاوە و هـەندێ جار ناخی لەتیف هەڵمەتیشی هەژاندووە، تەنیا هەر زمانی دایکی دەزانێ.

فەرهاد دەڵێ: ‹ئەگەر ئەو کاتە پارەم هەبووایە و دیوانەکەمم چاپ بکردایە، ئێستا مێژووی ئەدەبی کوردی بە جۆرێکی دیکە دەنووسرا.›

من پێم وایە گـۆزەی هـەبوونی لووتبـەرزیش وەک نەبوونی پارە، هەر لە سـەری نووسـینەوەی مـێژووی ئەدەبی کوردیدا دەشکێ. با هەندێ شـاعیر پێش گۆران هەوڵی بە چیای نوێکردنـەوەی شیعری کوردیدا هەڵگەڕانیشیـان دابێ، بەڵام ئاخۆ کەسیـان وەک ئەو گەیشـتنە لوتکە؟ ئایا شـیـعربوونی سروودی بارانی سـەییاب، پێوەندیی بە مێژووی لە دایکبوونەکەیەوە هەیە؟ ئەوە گرنگە، فلان بەرهەم شیعرە یان نا، بە چاوپۆشین لە مێژووی نووسینی.

ئەلیـەت پێی وایە ژیانی شـاعیر بریتییە لە دوو قۆناغ: یەکەمـیـان پێش بیست و پێنج ساڵی، کە جوانترین شیعری تێدا دەنووسێ و دووەمیان دوای بیست و پێنج ساڵی، کە با شـیعری قـووڵیشی تێدا بنووسێ، بەڵام هەر شـیـعرەکانی قۆناغی

یەکەمی خۆڕسکترن. لەتیف هەڵمەت چەندین کۆشیعری بڵاوکردۆتەوە، کەچی لای هەندێ ڕۆشنبیر، جوانترین شیعری لە بەرهەمی یەکەمی، لە ‹خوا و شارە بچکۆلەکەمان›دایە.

فەرهاد گلەیی ئەوە لە ڕوانگەییەکان دەکا کە: ‹پێوەندییان لەگەڵ سیاسەتمەداراندا کۆک بووە و هەر یەکەیان سەری لە حیزبێکەوە دەرهێناوە و دەستیشیان گەیشتۆتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.› کەچی خۆیشی  وەک خۆی نووسیویێتی، هەر ئەو سەردەمە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان بووە ، لە ‹بیری نوێ›ی حشع و دواتر ‹برایەتی›ی پدک دا کاری کردووە و دۆستی دەستڕۆیشتوویەکی وەک‹دارا تۆفیق›یش بووە.

فەرهاد ئەگەرچی بە وردی و درێژی چیرۆکی دەستپێکی ئەزموونی شیعریی خۆیی گێڕاوەتەوە، کەچی باسی ئەو دوو شیعرەی خۆیی نەکردووە، کە لە ‹ڕزگاری› و ‹کاری میللی›دا بڵاوی کردوونەتەوە.‹٢› تۆ بڵێی لەبەر ئەوە بێ، کە ئەو دوو گۆڤارە سەر بە ڕژێم بوون؟

فەرهاد دەڵێ: ‹چووم بۆ بەغدا، دەمویست سەری دۆکتۆری چاو بدەم، چونکە چاوم دەئێشا.› پارادۆکس ئەوەیە ژانەسکت هەبێ و بچیتە کن دۆکتۆری چاو، دەنا لە گومان بەدەرە، تەنیا ئەوانەی چاویان گل دەکا، سەر لە دۆکتۆری چاو دەدەن.

1999. 12. 30

‹١› ئەنتۆلۆگیا، ئامادەکردنی: خەبات عارف، ستۆکهۆڵم ١٩٩٩ بنکەی ڕەسەن.

‹٢› دەربارەی سەرەتاکانی شیعری خۆم، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری خەرمانە ژ:٩و١٠ کاترینەهۆڵم ١٩٩٣

ئەوی بە پلەی یەکەم لە هەر نووسینێکدا بە لای منەوە گرنگە، زمانی نووسینەکەیە. ئەگەر هەر لە پەرەگرافی یەکەمەوە تووشی هەڵەیەکی زەق هاتم، ئیدی تاقەتی خوێندنەوەی ئەو نووسینەم نامێنێ، با باسی گرنگترین مەسەلەیش بکا. دەڵێن هیتلەر بە ئەڵمانییەکی ئەوەندە جوان نووسیوێتی، ڕەخنەگرێ سەبارەت بە زمانی کتێبە بەناوبانگەکەی: خەباتی من، گوتوویەتی: سەگ چەند بەسەر پارچە ئێسکەکەی بەردەستیدا زاڵە، هیتلەریش بە هەمان شێوە کۆنترۆڵی زمانی ئەڵمانیی کردووە. سەرنجی ئەو زمانە باڵایە بدەن کە لێنین پێی نووسیوە، پڕە لە وێنەی شیعری، دەڵێن مەگەر پوشکینی باوکی ئەدەبی ڕووسی شان لە شانی بدات.
منیش پێم وایە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێویستە بە سزای ڕەوای خۆی بگات، بەڵام لەبەر ئەو زنجیرە تاوانە هەڵبەستراوانە نا، کە بریکاری وەزیری ناوخۆی پارتی فەرمانڕەوای سلێمانی دەست نیشانی کردوون، بەڵکو بەو تاوانە ڕاستەقینەیەی کە خەڵکانی سەر بەو لایەنە بە زمانێکی هێندە سەقەت دەنووسن، بەشداری لە پیسکردنی کانیاوی ڕوونی زمانی کوردیدا دەکەن. وەنەبێ زمانی نووسینی لایەنەکانی دیکەی کوردستان پوخت و ڕەوان بێ، بەڵام لەم بوارەدا هیچیان بە تۆزی پێی ئەو حیزبە ‹بە قەولی یەکێتی زماندرێژە›دا ناگەن.
سەرنجی ئەم کوردییە پۆخڵە بدەن کە لە هەولێر پێی دەنووسرێ:
فەرهاد عەونی لەبری حب الوطن من الایمان نووسیوێتی: خۆشەویستی نیشتمان لە ئایینەوەیە، ئەگەرچی ئیمان: باوەڕە، دین: ئایینە. ‹برایەتی ل‹٣› ١٤ی ٢ی ٢٠٠٠›
ڕۆستەم باجەلان نووسیوێتی: ‹هیچ کەس بۆی نییە بە ڕێگای ناپرۆژەییەوە دەسەڵات بۆ خۆی دابین بکا. ئێوارە گوڵان ل٨، ١٩ی٢ی٢٠٠٠›
project بە مانای پلان و پرۆژە دێ، نەک ڕەوا، بۆ ئەو ڕستەیە ناڕەوا ڕاستە.
غیر مشروع: ناڕەوایە نەک ناپرۆژەیی.
دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین نووسیوێتی: ‹بەر لەوەی پێ بنێینە ناو هەزارەی سێیەمی سەدەی نوێوە. برایەتی ل‹٣› ١٠ی ٢ی ٢٠٠٠› واتا هەزارەی سێیەم لای ئەم بەشێکە لە سەدەی نوێ، بە مەرجێ سەدە: سەد ساڵە و هەزارەیش لای کەم هەزار.

مەحموود پێماڵکی دەنووسێ: ‹کراسێک کە لە نەرمترین خوری دروست کرابێ، کە لە لەشی بەرخی جوانی دەربکێشن. برایەتی ئەدەب و هونەر ل‹٧› ١٨ی ٢ی ٢٠٠٠› پڕ بە دڵ بەزەییم بەو بەرخە جوانەدا دێتەوە کە تاڵ تاڵ بەشێ کراسێ ‹خوری› لە جەستەی ناسکی دەردەکێشن، ئاخر لەگەڵ دەرکێشانی هەموو تاڵێکدا جەرگی ژان دەکا. ئەدی نەدەکرا بە بڕینەوە، هەڵپاچین، یان شاعیرانە بەدەم شانەکردنێکی هێمنی بەرخە جوانەکانەوە، بەشی کراسێ بەرگن نەک خوری ‹ئاخر تووکی بەرخ بەرگنی پێ دەگوترێ› پەیدا بکەین؟

کەشناسی meteorology زانستێکە باس لە ناسین و پێشبینی کردنی بار و دۆخی ئاووهەوا دەکا، کوردسات تیڤی لە کۆتایی پرۆگرامەکانیدا باسی کەش weather دەکات، کەچی دەنووسێ: کەشناسی!

2000. 03. 24

ڕەخنە: تەنیا خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقێک نییە، بەڵکو ڕۆنانی تەلاری دەقێکی نوێیە، لەسەر بناغەی دەقی بەسەرکراوە. دەشێ دەقێکی نوێ دەنگدانەوەی دەقێکی دێرین بێ، بەڵام ڕەخنە دەنگدانەوەی هاواری دەقێک نییە، هاوارێکی دیکەیە. هەر ڕەخنەگرێ لە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە دەق دەهێنێتە گۆ، دەیکاتەوە و بە دیوی ناوەوەیدا شۆڕدەبێتەوە. نابینا کەسێکە تەنیا ئەو شتانە ببینێ کە بە چاو دەبینرێن، ڕەخنەگر تەنانەت ئەگەر وەک تەها حسێن کوێریش بێ، هەر بەرچاوی خوێنەر ڕۆشن دەکاتەوە.

مەهداوی دەیگوت عێراقییەکان ئەو وشانەش دەخوێننەوە کە کوژاونەتەوە. ئەو ڕەخنەگرەی تەنیا سەرقاڵی لێکدانەوەی ئەو وشانە بێ، کە دەقەکەیان پێکهێناوە، ئەوە لێنین گوتەنی: لەو پشیلەیە دەچێ کە بە دەوری قاپێک شۆربای گەرمدا دەسووڕێتەوە، بەڵام دەمی بۆ نابات. ڕەخنەگر دەبێ پەی بە دنیای ئەو دیوی وشەکان ببات.

ڕەخنەگر ئەگەر زاتی نەکرد بە ڕاشکاوی هەموو شتێ بڵێت، چاکتر وایە بێدەنگ بێت. هەموو دەسەڵاتێک ئەو بەرهەمانە پەسەند دەکا، کە ئاو بە ئاشی ئایدۆلۆژیای خۆیدا دەکەن، ڕەخنەگر نابێ گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ، دەبێ دژی سەرکوتگەر بێ، ئیدی قەشە بێ یان مەلا، سەرەکتیرە بێ یان سکرتێری حیزب، پۆلیس بێ یان دۆکتۆری دەروونناس.

بە پێی لێکدانەوەی لیڤی شتراوس ئەفسانە شێوە گوتارێکە دابڕاو لە گێڕەرەوەکەی، بەڵام ڕۆلان بارت مەبەستی لە مەرگی نووسەر ئەوە نییە، کە نووسەر لە دەقەکەیدا بزرە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، ڕەخنەگری بونیادخواز بایەخ بە نووسەری دەق نادات. با ڕەخنەگر باس لە نووسەری دەقیش نەکا، بەڵام ناتوانێ نووسەر لە دەقەکەی جیابکاتەوە. کێ دەتوانێ ‹بۆ هیوای کوڕم› بخوێنێتەوە و ‹گۆران›ی باوک لەو شیعرەدا نەبینێ؟

ڕەخنەگریش وەک هەر نووسەرێکی دیکە لە ناو نووسینەکانیدا دەژی و بێلایەنیش نییە، دەشێ نووسەرێکی خۆشبوێ، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی زادەی خۆشەویستی نییە. ڕۆژانە باوکان کوڕیان دەمرێ و باوکیش نییە کوڕی خۆی خۆش نەوێ، کەچی تەنیا گۆران شینێکی نەمر بۆ مەرگی کوڕەکەی دەگێڕێ. کەواتە ئەو دەقە باڵایە تەنیا بەرهەمی خۆشەویستی نییە. نە ئەوینێکی بێ سنوور و نە ڕقێکی

ئەستووریش، هیچ کامیان ناتوانن ببنە هەوێنی لە دایکبوونی ڕەخنەیەکی ئەدەبی.
ڕەخنەی ئەدەبیش وەک هەر بەرهەمێکی دیکە کارێکی داهێنەرانەیە.
ڕەخنەگر دەقەکە دەکاتە پێوانە، نەک پێوەندیی خۆی بە نووسەری دەقەکەوە. ‹پێم بڵێ کێ لەسەر کێی نووسیوە، پێت دەڵێم چۆنی لەسەر نووسیوە.› ئەوی لە ڕوانگەی پێوەندیی چاک یان خراپی نێوان خۆی و نووسەری بەرهەمەکەوە، بڕوانێتە بەرهەمەکە، ڕەخنەگر نییە، یان شایەرە و چاوەڕێی شاباشی نووسەری بە نارەوا ستایشکراوە، یان قەڵەمکێشە و بە هیوای بەخشیشی نەیارانی نووسەری بە ناهەق پەلاماردراوە، یان هاوزەمان ئەمیشیانە و ئەویشیان.
1999. 12. 27

بەرهەمەکانم بەم ناونیشانە داوا دەکرێن:.

Hamasaeid Hassan
Vasa v. 20 B
641 32 Katrineholm
SWEDEN

## بەرهەمی چاپکراوی نووسەر

**کۆمەڵە شیعر**
تاڤگە و بنار ١٩٧٨
سەمای گوڵاڵەسووره ١٩٨٧
هەڵەبجە غەززەی خەمناکە ١٩٨٨
لە سایەی چەقۆدا ١٩٩٠
پەپوولە پاییزە ١٩٩٣
هاژە ١٩٩٦
نووسین بەبێ وشە ١٩٩٩
**ساتیر**
بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور ١٩٩١
دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم ١٩٩٨
هونەری ڕاوەژن ٢٠٠٠
**ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**
وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ١٩٧٩
ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٢
سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٩٢
شیعر و هەڵوێست ١٩٩٤
یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ١٩٩٤
گۆرانییە باڵنەکراوەکان ١٩٩٤
شیعر و تەور ١٩٩٨
زەردەخەنەی هەنسک ٢٠٠٠
نامەیەک لە هەولێرەوە ٢٠٠٠
**وەرگێڕان لە سوێدییەوە**
کورتەی مێژووی سوێد ١٩٩١
کورتەی جوگرافیای سوێد ١٩٩٢
چاوشارکێ ‹چیرۆکی منداڵان› ١٩٩٣

حەمەسەعید حەسەن

# زەردەخەنەی هەنسک

**حەمەسەعید حەسەن**

‹نایلۆن لە ئاوریشم تازەترە بەڵام ئاوریشم جوانترە، تەنەکە لە زێڕ نوێترە بەڵام زێڕ بە بایەخترە.›

دەقە پووچ و بێ ماناکانی ئەو شاعیرە ‹نوێخوازانە› کە پشتیان کردۆتە خوێنەر و سووکایەتیی پێ دەکەن، لە چاو ئاوریشمی شیعری نالیدا نایلۆنن و بە بەراورد لەگەڵ زێڕی شیعری گۆراندا تەنەکەن.

تەنیا ئەوانە دەتوانن دەقی نوێ بەرهەم بهێنن کە شارەزای ئەدەبی دێرینن. ئەوی دەسەڵاتی بەسەر زمانێکدا نەشکێ، چۆن دەتوانێ داهێنانی تێدا بکا. گۆران کە دەقی نوێی بە زمانێکی نوێ نووسیوە، بە زمانە دێرینەکەیش دەقی مەزنی وەک: ‹تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە

# THE SMILE OF SOBBING

HAMASAEID HASSAN

# زەدەخەنەی هەنسک

STOCKHOLM

2000

ISBN 91-972097-9-1